کەبات XEBAT

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5826) پێنج شەممە 12ی ئەیلوول 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

نێچیرڤان بارزانی داکۆکی لە پێکەوەژیان و لێبووردەیی و یەکترقبوولکردن دەکاتەوە

نێچیرڤان بارزانی: پارتی دەرفەتی سەرکەوتنی گەورەی لەپێشە کە دەتوانێت داهاتوویەکی باشتر بۆ گەلی کوردستان دەستەبەر بکات



سەرۆک بارزانی پێشوازی لە جێگری نێردەی تازەی ئەمەریکا لە عێراق دەکات



دوێنێ چوارشەممە 2019/9/11 لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە برایان مەکفیتێرز، جێگری نێردەی تازەی ئەمەریکا لە عێراق کرد.
لە دیدارەکەدا کە ستیڤ ڤیگن کونسوڵی ئەمەریکا لە هەولێر ئامادەی بوو، سەرەتا جێگری نێردەی تازەی ئەمەریکا لە عێراق خۆشحاڵیی خۆی بە دیدارەکە ڕاگەیاند و وێڕای بەرزنرخاندنی ڕۆڵی سەرۆک بارزانی لە پرۆسەی سیاسیی عێراق و ناوچەکەدا، ڕایگەیاند کە هاتوون تێڕوانینی سەرۆک بارزانی لەبارەی کۆی دۆخی ئێستای عێراق و ناوچەکە و پەیوەندییەکانی هەرێم و بەغدا، ببیستن. لە دیدارەکەدا بە درێژی باسی گفتوگۆکانی نێوان هەرێم و بەغدا کرا و سەرۆک بارزانی جارێکی دیکە جەختی کردەوە کە پشتیوانیی دیالۆگ دەکەن بۆ چارەسەری کێشەکان لەسەر بنەمای دەستوور. هەروەها دۆخی سیاسیی ناوچەکە و هەڕەشەکانی داعش خرایە بەر باس.

(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

ئەنجوومەنی وەزیران بە سەرۆکایەتیی مەسرور بارزانی کۆبۆوە و کۆمەڵێک بڕیاری دەرکرد

ئەمڕۆ شاندێکی حکوومەتی هەرێم لەگەڵ پەرلەمانی کوردستان کۆدەبێتەوە

لیژنەیەکی تایبەت پێکدەهێنرێت بۆ هەڵسەنگاندنی سەرژمێریی 2020 و خستنەڕووی داخوازییەکانی کوردستانییان بە هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکانەوە



دوێنێ چوارشەممە 2019/9/11 کۆبوونەوەی هاوبەشی خستەڕوو. لە کۆبوونەوەکەدا سەرەتای ئامادەکردنی پێنجشەممە 2019/9/12 دووەمی کۆبوونەوەکەدا، وەزیری ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان و فراکسیۆنە کوردستانییەکانی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی فیدراڵ و ئەندامانی لیژنەی دارایی لە فراکسیۆنە کوردستانییەکان کە ڕۆژی 8ی ئەیلوول لە هەولێر بەسترا شاندێکی حکوومەتی هەرێم لەگەڵ پەرلەمانی کوردستان کۆدەبێتەوە بۆ خستنەڕووی داتا و زانیاریی پێویست لە بارەی گفتوگۆی نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵ. لە بڕگەی یەکەمی ڕێککەوتنامەکەدا هاتووە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەرپرسیارێتی هەیە شاندێکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدا بکات بە مەبەستی گفتوگۆ و ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری سەبارەت بە پرسی بودجە و بەشداری هەرێمی کوردستان لە قۆناخی ڕەشنووسی بودجەی2020 لە لایەن وەزارەتی دارایی فیدراڵ. هەروەها بانگهێشتی لیژنەکانی (دارایی، نەوت و گاز، یاسایی) لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقیش بۆ هەرێمی کوردستان بکرێت. ئەمڕۆ پلاندانان ڕاپۆرتێکی سەبارەت بە پرۆژەی سەرژمێری لە عێراق پێشکەشکرد کە بڕیارە ساڵی 2020 ئەنجامبدرێت. وەزیری پلاندانان تیشکی خستە سەر لایەنەکانی ئەم پرۆژەیە و ئامادەکارییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ. لە کۆبوونەوەکەدا ڕێککەوتنامەیەکی تایبەت پێکبهێرێت بۆ هەڵسەنگاندنی پرۆژەی سەرژمێریەکە بەرەچاوکردنی بەرژەوەندی کوردستانییان بە هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکانەوە. لە کۆتاییدا، کۆبوونەوەکە گفتوگۆی لە بارەی میکانیزمی نوێ بۆ ڕێککخستنەوەی باج.

لە ساڵیادی هەڵگیرساندنیدا..

شۆڕشی ئەیلوول چەتری کۆکەرەوەی خەباتی تێکڕای کوردستانیان



شارەوانیی هەولێر ئاگادارییەک لەبارەی مۆڵەتپێدانی خانوو بڵاوەکراوەکان

6

مۆبایل و ئینتەرنێت پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لاواز دەکەن یان بەهێز؟



یانەی خانزاد ئامادەیە پێشوازی لەو هەنگاوە بکات

یەکێک لە دیارترین شارەزای فێربوونی شەترەنجی قوتابخانەکانی جیهان ئامادەیی نیشانداوە سەردانی هەولێر بکات



سەرۆک بارزانی پێشوازی لە جێگری نێردەی تازەی ئەمەریکا لە عێراق دەکات

سەرۆک بارزانی: پشتیوانیی دیالۆگ دەکەین بۆ چارەسەری کێشەکان لەسەر بنەمای دەستوور

جێگری نێردەی ئەمەریکا: هاتووین تێڕوانینی سەرۆک بارزانی لەبارەی کۆی دۆخی ئێستای عێراق و ناوچەکە و پەیوەندییەکانی هەرێم و بەغدا ببینین



دوێنێ چوارشەممە 2019/9/11 لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە بڕیان مەکفیتێرز، جێگری نێردەی تازەی ئەمەریکا لە عێراق کرد.

لە دیدارەکەدا کە ستیڤ ڤیگن کونسوڵی ئەمەریکا لە هەولێر ئامادەی بوو، سەرەتا جێگری نێردەی تازەی ئەمەریکا لە عێراق خۆشحاڵیی خۆی بە دیدارەکە ڕاگەیاند و وێڕای بەرزنرخاندنی ڕۆڵی سەرۆک بارزانی لە پڕۆسەی سیاسیی عێراق و ناوچەکەدا، ڕایگەیاند کە هاتوون تێڕوانینی سەرۆک بارزانی لەبارەی کۆی دۆخی ئێستای عێراق و ناوچەکە و پەیوەندییەکانی هەرێم و بەغدا، ببیستن.

لە دیدارەکەدا بە درێژی باسی گفتوگۆکانی نێوان هەرێم و بەغدا کرا و سەرۆک بارزانی جارێکی دیکە جەختی کردەوە کە پشتیوانیی دیالۆگ دەکەن بۆ چارەسەری کێشەکان لەسەر بنەمای دەستوور. هەروەها دۆخی سیاسیی ناوچەکە و هەڕەشەکانی داعش خرایە بەر باس.

سەرۆک بارزانی ڕایگەیاند کە ئەگەرچی داعش لەڕووی شەڕی بەرەییەوە شکاوە، بەڵام لەناو نەچووە و خەریکی خۆڕێکخستنەوەن. هەروەها تەئکیدی کردەوە کە داعش هەڕەشەیە بۆ سەر هەموولایەک، بۆ هەندێ لا هەڕەشەی نزیک و بۆ هەندێکی تر هەڕەشەکە دوورمەودایە، ئەو هۆکارانەش کە داعشیان دروست کرد وەکخۆیان ماون و چارەسەر نەکراون.

هەر لەو کۆبوونەوەیەدا دوا پێشهاتە سیاسییەکانی عێراق و ناوچەکە و بارودۆخی کەرکووک و ناوچەکانی ماددەی 140 تاوتوێکرا. بارودۆخی سووریا تەوەرێکی تری ئەو دانیشتنە بوو و سەرۆک بارزانی نیگەرانی و تێبینییەکانی خۆی لەسەر بارودۆخ و داهاتووی گەلی کورد لە سووریا بە شاندی میوان ڕاگەیاند.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان و جێگری نێردەی ئەمەریکا دۆخی عێراق تاوتوێ دەکەن

نێچیرڤان بارزانی: هەولێر و بەغدا خواستیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان هەیە



بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان پیرۆزباییی دەستبەکاربوونی لە بەڕێز برایان مەکفیتێرز جێگری نوێی نێردەی ئەمەریکا لە عێراق کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست.

لە کۆبوونەوەیەکدا هەردوولا پەیوەندیی ئەمەریکا لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان، پرسی نەوت و ناوچە جێناکۆکەکان و گرنگییان بۆ سەقامگیریی عێراق و دیالۆگی تەکنیکیی هەرێمی کوردستان و عێراقیان گفتوگۆ کرد.

لە کۆبوونەوەکەدا کە پاشنیوەڕۆی دوێنێ چوارشەممە 2019/9/11 لە هەولێر بەڕێوەچوو و بەڕێز ستیڤ ڤاگن کونسوڵی گشتیی ئەمەریکا لە هەرێمی کوردستان ئامادەی بوو، بەڕێز مەکفیتێرز خۆشحاڵیی خۆی بە سەردانی هەرێمی کوردستان دەربڕی و پابەندیی وڵاتەکەی بە کارکردن لەگەڵ حکوومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان دووپاتکردەوە بۆ بنبڕکردنی تیرۆر و گەڕانەوەی سەقامگیری بۆ ناوچە جیاکانی عێراق و هەماهەنگیی بەغدا و هەولێر لە بواری ئاسایشدا.

هەردوولا دۆخی ئێستایان هەڵسەنگاند و بیروڕایان دەربارەی پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا ئالوگۆڕ کرد.

لەمبارەیەوە سەرۆک نێچیرڤان بارزانی ئاشکرای کرد کە هەردوولا خواستیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان هەیە و شاندەکان سەردانی یەکترییان کردووە، هەروەها چڕکردنەوەی زیاتری هەوڵەکانی لەمبارەیەوە بە پێویست و گرنگزانی.

جوتیار عادل: حکوومەتی عێراق 80 ملیار دۆلار قەرزداری هەرێمی کوردستانە

هەرێمی کوردستان بەگوێرەی دەستوور نیازی ڕێککەوتنی لەگەڵ حکوومەتی عێراق لەسەر سەرجەم کێشەکان هەیە



گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، هەفتەی داهاتوو شاندێکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدا دەکات، بە مەبەستی گفتوگۆ و ئالوگۆڕکردنی زانیاری سەبارەت بە پرسی بودجە و بەشداری هەرێمی کوردستان لە قۆناخی سەرەتای ئامادەکردنی ڕەشنووسی بودجەی ساڵی 2020 لە لایەن وەزارەتی دارایی فیدراڵ. هەروەها بانگهێشتی لێژنەکانی دارایی، نەوت و گاز و یاسایی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیش بۆ هەرێمی کوردستان بکرێت.

بەگوێرەی کوردستان24 جوتیار عادل، گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند: هەرێمی کوردستان بە گوێرەی دەستوور نیازی ڕێککەوتنی لەگەڵ حکوومەتی عێراقی فیدرال لەسەر سەرجەم کێشەکان هەیە. سەبارەت بە ئامانج و کارنامەی سەردانی شاندەکەش عادل ئاشکرای کرد، پرسگەلێک هەن، کە پێویستە بۆ چارەسەری لەگەڵ بەغدا تاوتوێ بکرێن، گرنگترینیان پرسی بودجە و ئەو کێشانەن کە تا ئێستا لە نێوان هەولێر و بەغدا بە هەڵواسراوی ماونەتەوە.

لەبارەی پڕۆژەی سەرژمێریش لە عێراق، کە بڕیارە ساڵی 2020 ئەنجام بدرێت گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، لێژنەیەکی تایبەت بۆ هەڵسەنگاندنی پڕۆژەی سەرژمێرییەکە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی کوردستانییان بە هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانەوە پێکدەهێندرێت و گوتی: لەبارەی سەرژمێرییەوە ئێمە داوای جێبەجێکردنی ماددەی140 دەکەین.

لەبارەی دابەشکردنی سووتەمەنی بۆ وەرزی سەرما، گوتەبێژی حکوومەت گوتی: بڕیارە 259 ملیۆن لیتر نەوتی سپی بەسەر هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستاندا دابەشبکرێت. هاوکات ئاماژەی بەوەشدا، حکوومەتی هەرێم پلانی بۆ پێداچوونەوەی سیستەمی باج لە هەرێمی کوردستان هەیە و لە داهاتوویەکی نزیکدا دەست بە جێبەجێکردنی هەنگاوەکان لەمبارەیەوە دەکەن. جوتیار عادل ڕاشیگەیاند، بەگوێرەی ئەو بەڵگەنامانەی لەبەردەستن، حکوومەتی عێراق 80 ملیار دۆلار قەرزداری هەرێمی کوردستانە.

سەردانی شاندی باڵای پەرلەمان بۆ لای حزب و لایەنە سیاسییەکان بەردەوامە



لەدرێژەی سەردان و کۆبوونەوەکانی لەگەڵ حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بەمەبەستی دروستکردنی کۆدەنگی لەسەر مەسەلەی نوسینەوەی دەستوور و کۆمەڵێک پرسی چارەنووسساز، نیوەڕۆی دوێنێ چوارشەمە 2019/9/11 شاندێکی باڵای پەرلەمانی کوردستان بەسەرۆکایەتیی د.ڕێواز فایەق سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و منی نبی قەهوەچی سکرتێری پەرلەمان سەردانی حزبی شیوعیی کوردستان و کۆمەڵی ئیسلامیان کردو لەلایەن د.کاوە مەحمود سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی و ژمارەیەک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی حزبەکە و مامۆستا عەلی باپیر ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان و ژمارەیەک لە ئەندامانی حکومەتی ناوەند. سەبارەت بە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق-یش داوایان کرد کە سەرجەم لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بەیەک لیست بەشداری لەو هەڵبژاردنەدا بکەن. لەلایەن خۆیانەوە سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی و ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعیی کوردستان خۆشحاڵیی خۆیان بەو هەنگاوە گرنگەی پەرلەمانی کوردستان بۆ لای حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان نیشاندا و هەوڵی پشتیوانیی تەواوی خۆیان بۆ پڕۆسەی چاکسازی و نوسینەوەی دەستووری هەرێمی کوردستان دەربڕی، هاوڕاشبوون لەوەی لەم خولەی پەرلەمان و پڕۆژەی چاکسازیی حکومەتی هەرێمی کوردستان و یەکڕیزیی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی خەڵکی کوردستانی بوو، هەموو چین و توێژەکانی کوردستانی بوو و ئافرەتان لەو شۆڕشەدا جێگەی شانازی و بایەخە. ئەندازیاران و پزیشکان و مامۆستایان و فەرمانبەران و کرێکاران و جووتیاران بەشدار و کارا بوون.

چینی ڕۆشنبیران بە نووسەران و هونەرمەندان و ڕۆژنامەنووسانەوە لەناو شۆڕشدا بوون یان لەناو شارەکانەوە پشتگیرییان لە شۆڕش دەکرد، بۆیە شۆڕشەکە مەزن و مەزنتر دەبوو و داگیرکەرانی کوردستانی هێنابووە سەرچۆک.

قەرەداغی، دەڵێت: زۆر بە ڕاشکاوی و خاترجەمییەوە دەڵێم، هەر دەستکەوتێک کە ئێستا لە باشووری کوردستان بەدەستهاتووە، بناغەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شۆڕشە مەزنە و بارزانیی نەمر، کە ساڵی 1970 ئۆتۆنۆمیی بۆ کورد لە دەستووری عێراقدا چەسپاند و ئەو هەوێنە ئێستا گەیشتۆتە حکوومەتێکی فیدراڵی و ئاکامیش دەگاتە سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان لەسەر دەستی سەرۆک و ڕابەر مەسعود بارزانی.

مەهاباد قەرەداغی: بارزانی بوو بە گەورەترین ڕەمزی میژووی نەتەوەیەک

هەر دەستکەوتێک کە لە باشووری کوردستاندا بەدەستهاتووە بناغەکەی بۆ شۆڕشی ئەیلوول و بارزانیی نەمر دەگەڕێتەوە



مەزنی ئەیلوول بناغەی ڕێبازی کوردایەتیی دانا، بۆیە بارزانی بوو بە گەورەترین ڕەمزی میژووی نەتەوەیەک، تا کورد هەبێت؛ کوردایەتیش بەرەوی دەبێت؛ بۆیە بارزانی و شەهیدانی شۆڕشی ڕزگاریخوازیی کوردستان وەک شانازییە هەرە مەزنەکانمان لە کۆیادی نەتەوەی کوردا دەمێننەوە.

ئەو نووسەر و ڕووناکبیرە ڕوونیشی کردەوە: گرنگیی شۆڕشی ئەیلوول لەوەدا بوو، شۆڕشێکی سەرتاسەریی بوو، هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردستانی تێدا بەشدار بوون. ڕۆڵی کاریگەری قوتابیان و لاوان و شانازی و بایەخە. ئەندازیاران و پزیشکان و مامۆستایان و فەرمانبەران و کرێکاران و جووتیاران بەشدار و کارا بوون.

چینی ڕۆشنبیران بە نووسەران و هونەرمەندان و ڕۆژنامەنووسانەوە لەناو شۆڕشدا بوون یان لەناو شارەکانەوە پشتگیرییان لە شۆڕش دەکرد، بۆیە شۆڕشەکە مەزن و مەزنتر دەبوو و داگیرکەرانی کوردستانی هێنابووە سەرچۆک.

قەرەداغی، دەڵێت: زۆر بە ڕاشکاوی و خاترجەمییەوە دەڵێم، هەر دەستکەوتێک کە ئێستا لە باشووری کوردستان بەدەستهاتووە، بناغەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شۆڕشە مەزنە و بارزانیی نەمر، کە ساڵی 1970 ئۆتۆنۆمیی بۆ کورد لە دەستووری عێراقدا چەسپاند و ئەو هەوێنە ئێستا گەیشتۆتە حکوومەتێکی فیدراڵی و ئاکامیش دەگاتە سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان لەسەر دەستی سەرۆک و ڕابەر مەسعود بارزانی.

نێچیرڤان بارزانی داکۆکی لە پێکەوەژیان و لێبووردەیی و یەکترقبوولکردن دەکاتەوە

نێچیرڤان بارزانی: پارتی دەرفەتی سەرکەوتنی گەورەی لەپێشە کە دەتوانێت داهاتوویەکی باشتر بۆ گەلی کوردستان دەستەبەر بکات





دەبێت پارتی پەیوەندییەکانی لەنێو حزب و دامەزراوە فەرمییەکاندا ڕێکبخاتەوە بە جۆرێک ببێتە نموونەی حوکمڕانییەکی مەدەنیی پێشکەوتوو

سەرلەبەیانیی دوێنێ 2019/9/11 بە ئامادەبوونی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەشداریی ژمارەیەک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی، بەرپرس و ئەندامانی ئەنجوومەنەکان، مەکتەب و لقەکان و کادیرانی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە بارەگای ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێری پارتی کۆنفرانسی (پارتی لەنێو گۆڕانکارییەکاندا، هەڵسەنگاندنێک بۆ ئێستا و نەخشەڕێگایەک بۆ داهاتوو) بەڕێوەچوو کە لەلایەن سەنتەری دیراسات و توێژینەوە و ئەکادیمیای پارتییەوە، بە هاوکاریی کۆمەڵێک شارەزا و پسپۆڕ لە بواری جیاوازەکان ڕێکخرابوو.

لە کۆنفرانسەکەدا بەڕێز جێگری سەرۆکی پارتی وتەیەکی پێشکەش کرد و تیایدا ڕێکخستنی کۆنفرانسەکە و ناوەڕۆک و بابەتەکانی لە گرنگیدان بە ڕێکخستن و خۆڕێکخستنەوە بە شێوەیەکی گونجاو لەگەڵ ئەرک و بەرپرسیاریەتیی ئەم قۆناغە و قۆناغەکانی ئایندەدا، بە گرنگ لە قەڵەم دا.

بەڕێزیان ئاماژەی بە ڕۆڵ و کاریگەریی ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی قوتابیان، لاوان و ئافرەتان کرد کە تێڕای هەرە زیندوو و کاریگەری کۆمەڵگەن و زامنی بەردەوامی و نوێبوونەوەن، هەروەها جەختی لە کارکردن بۆ حوکمڕانییەکی دروست، پەیوەندییەکی باش لەگەڵ کۆمەڵگە و هەبوونی پرۆگرامی بەڕێوەبردنی لە ئاست متمانەی خەڵکدا، کردەوە.

بەڕێزیان دووپاتی کردەوە کە پارتی دەرفەتی سەرکەوتنی گەورەی لەپێشە و دەتوانێت داهاتوویەکی باشتر بۆ گەلی کوردستان دەستەبەر بکات و وەک نموونەش سااڵنی سەختی ڕابردووی بیرهێنایەوە کە وێڕای هەموو ئەو ئاڵۆزی و ئاستەنگەکان پارتی توانی لە چوارچێوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا لە پاراستن و بنیاتنانەوەی وڵات و بەرەوپێشبردنی هەرێمی کوردستان، لە هەموو ڕوویەکەوە ڕۆڵی پێشەنگ و کاریگەری خۆی ببینێت و ببێتە پارێزەری کوردستان و دەستکەوتەکانی گەلی کوردستان.

بەڕێز جێگری سەرۆکی پارتی هەروەها جەختی لە گرنگیی قوواڵکردنەوەی گیانی پێکەوەژیان و لێبووردەیی و یەکترقبوولکردن لەنێو سەرجەم پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستاندا و نەبوونی ململانێ سیاسییەکان بە هۆی دڵەڕاوکێ و نیگەرانیی هاوواڵتیان کردەوە.

ئاماژەی بەوەش دا کە پارتی وەک حزبێکی حوکمڕان و کاریگەر لە دامەزراوە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان دەبێ پەیوەندییەکانی لەنێو حزب و دامەزراوە فەرمییەکاندا ڕێکبخاتەوە بە جۆرێک لە خزمەتی بەرەوپێشچوونی حوکمڕانییەکی سەردەمیانە و سەرکەوتوودا بێت لە کوردستان و ببێتە نموونەی حوکمڕانییەکی مەدەنیی پێشکەوتووی مایەی ڕەزامەندیی هەموو خەڵکی کوردستان.

بەڕێزیان داوای لە کادیرانی پارتی کرد بە هەمان گیانی پێشوو لە تێپەڕاندنی سەختی و قەیرانەکان، پشتگیری لە کابینەی (9)ی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بکەن و هەموو خۆیان بکەنە خزمەتکردنی خەڵکی کوردستان.

نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە پۆڵۆنیا بەشداری کۆڕبەندی ئابووریی سااڵنە دەکات

نوێنەری حکوومەت لە دوو پانێڵدا هەڵوێستی هەرێمی کوردستانی خستەڕوو



خەبات: هاوار موڕتکەیی

زیاد ڕەئوف نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە پۆڵۆنیا لە بیست و نۆیەمین خولی کۆڕبەندی ئابووری لە شاری کرینیچە لە وڵاتی پۆڵۆنیا بەشداری کرد.

ئەو کۆڕبەندە یەکێکە لە گەورەترین کۆنفرانسی سیاسی و ئابووری لە ناوەڕاست و ڕۆژهەاڵتی ئەورووپا و بەڕێوەدەچێت بە بەشداریکردنی زیاتر لە 4000 بەشداربووان کە پێکدێن لە سیاسەتمەداران و پسپۆڕانی کاروباری ئابووری و وەزیر و سەرۆکوەزیران و دیپلۆماتکاران و سەرۆکی کۆمپانیا زەبەاڵحەکان و ڕۆژنامەنووسان لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە.

زیاد ڕەئوف بە دریژایی چەندین ساڵە بەشێوەیەکی بەردەوام یەکێکە لە بەشداربووانی ئەو کۆڕبەندە ئابووریە و وەکو هەموو ساڵێک ئەم ساڵیش لە دوو پانێلدا بەشدار بوو و زنجیرەیەک کۆبوونەوەی دووقۆڵی ئەنجامدا بە مەبەستی گفتوگۆکردن لەسەر بارودۆخی هەرێمی کوردستان و عێراق و ناوچەکە و بە ئامانجی گەیاندنی هەڵوێستی حکوومەتی هەرێمی کوردستان.

لە کۆبوونەوەی لەگەڵ ڤیتۆزل کۆزڵۆفسکی سەرۆکی هەرێمی ماوڵۆڤۆڵسکا باسی هاوکاری مرۆیی و هەماهەنگی زانستی و ڕۆشنبیری کرا، جێگای ئاماژەیە کە مەتران بەشار وەردەش ئامادەبوو لە کۆبوونەوەکە کە یەکێک بوو لە بەشداربووانی کۆنفرانسەکە و لەمیانی پانێل و کۆبوونەوەکاندا تیشکی خستە سەر ڕەوشی مەسیحییەکان لە شاندی بازرگانیان بۆ هەرێمی کوردستان کە لە پاییزی ئەمساڵ لەلایەن نوێنەرایەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە پۆڵۆنیا و ژووری بازرگانی لە پۆڵۆنیا ڕێکدەخرێت.

لە سێ ڕۆژی بەڕێوەچوونی کۆڕبەندەکەدا زیاد ڕەئوف لە دوو پەنێلدا بەشداریکرد، یەکەمیان لەژێر ناونیشانی ئایا سیستەمی جیهان بەرەو ناڕێکی و فەوزا دەچێت؟. نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر تیشکی خستە سەر ڕەوشی ڕۆژهەاڵتی ناوەڕاست و هۆکارەکانی، هەروەها هوشداری ئەوەی دا کە مەترسی فەوزا و ناڕێکییەکی زۆر هەیە لەم ناوچەیەدا و هۆکارەکانی دەگەڕێتەوە بۆ مللمانێی زلهێزە جیهانییەکان و هێزە هەرێمییەکان و ڕۆژهەاڵتی ناوەڕاست بە گشتی و عێراق و کوردستان بە تایبەتی و داوای یارمەتی و پشتگیریکرد بۆ ئاوارەکان لە هەرێمی کوردستان و هاوکاریکردنی زانکۆی کاتۆلیکی لە هەولێر کە بە پاڵپشتی و یارمەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دامەزراوە.

خۆشحاڵی خۆیان دەربڕی بۆ هەماهەنگی لەنێوان زانکۆی کاتۆلیکی لە هەولێر و زانکۆی کاتۆلیکی لە پۆڵۆنیا و تایبەت هەرێمی ماڤۆڵسکا، هەروەها بەڕێزیان داوای پرۆگرامی سکوڵەرشیپیان کرد بۆ قوتابیانی هەرێمی کوردستان.

لەمیانی کۆبوونەوەکەدا زیاد ڕەئوف داوای لە کۆزڵۆڤسکی کرد کە گەورە بازرگانانی هەرێمی ماڵۆڤۆڵسکا هانبدرێن بۆ بەشداریکردن لە سەردانی بەرژەوەندییەکانیان، هەروەها بۆ نارێکی و ناعەدالەتی لە دابەشکردنی ناوچەکە، سەد ساڵ پێش ئێستا کە مافی زۆر نەتەوەی پشتگوێخست، بۆ نموونە نەتەوەی کورد. هەروەها زیاد ڕەئوف جەختی لەسەر ئەوەش کردەوە کە میللەتی کورد هیچ کاتێک پاشەکشەی نەکردووە لە مافەکانی تا ئەمڕۆش و بەڵگە لەسەر ئەم قسەیە ڕیفراندۆمی ساڵی 2017.

ئاماژەی بەوەشدا کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لێکدانەوەی هەڵەیان هەبووە لەسەر ئەم ریفراندۆمە، هەرێمی کوردستان بە هیچ شێوەیەک نابێت بە ئامرازێک بۆ تێکچوونی ڕەوشی ناوچەکە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە هەرێمی کوردستان بە هەموو شێوەیەک ئامرازێک بووە بۆ سەقامگیریی ناوچەکە بۆ نموونە هێزەکانی پێشمەرگە ئەفسانەی داعشیان تێکشکاند و هەرێمی کوردستانیش بووە شوێنی حەوانەوەی 1,800,000 ئاوارە. هەر لە درێژەی کۆڕبەندی ئابووری، نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە پۆڵۆنیا چەندین کۆبوونەوەی ئەنجامدرا لەگەڵ پەرلەمانتارانی پۆڵۆنیا و یەکێتیی ئەورووپا و نوێنەرانی حکوومەتە خۆجێییەکان و دیپلۆماتکاران و بازرگانان و نوێنەرانی سێکتەری ئابووری.

دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دامەزراندنی تەلەفزیۆن و ڕادیۆی دەروازە پیرۆز دەکات

پاڵپشتی و پشتیوانیی تەواوی خۆمان دووپات دەکەینەوە بۆ سەرکەوتنی زیاتر لە کارەکانتان

بەبۆنەی 15هەمین ساڵیادی دامەزراندنی تەلەفزیۆن و ڕادیۆی دەروازە، دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەیامێکدا گەرمترین پیرۆزبایی خۆی ئاڕاستەی بەڕێوەبەر و ستافی بەڕێوەبردن و کادیر و کارمەندانی تەلەفزیۆن و ڕادیۆی دەروازە و بینەران و بیسەرانی تەلەفزیۆن و ڕادیۆی دەروازە دەکات. ئەمەش دەقەکەیەتی:

هەڤاڵانی بەڕێز/ بەڕێوەبەر و ستافی بەڕێوەبردن و کادیر و کارمەندانی تەلەفزیۆن و ڕادیۆی دەروازە..

بەبۆنەی (15) هەمین ساڵیادی دامەزراندنی(تەلەفزیۆن و ڕادیۆی دەروازە) گەرمترین پیرۆزبایی خۆمان ئاڕاستەی ئێوەی بەڕێز و بینەران و بیسەرانتان دەکەین، ئومێدەوارین هەمیشە بەردەوام بن و لە پێشکەوتندابن. دامەزراندنی (تەلەفزیۆن و ڕادیۆی دەروازە) وەکو دوو کەناڵی ڕاگەیاندنی ناوخۆیی بەر لە 15 ساڵ لەو دەڤەرە ئاڵیزەدا، دەسکەوتێکی دیکەی گرنگی پارتیمان بوو بۆ خزمەتگەیاندن بە بواری ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیریی کوردی. هیواداین ئێوەش شانبەشانی کەناڵەکانی دیکەی ڕاگەیاندن لە ڕێی بەرنامە و پرۆگرامەکانتانەوە ڕۆڵی شیاوی خۆتان ببینن لەڕووی هۆشیارکردنەوە و پێشکەوتنی کۆمەڵگە و زمان و کولتووری ڕەسەنی کوردایەتی. هەمدیسان پاڵپشتی و پشتیوانی تەواوی خۆمان بۆ (تەلەفزیۆن و ڕادیۆی دەروازە) دووپات دەکەینەوە و بەهیواین ساڵی داهاتوو زیاتر پێشبکەون و سەرکەوتنی زیاتر لە کارەکانتان بەدەست بێنن و وەکو هەمیشەش دەنگ و ڕەنگی هاووڵاتیان بن.

دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان

2019/9/11

نوێنەرایەتیی هەرێم لە ڕووسیا وردەکاریی سەردانەکەی لاقڕۆف بۆ هەولێر دەخاتەڕوو

کاربەڕێکەری نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕووسیا وردەکاریی هاتنی وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتەی بۆ هەرێمی کوردستان ئاشکرا کرد. دانەر ئەبوبەکر، کاربەڕێکەری نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕووسیا بە خەباتی ڕاگەیاند: ڕۆژی 6/10/2019 سێرگی لاقڕۆف، وەزیری دەرەوەی ڕووسیا، سەردانی عێراق دەکات و دواتر سەردانی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان دەکات. ڕوونیشی کردەوە، ئامانج لە سەردانەکە، پتەوکردنی دۆستایەتیی هەرێم و ڕووسیا و بەهێزکردنی پەیوەندیی ئابووری و سیاسی و دۆستایەتیی نێوان هەردووالیە. گوتیشی: ”ئەم سەردانە بەسەردانێکی یەکجار گرنگ دادەنرێت، چونکە ڕووسیا ڕۆڵێکی بەهێز لە ناوچەکەدا دەگێڕێت. بە گوتەی دانەر ئەبوبەکر، ئەگەر هەیە بۆ ڕۆژانی 7و 8ی مانگی 10ی 2019 سێرگی لاقڕۆف، وەزیری دەرەوەی ڕووسیا سەردانی هەرێمی کوردستان بکات و چاوی بە سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان بکەوێت. پێشتر میخائیل بۆگدانۆف، جێگری وەزیری دەرەوەی ڕووسیا و ڕایگەیاندبوو، سێرگی لاقڕۆف، وەزیری دەرەوەی وڵاتەکەی مانگی داهاتوو سەردانی هەرێمی کوردستان دەکات. میخائیل بۆگدانۆف ئاماژەی بە پەیوەندییەکانی هەولێر و موسکۆ کردووە و ڕایگەیاندووە، ”ڕووسیا پەیوەندییەکی مێژوویی لەگەڵ کوردستاندا هەیە .“

بڕیارە سێرگی لاقڕۆف لەگەڵ سەرۆک بارزانی و هەریەک لە نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کۆ دەبێتەوە.

وتارو راپۆرتەکانتان لەسەر ئەم ناونیشانە بنێرن: yasinheja@yahoo.com

پێنج شەممە 2019/9/12 ژمارە (5826)

www.xebat.net

خەبات

مونا قەهوەچی: لایەنەکان پشتیوانیی خۆیان بۆ هەنگاوەکانی پەرلەمان دەربڕی



دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان دەستیان کردووە بە سەردانیکردنی هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و یەکەم سەردانیشیان بۆ لای سەرۆک بارزانی بوو، دواتریش سەردانی مەکتەبی سیاسیی پارتی و رۆژی دووشەمەش سەردانی یەکێتی و یەکگرتوو و بزووتنەوەی گۆڕانیان کرد، سکرتێری پەرلەمانیش دەڵێت، بەردەوام دەبن لە سەردانەکانیان بۆ لای تەواوی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و دەیانەوێت لایەنەکان پشتگیری لە هەنگاوەکانی پەرلەمان و حکوومەت بکەن.

مونا قەهوەچی، سکرتێری پەرلەمانی کوردستان، بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی: وەکو دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان، دەستمان کردووە بە سەردانیکردنی هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان، بە مەبەستی دروستکردنی کۆدەنگی لەسەر کۆمەڵێک بابەتی چارەنووسساز، لەوانەش دیالۆگ لەگەڵ بەغدا بۆ بەدەستهێنانی مافە دەستوورییەکانی هەرێم و هەروەها هەماهەنگیی زیاتر بکرێت لە نێوان پەرلەمانی کوردستان و نوێنەرانی کورد لە بەغدا و هانی لایەنە سیاسییەکان بدرێت بۆ ئەوەی بە یەک لیست بەشداری لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان بکەن، لەگەڵ پرۆژەیاسای چاکسازی و، نووسینەوەی دەستووری هەرێمی کوردستان، کە دەمانەوێت لەم خولەدا ببینە خاوەنی دەستوور، بۆ ئەم مەبەستەش داوامان کردووە زەمینەسازییەک دروستبکرێت و پالپشتمان بن.

قەهوەچی ڕاشیگەیاندووە: لە رۆژانی داهاتووشدا بەردەوام دەبین لە سەردانەکانمان و، ئەو لایەنانەی سەردانیشمان کردوون، دەستخۆشییان لێمان کردووە، کە کار بۆ ئەم پرسە نشتیمانی و گرنگانە دەکەین و، پشتیوانیی خۆشیان دەربڕی بۆ هەنگاوەکانی دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان و پرۆژەیاسای چاکسازی و نووسینەوەی دەستووری هەرێمی کوردستان، کە دەمانەوێت لەم خولەدا ببینە نووسینەوەی دەستووری هەرێمی کوردستان، هاوڕاش بوون لەگەڵمان لەسەر ئەوەی پێویستە پرسە نشتیمانییەکان لە سەرووی بەرژەوەندیی حزبەکانەوە بێت.

سکرتێری پەرلەمانی کوردستان باسی لەوەشکرد، وەکو پەرلەمان ئەولەوییەت دەدەن بە پرۆژەکانی حکوومەت. گوتیشی: هەماهەنگییەکی باش لە نێوان پەرلەمان و حکوومەتدا هەیە و لە ئێستاشدا حکوومەتی هەرێم کار لەسەر ژمارەیەک پرۆژەیاسای گرنگ دەکات و لەنێویشیاندا پرۆژەیاسای چاکسازییە و داوامان کردووە یەکەم پرۆژەیاسا بێت حکوومەت بۆمانی ڕەوانە بکات، کە ئەولەویەتی پێدەدەرێت لەلایەن خەڵکی کوردستان و لایەنە سیاسییەکانەوە، هەر کاتێکیش حکوومەت پرۆژەی چاکسازیمان بۆ ڕەوانە بکات، لە پەرلەمان کاری لەسەر دەکەین، بۆ ئەوەی خەڵکی هەرێمی کوردستان سوودمەند بن لەم جۆرە پرۆژەیاسایانە.

وەزیری کۆچ و کۆچبەرانی میسر بۆ خەبات:

سەردانی هەولێر دەکەم بۆ ئەوەی لە ڕۆڵ و ئەزموونی ئافرەتانی کوردستان شارەزابم

بوونی کونسوڵخانەی میسر لە هەولێر نیشانەی گرنگیی کوردستانە لای کۆماری میسر و سەرۆک عەبدولفەتاح سیسی



دیمانە- مەریوان نەقشبەندی

لە یەکەم دیمانەیدا بۆ میدیایەکی کوردستان وەزیری کۆچ و کاروباری میسریەکان لە دەرەوەی وڵات خۆشحاڵی خۆی بۆ بارودۆخی ئافرەتانی کوردستان لە پەرلەمان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان و ڕێکخراوەکانی ئافرەتان دەربڕی و بەڵێنیدا سەردانی هەرێمی کوردستان بکات. خاتوو نەبیلە مەکرەم پێشتر بالێۆزی وڵاتەکەی بووە لە بەرازیل و ئەمەریکا و ئیماراتی عەرەبی و ساڵی 1991 کۆلێژی ئابووری و سیاسەتی تەواوکردووە و زۆربەی ئەرکەکانی لە سلکی دیپلۆماسی بەسەربردووە.

خاتوو نەبیلە مەکرەم وەزیری کۆچ و کاروباری میسریەکان لە دەرەوەی وڵات لە دیمانەیەکی تایبەت لەگەڵ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: بۆ یەکەمجار سەردانی هەرێمی کوردستان دەکەم و لە ڕێگەی سەردانەکەمەوە دەمەوێت پشتگیری خۆم بۆ هەرێمی کوردستان و ئافرەتانی کوردستان دەربڕم.

*** ئێستا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کێشە و ملمالانێیەکی کۆن و نوێی نێوان ئەمەریکا و ئێران لە ئارادای ، ئایا ئەو ملمالانێیە دوای گەمارۆی سەر فرۆشتنی نەوتی ئێران دەبێتە هۆی هەڵگیرساندنی جەنگ لە نێوانیاندا؟**

- لەوانەیە جەنگێکی بە وەکالەت ڕوو بدات، دەبینین دوای خستنەخوارەوەی فڕۆکەیەکی ئەمەریکی لەلایەن ئێرانەوە هیچ لە پرسەکەی نەگۆڕی، جگە لە توندترکردنی گەمارۆکان بەسەر میلیشیاکانی حزبوڵاڵای لوبنانی و هەندێک لە هاو ئاوازەکانیان، هەروەها هەندکیان لەوانە لە ئاستی وەزارەتدا بوون، وێڕای چەند گرووپێکی حەشدی شەعبی سەر بە ئێران لەوانە ڕەیان کەلدانی سەرکردەی کەتائیبی بابلیێن یان لیوا50 هەروەها گرووپی وعەد قەدۆ سەرکردەی سەهل نەینەوا کە بە لیوای 30 ناسراوە، لەملاشەوە گرووپ و میلیشیاکانی سەر بە حوسییەکان ئەوانەی سەر بە ئێرانن، بەڕای من ئێران ناخوازێت شەڕ لەگەڵ ئەمەریکا بکات، چونکە ئەمەریکا پەیوەندی بەهێزی هەیە، لە سەدەکانی ڕابردوودا تاوەکو ئێستا بەهۆی داگیرکەرانەوە دەناڵێنێت، چەندین دەوڵەت لەسەر خاکەکەیان دروستکرا، وەک زۆر لە گەلانی دیکە، بۆ نموونە ئەمەریکا لە بنەڕەتدا خاکی هندە سوورەکانە، بەڵام ئەمەریکا مووچە و بودەجەیانی نەبڕی، ژیانیان پارێزراوە، هەروەها ئوسترالیا کە من ماوەیەک لێی ژیاوم، وەک قوتابی لە شارێک بووم بە ناوی (ئایبۆراجانال) کە شوێنی ڕاستەقینەیان بووە ، لە پاڵ ئاڵای ئوسترالیا، ئاڵای ئەوانیش هەڵدراوە. کورد زۆر هەوڵیداوە کە لەگەڵ ئەو کۆمەڵگایانە خۆی بگونجێت، بەڵام پێچەوانەوە، هەمیشە هەوڵی سڕینەوەی دەدەن، ئەوەتا ئەردۆغان کوردان زیندانی دەکات و ئێرانیش لە سێدارە، هەوڵی گۆڕانی دیمۆگرافی ڕۆژئاوا دەربێت، لە باشووریش (عێراق) کورد بەردەوام دەیەوێت خۆی بسەلمێنێت، بەڵام لەلایەن ناوندەوە هەڕەشەی بەردەوامی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێی ئێراندا هەیە.

*** کورد گەلێکی ڕەسەنی ناوچەکەن، بەشێوەیەکی گشتی بڕچوونت سەبارەت بەپرسی کورد چیپە؟**

- کورد گەلێکن میژوویان هەیە، لە سەدەکانی ڕابردوودا تاوەکو ئێستا بەهۆی داگیرکەرانەوە دەناڵێنێت، چەندین دەوڵەت لەسەر خاکەکەیان دروستکرا، وەک زۆر لە گەلانی دیکە، بۆ نموونە ئەمەریکا لە بنەڕەتدا خاکی هندە سوورەکانە، بەڵام ئەمەریکا مووچە و بودەجەیانی نەبڕی، ژیانیان پارێزراوە، هەروەها ئوسترالیا کە من ماوەیەک لێی ژیاوم، وەک قوتابی لە شارێک بووم بە ناوی (ئایبۆراجانال) کە شوێنی ڕاستەقینەیان بووە ، لە پاڵ ئاڵای ئوسترالیا، ئاڵای ئەوانیش هەڵدراوە. کورد زۆر هەوڵیداوە کە لەگەڵ ئەو کۆمەڵگایانە خۆی بگونجێت، بەڵام پێچەوانەوە، هەمیشە هەوڵی سڕینەوەی دەدەن، ئەوەتا ئەردۆغان کوردان زیندانی دەکات و ئێرانیش لە سێدارە، هەوڵی گۆڕانی دیمۆگرافی ڕۆژئاوا دەربێت، لە باشووریش (عێراق) کورد بەردەوام دەیەوێت خۆی بسەلمێنێت، بەڵام لەلایەن ناوندەوە هەڕەشەی بەردەوامی لەسەرە.

*** بەوپێیەی شارەزای لە پرسی کوردە، ئایا ڕێگای دیپلۆماسییەت تەنها ڕێگایەکە بۆ ئەوەی گەلی کورد لەسەر خاکی خۆی بە ئارامی بژی؟**

- ناخۆشترین بابەت بۆ کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا ئەوەیە کە سنووریان لەگەڵ وڵاتانێکدایە کە هیچ تێگەیشتیان بۆ کاری دیپلۆماسیی نییە، دیپلۆماسییەت بە واتای گفتوگۆ، بەڵام ئەم وڵاتانە بڕوایان پێی نییە، بەڵام بەهۆی حیکمەت و سەرکردایەتیی سەرۆک مەسعود بارزانی بابەتەکە لە عێراق پێچەوانەیە، دەبینین ڕێگای نێوان هەولێر و بەغدا دوای هەڵبژاردن تا ئێستا بووەتە سەفا و مەروا بۆ سەرکردەکانی عێراقی.

*** هەرێمی کوردستان و پاشانشینی سعودییە پەیوەندی و هاریکاری نێوانیان هەیە، بە بڕچوونی تۆ چی بکرێت بۆ پێشخستنی ئەم پەیوەندییە مێژوویە؟**

- لە ساڵی 2018وە شاسەلمان و محەمەد کوڕی سەلمان بۆچوونیان وابوو بەرانبەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەک ئەوروپا سەیر بکرێت، لێردا چەندین هەنگاو نرا بۆ هەرێمی کوردستان، بەهۆی ئەوەی ناوچەیەکی گرنگە، شاندێکی گەورەی بازرگانی بە سەرۆکایەتیی مامۆستا سامی کوڕی عەبدولاڵای عوبەیدی سەردانی هەولێری کرد، لە بۆنەیەکدا ئاماژەی بە ڕۆڵی هەرێمی کوردستان کرد کە هەموو پالپشتیەک بۆ وەبەرهەمهێنان هەیە، هەروەها بە گرنگیزانی زیاتر ئەم هەماهەنگییە پێشبخرێت، ئەوەی لام گرنگ بوو یەکێک لە ئەندامانی شاندەکە ئەوەی ڕوونکردەوە کە پێوویستە بەرهەمەکانی هەرێمی کوردستان ڕاستەوخۆ بگاتە بازاڕەکانی سعودییە، ئەمەش بەڵگەیە بە گرنگی سعودییە بە هەرێمی کوردستان.. لە دانیشتێکیدا بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە ئەوکات سەرۆکی حکوومەت بوو ، بە شاندەکەی ڕاگەیاند کە هەموو ئاسانکارییەک بۆ پەرەپێدانی وەبەرهەمهێنان بۆ پیاوانی کاری سعودی دەکات، ئەوەی من لە پیاوانی کاری سعودی گۆبیستبوومە هەرێمی کوردستان ناوبانگێکی باشی هەیە لە وەبەرهەمهێنان ،چونکە خاکەکەی بە پیتە.

*** لە ئایندەدا ئارەزووی ئەوە دەکەیت ببیە بالێۆزی سعودی یاخوود لە سلکی دیپلۆماسی لە هەرێمی کوردستان کار بکەیت؟**

- هەر ئەو کاتانەی دەستم کرد بە خوێندنەوە و دواتر نووسین لەسەر پرسی کورد، چوومە نێو بواری دیپلۆماسییەت، هەوڵمدا کورد و عەرەب لە یەکتر نزیک بکەمەوە، بەشداریم لە زۆر بۆنەی نەتەوەیی کورد کردووە، بۆ نموونە نەورۆز کە لە سعودیە و کەنەدا و ئوسترالیا سازدەکران، ئەمانەش بۆ زیاتر پتەوکردنی پەیوەندیی نێوانمان، هەروەها بەو ئومێدەم کۆمەڵەیەکی دۆستانەی نێوان هەرێمی کوردستان و سعودییە دامەزرێنم، کە بۆ ناسینی کولتوور و دابونەریت، هەروەها هەماهەنگی و ئالوگۆڕی بازرگانی بە مەبەستی دروستکردنی ئاسانکاری و زانیاری و گەشکردن بۆ هەردوولادا بەسوودبێت، سەبارەت بە دیپلۆماسییەتی فەرمی متمانەیەکی تەواوم بە بەڕێز عەبدولونعم عەبدولڕەحمان سالح قونسلی ئێستا هەیە، هەر کاتێکیش دەوڵەت من یان هەر کەسێکی دیکەی دەستنیشانکرد، بەخۆشحاڵییەوە قبوڵی دەکەم، لێردا خزمەت بە دەوڵەت و پاشای خۆم دەکەم، هەروەها خزمەت بە هەرێمی کوردستان دەکەم کە ماڵی دووەمە، دوای ئەوەی لەسەردەمی شا سەلمان دا ئافرەت توانی ڕۆڵی خۆی ببینێت، دوور نییە ببێتە واقیع لە ئایندەدا، ئەوەتا پاشا ژن ڕێگا کچی بەندەر بووە یەکەم باڵێۆز لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، بەواتا دوور نییە من یان هەر کەسێکی دیکەی ئافرەت لە دواڕۆژدا ببینە باڵێۆزی سعودیە لە هەرێمی کوردستان.

لە درێژەی قسەکانیدا بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: بەنیازم سەردانی هەرێمی کوردستان بکەم بۆ شارەزابوون لە ڕۆڵ و ئەزموونی ئافرەتانی کوردستان، جگە لەوەش زانیاریم هەیە کە ژمارەیەکی زۆر هاوواڵاتی میسری لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا لە کاری جۆراوجۆردا بەشداری لە پرۆسەی بونیادنانەوەی عێراق دەکەن و بوونی کونسوڵخانەکەشمان لە هەولێر نیشانەی گرنگی کوردستانە لە لای کۆماری میسر و سەرۆک عەبدولفەتاح سیسی.

ئەم وەزیرە میسریە لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: بوونی ئافرەت بەرێژەیەکی گونجاو لەناو هەر دامەزراوەیەکی یاسادانان یان جێبەجێکردن نیشانەی زیندوویی ئەو کۆمەڵگەیەیە و منیش یەکێکم لە کۆی هەشت وەزیری ئافرەت لەناو حکوومەتی میسریدا کە جێگەی تەقدیری سەرۆک و خەڵکی میسرین.

عەبیر جەبار ئەلمالکی، نووسەری سعودی و شارەزا لە پرسی کورد:

کورد گەلێکن مێژوویان هەیە

هەرێمی کوردستان ماڵی دووەممە

کورد سنووری لەگەڵ وڵاتانێکدایە کە هیچ تێگەیشتنێکیان بۆ کاری دیپلۆماسی نییە

سعوودیە بە گرنگییەوە دەڕوانێتە هەرێمی کوردستان

دیمانە- یونس حەمەد- ئۆسلۆ

دوای ئەوەی پرسی کورد توانی سنوورەکانی بەزنێت و ببێتە پرسێکی گرنگ و کاریگەر لە ناوچەکەدا، لێردا چەندین کەسایەتیی سیاسی و پسپۆڕ وەک شارەزا لە پرسی کورد توانیان لە نزیکەوە لەگەڵ گەلی کوردستان تێکەڵ و ئاشنا بن، هەروەها شارەزاییەکی باش لەم پرسە گرنگەی جیهاندا وەربگرن.

عەبیر جەبار ئەلمالکی نووسەری سعودی کە لە هەمانکاتدا دەرچووی ئەکادیمی دیپلۆماسییە و شارەزایە لە پرسی کورد سەبارەت بە دوا ڕووداوەکانی ئەمڕۆی جیهان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و کوردیش بە تایبەتی لە دیمانەیەکی تایبەتدا بۆ ڕۆژنامەی خەبات تیشکی خستەسەر ڕووداو و دواپێشهاتەکان، سەرەتا بە ئاڵۆزییەکانی یەمەن، هەروەها کێشەی نێوان ئێران و ئەمەریکا، وێڕای کێشە بەردەوامەکانی فەلەستین و ئیسرائیل، دواجاریش ئاماژی بە پرسی کورد دەستی بە گفتوگۆکەمان کرد.

*** لەم ماوانەی دواییدا زۆر کێشە لە سووریا ، هەروەها لە یەمەن سەریانهەڵدا، لێردا سعودیە ڕۆڵێکی گرنگ و هەڵوێستیشی لەم کێشاندا هەبوو، ئایا بەڕای تۆ ئەم ملمالانێیانە تەنها بە کاری دیپلۆماسی بە کۆتا دێت؟**

- ملمالنێ سیاسییەکان لە هەموو شوێنێکی جیهاندا بوونیان هەیە ، لێردا کاری دیپلۆماسی دەبێتە هۆکار بۆ کۆتاییهێنان بەم ملمالنێیانە ، مەبەستیش تا زیاتر ڕووداو و کێشەکان بەرفراوانتر نەبن، بەڵام دیپلۆماسییەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەتوانم بڵێم شێوەیەکە لە خەیاڵ بە تایبەت ئەگەر لایەنێکی کێشەکان بڕوای پێ نەبێت، پاشانشینی سعودییە ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاوی لە جیهاندا بە تایبەت لە جیهانی ئیسلامیدایە هەیە ، هەر لە سەرەتاوە هەوڵی چارەسەری کێشەکانی سووریا و یەمەنی دا و کەناڵە دیپلۆماسییەکانی خۆی بەکارهێنا بۆ چارەسەرکردن، هەر ئەوەش وای کرد سعودیە سەرەتا ئامۆژگاری بەشار ئەسەد بکات، ئەوەبوو دووجار شا عەبدوڵا ڕەحمەتی لێبێت نوێنەری نارد لای و ڕێنمایی کرد، بەتایبەت ئەوکات کەوا سەرەتای دەستپێکردنی ئاڵۆزییەکانی سووریا بوو لە شاری دەرعا ، ئەگەرچی سەرەتا بەشار ئەسەد بەڵێنیدا چارەسەری کێشەکان بکات، بەڵام دووبارە دەستی کردەوە کوشتن و بڕین، بۆ جارێکی دیکەش شا عەبدوڵا نوێنەری تایبەتی نارددووە، ئەمجارەشیان ئەسەد بەڵێنی چاکسازی دا، کە ئەم چاکسازییانە پێوویستیان بە پرسی ئابووری هەیە، شا عەبدوڵا 200 ملیۆن دۆلاری وەک یارمەتی بەپەلەی نارد بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، بەڵام هیچ کاری پێنەکرا، یارمەتییەکان لای بەشار مانەوە و کێشەکانیش ئاڵۆزتر بوون، هەوڵدرا بە تۆندی چارەسەر بکرێ، دواتر میرنیشنی قەتەر دەستی گەیشت و هاوکاری دارایی بۆ گرووپە چەکدارەکان وەک داعش و نەسرە نارد، لەملاشەوە تورکیا وێستی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەم ڕێگایەدا زیندوو بکاتەوە.. هەروەها سەبارەت بە یەمەن سعودییە ئامۆژگاری عەلی عەبدوڵا سالحی کرد، بەوەی دەسەڵات جێهێلێت، شوێنی حەوانەوەی بۆ دابینکرد، بەڵام چاوی سالح بۆ کورسیی دەسەڵات وای لە حوسییەکان کرد کودەتا بەسەر شەرعییەتدا بکەن، هەر ئەم هۆکارە بووە بەرپەرچدانەوە و دروستبوونی هاوپەیمانی بەناوی عاسیفە ئەلحەزم، ئێمە بڕوای پتەومان بە کاری دیپلۆماسییەت هەیە، بەڵام دیپلۆماسییەت تاکلایەنە ناکرێت، ئەوەتا ئێستا لە یەمەن دوو لایەن هەیە، حوسییەکان و شەرعییەت، ئەوەی دوایی بڕوای بە گفتوگۆ و دیپلۆماسییەت هەیە، بەڵام حوسییەکان بەپێچەوانەوە بیر لە گفتوگۆ ناکەنەوە، بیریان لای ویلایەتی فەقییە، جا لێردا دیپلۆماسییەت بە یەک لایەن نابێت، بەڵکو ئەرکی دوو لایەنەیە کە بڕوایان بە گفتوگۆ و کاری دیپلۆماسی هەبێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان.

*** وەک دەزانین ئێران ڕۆڵێکی باش نابینێت لە پرسەکاندا، ئایا تاکەی دەترانێت ئەم ڕۆڵە ببینێت؟**

- ئایا ئێران تووانیویەتی ڕۆڵێکی پۆزەتیڤ بگێڕت، لە 1979وە تەلارسازی بوونی نەبووە، نە قوتابخانە دروستکراوە، تەنها دارایەکەی بۆ دروستکردنی چەک و تەقەمەنی و پالپشتیکردنی میلیشیاکانە مەبەستیش لەم کارانەی دروستکردنی دەوڵەتە لەناو دەوڵەتدا. ئێران لە ماوەی مانگی هەنگوینی دابوو، لە کاتی ڕێککەوتنە نەوەویەکەی پێشوو، کە گەورەترین هەڵەبوو، وڵاتان لەگەڵیدا مۆرییان کرد، بێ ئەوەی وڵاتانی دراوسێی ڕۆڵ بوونیان لەم ڕێککەوتنەدا هەبێت چ ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، بەمەش ڕێگای پێدرا کە زیاتر پەرە بەخۆی بدات، مەبەستم لێردا فەرەنسایە کە دەیویست ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هیچ ڕۆڵێکی لەم پرسەدا نەبێت، هەر بۆیە لە لووتکەی وڵاتانی (جی 7) زۆر هەوڵیدا ئەمەریکا و ئێران بە بیانووی نەهێشتنی چەکی ئەتۆمی لە یەکتر نزیکبکاتەوە، کە ئەو دوو بەندە لە ڕێککەوتنەکەی پێشووشدا هەبوو، بەڵام بوونی خۆشەویستی سیاسی نێوان ئۆباما و ڕژێمی ئێران، هیچ نەمابوو ناوچەکە ئاگربارانی بکرێت.




ڕاگەیاند کە هەموو ئاسانکارییەک بۆ پەرەپێدانی وەبەرهەمهێنان بۆ پیاوانی کاری سعودی دەکات، ئەوەی من لە پیاوانی کاری سعودی گۆبیستبوومە هەرێمی کوردستان ناوبانگێکی باشی هەیە لە وەبەرهەمهێنان ،چونکە خاکەکەی بە پیتە.

*** لە ئایندەدا ئارەزووی ئەوە دەکەیت ببیە باڵێۆزی سعودی یاخوود لە سلکی دیپلۆماسی لە هەرێمی کوردستان کار بکەیت؟**

- هەر ئەو کاتانەی دەستم کرد بە خوێندنەوە و دواتر نووسین لەسەر پرسی کورد، چوومە نێو بواری دیپلۆماسییەت، هەوڵمدا کورد و عەرەب لە یەکتر نزیک بکەمەوە، بەشداریم لە زۆر بۆنەی نەتەوەیی کورد کردووە، بۆ نموونە نەورۆز کە لە سعودیە و کەنەدا و ئوسترالیا سازدەکران، ئەمانەش بۆ زیاتر پتەوکردنی پەیوەندیی نێوانمان، هەروەها بەو ئومێدەم کۆمەڵەیەکی دۆستانەی نێوان هەرێمی کوردستان و سعودییە دامەزرێنم، کە بۆ ناسینی کولتوور و دابونەریت، هەروەها هەماهەنگی و ئالوگۆڕی بازرگانی بە مەبەستی دروستکردنی ئاسانکاری و زانیاری و گەشکردن بۆ هەردوولادا بەسوودبێت، سەبارەت بە دیپلۆماسییەتی فەرمی متمانەیەکی تەواوم بە بەڕێز عەبدولونعم عەبدولڕەحمان سالح قونسلی ئێستا هەیە، هەر کاتێکیش دەوڵەت من یان هەر کەسێکی دیکەی دەستنیشانکرد، بەخۆشحاڵییەوە قبوڵی دەکەم، لێردا خزمەت بە دەوڵەت و پاشای خۆم دەکەم، هەروەها خزمەت بە هەرێمی کوردستان دەکەم کە ماڵی دووەممە، دوای ئەوەی لەسەردەمی شا سەلمان دا ئافرەت توانی ڕۆڵی خۆی ببینێت، دوور نییە ببێتە واقیع لە ئایندەدا، ئەوەتا پاشا ژن ڕێگا کچی بەندەر بووە یەکەم باڵێۆز لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، بەواتا دوور نییە من یان هەر کەسێکی دیکەی ئافرەت لە دواڕۆژدا ببینە باڵێۆزی سعودیە لە هەرێمی کوردستان.

مەغفوولی... شۆفەری چاکسازی

شەنگە هاوار کاکەیی*



لە سەکۆی نیشتمان داتای قورساییەکانی بودجەی گشتی خرانەڕوو و لە لێدوانێکدا پەرلەمانتار حەسیبە گەردی ئاماژەی بە ژمارەی گەندەڵ و بندیوار و سەنگەکانی بەردەم بودجەی نیشتمانی کرد. بە بۆچوونی من هێنانەوەی بڕینی نێو داستانەکانەو هیچی تر نا، بەهەڵکۆڵینیشیان بە بێ دۆزینەوەی بنەواری بونیادنەر ئەزموونی دەوڵەتداری لەم هەرێمەدا دەکەوێتە ژێر هەڕەشەی لەرین و بێ متمانەیی و سرینەوەی ئاسەواری دەوڵەتێکی مۆدێرن و شارستانی کە لەسەر پێچکەی بنەماکانی مافی مرۆڤ ئەم حەداسەتە خۆی دەگرێ.

هەڵبەتە دەستەبەرکردنی ژیانێکی پر لە ئارامیی دەروونی دوور لە ترس و دڵەڕاوکێ و تەشەنەبوونی هێزی مافیاکانی رزق بڕین، خۆی لە خۆیدا یەک واتا دەگەیەنێ، کەوا ئەو دەوڵەتە شایستەی هاوشانی و شارستانیەتە. ئەو ژمارە گەندەڵکارانەی کە هەشن وەک ئەمری واقیعە کە لە بنەڕەتدا دروستبوونە بۆ لەکەدارکردنی ئەم هەژموونە کوردیەی کە هەیە. بۆ دەوڵەتمەداریەکی پوخت و دروست و دوور لە بەلیسەبوون و بۆ پاراستنی مافی تاک وەکو هاووڵاتی، لەدەستەبەر کردنی ژیانێکی پرشکۆیە دوور لە ترس و دڵەڕاوکێ و نانبڕین و قاتی و قڕی و نیمچە مووچەیی، دەکرێ لەم سۆنگەیەدا چاوخشانێک بکرێ بەم دۆسیانە کە گەڵاڵەبوونە لە سەکۆی نیشتمانم.

بۆ ئەوەی هیچ نەبێ بەلایەنی کەمەوە رێبەندییەک دروست بێ بۆ ئەم تەخشان و پەخشانەی کەوا بە بودجەی گشتی کراوە و کە زۆر بەداخەوە ئەستۆی ئەم تاوانە ئەکەوێتە سەر شانی هەموو رەنگ و پارتە کوردییەکان لەم هەرێمەدا، بۆیە ئەرکی سەر شانی ئەم حکوومەتە تازەیە زۆر قورسە. بۆ پاڵپشتیکردنی ئەم کابینە تازەیەش کەوا بە سەرۆکایەتی رێزدار مەسرور بارزانی هاتۆتە کایەوە، ئەوەی جێگەی هیواو خۆزگەیە و ئاسۆی چارەسەرەکان لەئینشائیەت و قسەکردن دەرباز بووە بۆ ئیجرائات و خەریکە سەرکەوتن و پێشخستنی پرۆژەی چاکسازی بونیادگەری حکوومەتێکی پرۆفیشناڵ لەخەونەوە دەبێتە واقیع، چوونکە هێڵە گشتییەکانی چاکسازی بۆ یەکەم جارە لە تەلاری پەرلەمان بەم شەفافیەتە دەخرێنەڕوو. بۆیە لەم ئانیەتدا خەون و خوڵیای حکوومەتێکی دادپەروەر مەحاڵێک نییە دەستەبەر نەبێ، بگرە هەنگاوە کردارییەکان کەوا لە پلانی سەرۆک وەزیرانە و وا کەوتە بواری جێبەجێ کردن و لە ئایندیەکی نزیکیشدا مژدانەی هەنگاوە پراکتیکەکان دەکەوێتە بەرچاو و لەسەرەتایەکی تازەدا خۆزگەی خۆێنی شەهیدان دێتەدی بەرجەستە و بەرقەرار دەبێ.

ئەگەر سەرنج بدەینە ولاتێکی وەکو تەنزانیا کە لە چەقی ئەفریقیایەو وەکو نموونەیەک وەربگرین و تیشک بخەینە سەر ئەزموونی دەوڵەتمەداریان کەوا بە گەندەڵییەکی زۆر تێوەگلابوو، بەڵام لە هەڵبژاردنەکانی ئۆکتۆبەری 2015دا کاتێک جۆن پۆب مەغفوولی بووە سەرۆکی ولات، بە بلدۆزەر یاخود شۆفەڵی چاکسازی و پاکسازی ناوێرکراو توانی لە ماوەیەکی کورتدا ولات رزگار بکا لە گەندەڵ و گەندەڵکاران، کە پێشتر ولاتەکەیان بەهەمان دۆخی قەیراناوی ئێستای ئێمەدا دەگوزەرشت. بەزانینی ئەم راستییەش بۆمان دەردەکەوێ کەوا گۆڕانخوازی لە سێکتەرە گرنگەکانی کەرتی گشتیدا تەنها دەست و بردێکی گەرەکە و ئیرادەیەکی پۆڵایینی مەبەستە، کە ئەوەشیان لە کاریزمای سەرۆک وەزیرانی حکوومەتی هەرێمدا گردبووەتەوە، چونکە مەغفوولی توانی لە مەودایەکی زەمەنی زۆر کورت گەندەڵی لە حکوومەتەکەیدا بنبڕبکا و لەمیانەی فەرمانڕەوایەتیدا توانی بەم شێوەیە رووبەڕووی گەندەڵی ببێتەوە:

فەرمانی دەست لەکارکێشانەوەی بۆ سەرۆکی دەزگای نەزاهە و سەرۆکی دەزگای باج و بەرپرسی هێڵی شەمەندەفەر و بەرپرسی بەندەرە ئاوییەکان و نزیکەی 10000 فەرمانبەری بەتۆمەتی بڕوانامەی سەختە و تەزویر لەکەرتی گشتی دەرکرد. هەروەها زیادەڕۆیی لە داهاتی گشتی نەهێشت وەک نەهێشتنی ئاهەنگگێڕان و بۆنە نیشتیمانییەکان و تەرخانکردنی داهاتی ئەم بۆنانە بۆ کەرتی تەندروستی، چونکە ئەو کاتە نەخۆشی کۆلێرا بەشێوەیەکی بەرفراوان لە ولات بڵاببووەوە. هەروەها هەنگاوێکی دیکەشی کەمکردنەوەی وەزارەتەکان بوو لە 30 وەزارەت بۆ19 وەزارەت. هەروەها دامەزراندنی وەزیرەکان لە کایەیی دەسەڵات بە مەرجی پرکردنەوەی بەڵێننامەی نەزاهە لە رێگەی ئاشکراکردنی داهات و سەروەت و سامانەکانیان و سەفەری بەرپرسانیشی قەدەغەکرد و تەنها لە رێگەی ئاگادارکردنەوەی سەرۆک وەزیر دەبێ سەفەر بکەن و بە راستەوخۆ و لەکاتی سەفەرو گەشتەکانیشیان نابێ بەرپرسان لە کلاسی یەکەم دانیشن. هەروەها قەدەغەکردنی کۆڕ و کۆبوونەوەکان لە هۆتێلەکان و کەمکردنەوەی میزانییەی پەرلەمانیش لە سەد هەزار دۆلار بۆ حەوت هەزار دۆلار و هەروەها فرۆشتنی ئۆتۆمبێلی گرانبەهای میری لە مەزادی ئاشکرا و کرینی ئۆتۆمبێلی بچووک و سادە بۆ راپەڕاندنی ئەرکە ئیدارییەکان.

*** ماستەر لەیاسای گشتی.**



کیفاح مەحمود کەریم

بڵاوکردنەوەی قین و پەرتەوازەکردنی کۆمەڵ!

زۆربەی گەنج و لاوانی ئەمڕۆ، بە تایبەتیش ئەوانەی سەردەمی رووخانی رژێمەکەی سەدام و حزبەکەیان لەلایەن ئەمریکاوە بینی ، پێیان وایە ئەو تایفەگەریتی و مەزهەبگەریتی و جیاوازی ئایینی و نەتەوەیی بەم شێوە بەرچاوو بەربڵاوەی ئێستا لەم قۆناغەلە ئارادایە ، رێک لە دوای قۆناغی دوای رووخانی سەدام واتا سەردەمی بەدەستەوەگرتنی جڵەوی دەسەڵات لەلایەن بەرهەڵستکارانی رژێمەوە سەری هەڵداوە. لەوە ئاگادار نین ئەو حزبە ئایینی و مەزهەبییانەی لەژێر رکێفی قوتابخانەو گرتووخانە سیاسییەکان هەر لە قوتابخانەی زەعیمی بەرگری جەماوەرییەوە بگرە تا دەگاتە قوتابخانەی بەعس و گاردو حەرەس قەومی شەعبییەوە، ژیاون و ئێستا حوکمڕانیان کەوتۆتە دەست، ئەوان نەک ئێستا هەر جۆری هەڵسوکەوت و شێوازو رەفتارە داپلۆسین و سەرکوتکارەکانی جارانی ئەو قوتابخانانەیان کۆپی کردۆتەوە، بەڵکو پەرەشیان بە رەفتارەکانیان داوەو داهێنانی خۆشیان خستۆتەسەر ئینجا پەیڕەوی دەکەن. ئەو قوتابخانانەی هەموو هەوڵێکیان تەنیا بۆ سەپاندنی هزری تاکە کەسیی و چەسپاندنی دەستبالایی تاکە حزبی و بلاوکردنەوەی لە تەواوی جومگەکانی دەوڵەت و چاندنی چاوی کامیراو هەواڵگری لە سەرجەم فەرمانگە و قوتابخانەو یەکە سەربازییەکان، لەسەر شێوازی چیرۆکی کۆماری (1984) جۆرج ئۆرویل× تا کار بەوە گەیشت سەراپای دەوڵەت کراوەتە کامیرای چاودێری و هەواڵگری.

ئەو قوتابخانەو هەوڕە رەشانە هەر چەند سااڵێک دوای دامەزراندنی مەملەکەتەکە، ئاسمان و خاکی عێراقیان تەنی و کلتووری سەرکوتکردن و چەوساندنەوەیان لە دژی پێکهاتە ئایینی و مەزهەبی و نەتەوەیی بەجۆرەها شێوازو هۆکار لە نێو سیستەمە سیاسییەکانی عێراق بڵاوکردەوە، تەنیا ماوەیەکی کەمی لێدەرچێت ئەویش لە سەرەتای چەند سااڵێکی کەمی حوکمی مەلەکی و ماوەیەکی لەوەش کەمتر لەسەردەمی حوکمی عەبدولکەریم قاسم.. ئەگینا لەسەرەتای کودەتاکەی بەعسییەکان و هاوپەیمانەکانیان بەسەر حوکمی عەبدولکەریم قاسم و دواتر وەرگرتنی دەسەڵات لەلایەن بەعسییەکان لە شوباتی 1963 تا رووخانیان لە نیسانی 2003 هەروەها ماوەیەکی کورتخایەنی نێوان سااڵنی 1963 تا 1968ی کودەتاکانی عارفەکان بەسەر حەرەس قەومییەکان، ئەوانە جگە لە ناوو ناونیشان بەولاوە، هەمان سیاسەتی شۆڤێنی ئەوانەی پێشخۆیان پەیرە دەکردو لە رووخسار بەولاوە هیچ جیاوازییەکیان نەبوو. هاوشێوەی ئەوان بەبەکارهێنانی هۆکارەکانی راگەیاندنە کۆمۆنەڵایەتییەکان کەوتنە دژایەتی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبییە کەمینەکان، هەزارەها نوکتەو قسەڵۆکی بێ بنەماو گاڵتەجارِ ئاسایان بەمەبەستی لەکەدارکردنیان و نیشاندانی ئاستی بێ عەقڵیان لەسەر دەهۆنینەوە، هەر بەوەندە نەوەستان بەڵکو چەندین چیرۆک و نوکتە، کە دامەزراوە هەواڵگرییەکان هەڵیان دەبەستاو بەدەستی ئەنقەست لە نێو خەڵک بڵاویان دەکردەوە، بۆ بەئامانج گرتنی باشووریەکان گوایە کەسانی دواکەوتوو و سەرەتایین بە (شرووگی و معێدی) ناویان دەبردن، بە هەمان شێوەش بە نوکتەی هەڵبەستراو باسیان لە کوردو تورکمان و مەسیحییەکانی باکوور دەکرد، گوایە کەسانی بێ ئاست و گەمژەن، بانگەشەشیان بۆ دانیشتووی رۆژ ئاوا (دلێمی و موسلاوی)یەکان دەکرد گوایە کەسانی شێت و قڕچۆک و دواکەوتوون.

لە ئاکامی تێپەڕبوونی ئەو ماوە دوورو درێژە بەسەر پیادەکردن و بلاوکردنەوەی کلتووری سووکایەتی پێکردن و نانەوەی قین و کینەو گاڵتەجاڕی پێکردن، ئەو کلتوورە بۆماوەییە بەئاستێکی مەترسیدار لە نێو تەواوی جومگەکانی کۆمەڵگاو پێکهاتەکانی ریشەی داکوتا، جا لەنێو عەرەب و کورد یا شیعەو سوننە تەنانەت لە نێوان شارنیشن و لادێ نشینیشدا بلاویان کردەوە. وانیشاندراوە کە هەمیشە خەڵکی لادێ لە خەڵکی شار بێ ئاست ترن، ئەمەش رەوشێکی لەباری بۆ چالاککردنی ئەو هەستە پڕ لە قینەیەی لە نێو خەڵک دروستکرد، ئەو تایفەگەریی و رەگەزپەرستی و مەزهەبگەرییەی ئەمڕۆ هەستی پێ دەکرێت وا ناوچەگەریتیشی هاتۆتەسەر، کار گەیشتۆتە قبول نەکردنی یەکتر و تەکفیرو و رێگادان بە کوشتن و لەناوبردن و بانگەشەکردن بۆ شەڕی پیرۆز لەدژی یەکتر.

ئەمڕۆ پاکتاوی مەزهەبی و رەگەزیی لە ناوچە تێکەلاوەکاندا کاریگەری خراپی بەسەر پێچڕانی پەیوەندی کۆمەڵگەو دانیشتوان دروستکردووە، ئەوەی لە نەینەواو ئەنبارو سەلاحەدین و دەوروبەری بەغداو باکووری حلەو کەرکووک و دیالە بەدیدەکەین، هۆشداری سەرهەڵدانی مەترسییەکە بۆ سەر هەموومان کە تەڕو وشک پێکەوە دەسووتێنی، هەر هەموومشمان لەبەردەم مێژوو و نیشتیمان لێی بەرپرسیارین، لە هەمان کاتیشدا لەدەستدانی هەڵێکی زێڕینە بۆ پێشکەوتن و گەشەسەندنی، ئاکامەکەی لەوە باشتر نابێت کە بەعسییەکان و خەڵکانی دیکەی پێی گەیشتن و عێراقیان کردە پارچەیەک لە خۆڵ.

ئەو کەسە راستی فەرموو کە گوتوویەتی: ئەو بارانەش هەر لەو هەوڕەیە

و: خالید گەردی

– چیرۆکی (1984) رۆژنامەنووسی بەریتانی جورج ئورویل لە ساڵی 1949 نووسیویەتی.

چالاکوانێکی کورد بەشداری لە کەمپینی سندوقی شێرپەنجە لە هۆڵەندا

گوڵاڵە پشدەری: وەک تاکە کوردێک و ئەندامێکی چالاکی رێکخراوی کۆمەڵەی شێرپەنجەی مەمک لە هۆڵەندا هاوکاری ئەو دەزگایە دەکەم

ساسان دەروێش- هۆڵەندا

خاتوو گوڵاڵە پشدەری وەک چالاکوانێکی سەرکەوتووی کورد لەنێو کۆمەڵگەی هۆڵەندی، رۆڵێکی جوانی مرۆڤدۆستانە دەبینێت لە خزمەتکردن بە تووشبووانی نەخۆشی شێرپەنجە، هەر لەم بوارەشدا خاوەنی زۆرترین نووسین و لە چاپدانی پەرتوکێک و گێرانی دەیان سیمینار و چالاکی جۆراوجۆر و بۆ هەمان مەبەستیش ئەندامێکی کارایە لە رێکخراوە مرۆڤدۆستییەکانی هۆڵەندا کە خۆشی یەکێک بوو لەو نەخۆشانە و بە بڕوابوونێکی گەورە بەخۆی و بەرگریکردن لە ئازارەکانی بەرهەڵستی کرد و توانی ببێتە ئافرەتێکی نموونەیی کورد، ئەمڕۆش شانبەشانی چالاکوانە هۆڵەندییەکان کۆمەک و هاوکاری بۆ ئەم بوارە کۆدەکاتەوە لەمبارەیەوە بۆ خەبات قسەی کرد.



خەبات: ئەو کەمپینە بۆ لە نێستادا و بۆچی پێنج رۆژ دەخایەنێت لە شرێنە گشتییەکان؟

گوڵاڵە پشدەری: کەمپینەکە یەکەم هەفتەی مانگی سێپتەمبەری هەموو ساڵێکە و هەڵبەتە لێرە زیاتر پێنج رۆژ هەڵمەتەکە دەکرێت، چونکە هیچ کات لە رۆژانی یەکشەممەدا ناکرێت و رۆژانی شەممەش زۆر دڵخواز نییە بۆ ئەو هەڵمەتە، بۆچی لەو مانگەدا ئیتر ئەویش هەروەک مانگەکانی تری تایبەت بە شێرپەنجەی مەمک یان مانگی تایبەت بە ئایدز ئەویش لەو مانگەدا دەستنیشانکراوە.

خەبات: کێن ئەوانەی بەم کەمپینە هەڵدەستن و تۆش وەک خانمێکی کورد بەشداری؟

گوڵاڵە پشدەری: ئەوانەی بەو کەمپینە هەڵدەستن، واتە رێکیدەخەن، کارمەندانی دەزگای بەرەنگاربوونەوەی شێرپەنجەن لە هۆڵەندا، کە تایبەتە بە شاژن، واتە داپیرەی خاوەنشکۆی هەنووکەی هۆڵەندا. ئەوانەی کە بەشدارن لە هەڵمەتی کۆکردنەوە دا زیاتر کەسانی تووشبوو و کەسوکاری ئەوان و خەڵکانێکن کە هەستی مرۆڤدۆستییان بەرزە. بەڵی منیش خۆم وەک تاکە کوردێک لەو ولاتە و وەک تووشبووێک بە نەخۆشی شێرپەنجەی مەمک هەر لەسەردەتای تووشبوونم هاوبەشیم کرد لە هاوکاری ئەو دەزگای ناحکومی KWF kankerbestrijding و وەک ئەندامێکی چالاک لە رێکخراوی کۆمەڵەی شێرپەنجەی مەمک لە هۆڵەندا. واتە Borst-kankerVereniging Nederland(BVN)بە دڵ و بە گیان بەشدارم. لە کۆی پیویست بە من بکات لەوێم، لەو رێگایەی شەڕی مان و نەماندا لە بەرژەوەندی گشتی وەک مرۆڤدۆستێک.

خەبات: لە کاتێکدا بیمەی تەندروستی هەیە و هەموو پێداویستیی داودەرمان و نەخۆشخانەی جۆراوجۆر هەڵگەندنی 20 بیرە نەوت لە کێڵگەی ناسرییە.

لە بەیاننامەیەکدا وەزارەتی نەوت ئاماژەی بەوە کردووە کە بەتەواوبوونی هەڵکەندنی بیرە نەوتییە نوێیەکان،40 هەزار بەرمیل نەوتی خاوی ڕۆژانە بۆ بەرهەمی ناوخۆیی، هەروەها بەرهەمهێنانی غازیش بە 20 ملیۆن پێی سێجا زیاد دەکات.

ئاماژە بەوەش دەکرێت لەگەڵ بەرهەمهێنانی ئەو 40 هەزار بەرمیلە لە ڕۆژێکدا، ئاستی ئەمەش لە کاتێدایە ڕۆژی دووشەمەی ڕابردوو وەزیری نەوتی عێراق، سامر غەزبان ڕایگەیاندبوو کە وڵاتەکەی پابەندە بە ڕێککەوتنەکەی ئۆپێک بۆ کەمکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان. سامر غەزبان ئاشکرایکردبوو کە لە ئێستادا بەرهەمهێنانی نەوتی عێراق،150 هەزار بەرمیلە لە ڕۆژێکدا.

مسۆگەرە بۆ تووشبووان، کەچی چالاکوان بەم ئەرکە هەڵدەستن، لەگەڵ ئەمشدا هەندێ کەس لە ڕێگای ژمارەی بانکی مانگانە یارمەتێک دەبەخشن بەم ڕێکخراوە، چین و تۆڕەکان کامەیان زۆرینەن بۆ هاوکاری بەخشین بەدەم ئەم کەمپینەوە، کێ سەرپەرشتی داهاتەکەی دەکات و چۆن خەرجی دەکەن؟

گوڵاڵە پشدەری: بۆ بەخشین لە هەموو چین و تۆیژەکانی دەزگای ناحکومی KWF kankerbestrijding و وەک ئەندامێکی چالاک لە ڕێکخراوی کۆمەڵەی شێرپەنجەی مەمک لە هۆڵەندا. واتە Borst-kankerVereniging Nederland(BVN)بە دڵ و بە گیان بەشدارم. لە کۆی پیویست بە من بکات لەوێم، لەو ڕێگایەی شەڕی مان و نەماندا لە بەرژەوەندی گشتی وەک مرۆڤدۆستێک.

خەبات: لە کاتێکدا بیمەی تەندروستی هەیە و هەموو پێداویستیی داودەرمان و نەخۆشخانەی جۆراوجۆر بەرەنگاربوونەوەی دەکرێت.

خەبات: هەموو شت حکومەت نایکات، بەڵکوو لە ڕێگای خێرخوازیی دەکرێت، ئەی ئێمەی کورد چی بکەین لەبەردەم نەخۆشەکانماندا و ئەو کەمدەرامەتیەی هەیە لە بوجە و دەرمان و پێداویستییەکانی ئەم نەخۆشییە؟

گوڵاڵە پشدەری: لە نێوا کوردانداو، مرۆڤی باش هەن و هەز دەکەن کاری خێرخوازیی بکەن، بەڵام پێمواید هێشتا زۆر شێواز هەن کە پێی ئاشنانین و زیاتر خێرەکانیان بە ڕێگەی دروستکردنی مزگەوت، ئەویش زیاتر بۆ دەرکردنی ناوی خۆیان و یان دارایی، دواتر هیچ بەدواداچوون و هەوڵێک بە پارەدەران نادرێت تا بزانن چی بە پارەکانیان کراوە و بە چ ڕێگایەک کەڵکی لێوەرگیراوە. کەواتە ئەو بابەتە بۆ بەخشێنەر و چاکەکار هاندان نییە کە لە داهاتوودا جارێکی تر متمانە بە کەس و لایەنێک بکات و پارەی خۆی بخاتە گۆمی لێڵ!.

لێرەدا پێویستە هەموو میکانیزمەکە شەفاف بێت بۆ هەموو لایەک بۆ وەرگرتنی متمانەی زیاتر و بەردەوامی لە هەڵمەتەکە بەشێوەیەکی بەردەوام. هەروەها پێویستە خەڵکی ئێمە جیاوازی لە نێوان ئەرکی حکوومەت و ئەرکی خودی خۆی وەک مرۆڤ لە کۆمەڵگەدا جیابکەنەوە. ئێمە تاکەکان هەموومان بەرپرسین لە پاراستنی بەرژەوەندی گشتی کە سێکتەری تەندروستیش بەشێکییەتی و تەنها هەر حکوومەت لێرەدا بەرپرس نییە. گەل پێویستە چاودێری کاری حکوومەت بکات و چالاکانە بەشدار بێت لە یاساداناندا بەڕێگای نوێنەرانی و چاودێریکردنیان. گەل پێویستە خۆی هێندە بەهێز بێت کە حکوومەت نەتوانێت بێ مۆڵەتی ئەو کەمتەرخەمی بکات. ئەگەر کەمتەرخەمی بەدی بکرێت بە بڕوای من سەرچاوە لێڵەکە کە هێزی خودی گەلە.



حکوومەتی عێراق 20 بیرە نەوت لە ناسرییە هەڵدەکەنێت

لە یادی 58 ساڵەی هەڵگیرسانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول پیشانگایەکی شێوەکاری و کاری دەستی کرایەوە



بەبۆنەی 58ساڵەی هەڵگیرسانی شۆرشی مەزنی ئەیلوول، بە ئامادەبوونی ئەحمەد کانی ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان و ئاری نانەکەلی و سەنگەر کانەبی کارگێڕانی لقی دوو و ژمارەیەک لە بەرپرسی لیژنە ناوچەکانی سەر بە لقی دوو لەگەڵ هەڤاڵان و کادیرانی لیژنە ناوچەکان، ڕێوڕەسمێکی ئاهەنگنامێز لە لیژنەی ناوچەی پێشەوا بەڕێوەچوو. پاش کردنەوەی پیشانگایەکی وێنەی فۆتۆیی و کاری دەستی، بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان لە وتەیەکدا باسی مێژوو و زەروورەتی هەڵگیرسانی شۆرشی مەزنی ئەیلوولی کرد کە شۆڕشێکی سەرتاسەریی کوردستان و تەواو نیشتیمانی بوو بە سەرکردایەتیی باوکی ڕۆحیی نەتەوەی کورد بارزانیی نەمر لەپێناو وەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی گەلی کوردستان، ئاماژەی بەوەشکرد کە دەستکەوتەکانی ئەو شۆڕشە ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستەوخۆی هەبوو بەسەر بوژاندنەوەی ناوچەکانی کوردستان و ئاوەدان بوونەوەیان لە هەموو بوارەکاندا،بەتایبەتیش لە ڕووی خوێندن و کردنەوەی قوتابخانەی نوێ و دامەزراندنی بنکەی تەندروستی لە ناوچە دوورە دەستەکانیش. هەر لەو وتەیەدا، ئەحمەد کانی باسی دەستکەوتە سیاسیەکانی شۆرشی مەزنی ئەیلوولی کرد کە بوو بە هەوێن و درێژە پێدەری دەستکەوتەکانی دیکەی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ میللەتی کوردستان بە تەواوی پێکهاتەو نەتەوەو ئایینە جیاوازەکانی،پێشی وابوو شۆرشی مەزنی ئەیلوول لە کات و ساتێک هەڵگیرسا کە گەلی کوردستان گەیشتە بنبەست لە ڕێککەوتن و پێکهاتن بۆ ماف و داخوازیەکانی لەگەڵ ڕژێمی ئەوکاتی عێراق،سوپای ئەوکاتەی ڕژێمیش ئاگر و ئاسنی لەبری دیالۆگ و لێک تێگەیشتن بەکار هێنا ،گەلی کوردستانیش بە پێکهاتەو نەتەوەو ئایینە جیاوازەکان بۆ مانەوەی خۆی بەسەر بەرزی،چونە پاڵ شۆرشی مەزنی ئەیلوول بە ڕێبەرایەتی بارزانیی نەمر. هەر بەو بۆنەوە،چەند پێشمەرگەیەکی شۆرشی مەزنی ئەیلوول ڕێزیان لێگیرا.

ب هەلکەفتا شورەشا 11 ئەیلوولا مەزن زارویێن شەهیدان و سەرکەفتییێن ئێکێ هاتنە خەلاتکرن



ب هەلکەفتا شورەشا 11 ئەیلولا مەزن و ب ئاماەبونا سەربەست تروانشی ئەندامێ ئەنجومەنی سەرکردایەتیا پارتی و بەرپرسێ لقێ ئێک و سەروکێ زانکویا پولیتەکنیکی و ڕێڤەبەرێ گشتی یێ پەروەردا دهوکێ و ڕاگرو ماموستاو هژمارەکا بەرچاڤا و قوتابیان لقێ ئێک ب هەما هەنگی دگەل زانکویا پولیتەکنیکی 80قوتابی کو پێک هاتبون ژ کورو کچێن شەهیدان و هەروسا سەرکەفتییێن بنەرەتی ل سنورێ پاریزگەها دهوکێ هاتنە خەلات کرن، ل دەست پێکا ڤان ڕێوڕەسمان بەرپرسێ لقێ پەیڤەک ئارستەکر و گوت شورەشا ئەیلولێ کەسێن ب شەرف و کەرامەت و ئازا و سەربلند دروست کرن چونکە بنیاتێ پەیوەندییێن شورەشێ دگەل خەلکێ کوردستانێ سەر بنچینێ ئەمانەت و شەرەف پاراستنا کەرامەتا کوردستانیا هاتبو دروستکرن. دشورەشا ئەیلولێ دا گەلەک قەهرەمانا خو کرە قوربان ژ پێ خەمەت ڕوناهیا و پێنوس و ئازادیا خەلکێ کوردستانێ و ئاڤاهیێ مروڤاتیی و زانست پەروەریێ، بارزانییێ نەمر ب ڕێکا خەبات و تێکوشانێ بو هەمو دنیایێ ڕونکر کو ئەم نە د نە چارین ستەم و زوردارێا زالما قبیل بکەین، بارزانی شیا موراڵا خەلکی بلند بکەت و ڕەوشەکا نوی بدەتە ژیانێ و دژواری و نەخوشییێن ژیانێ شرین بکەت هەر ب هەلکەفتێ گازی نفشێ نوی و قوتابیان دکەم بەردەوام مەشقێ ل سەر زانست و فەلسەفە و ڕێبازا بارزانی بکەن، بلا گەنج و قوتابییێن مە باوەری بخو هەبیت چونکی خودان هێزو عەزامەتەکا مەزنن و پێویستە هەمی خەلکێ کوردستانێ چەپلێن ڤیان و خوشەویستیا گەل و نشتیمان لێبدەن و سەروک مسعود بارزانی ژی بکەنە تاجا سەرێ خو ، ل دوماهیا ڤان ڕێوڕەسمان بەرپرسێ لقێ دیاری و خەلات ل سەر زارویێن شەهیدان و قوتابییێن سەرکەفتییێن ئێکێ دابەش کرن.

بەرپرسی لقی 16: ئەرکی هەموومانە بەیەکەوە کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو بنیاد بنێین



بەمەبەستی گرنگیدانی زیاتر بەتەواوی چین و تۆێژە جیاجیاکانی سنوورەکە لەپێناو زیاتر بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیارییان، بەئامادەبوونی بڵند ئیسماعیل بەرپرسی لقی 16ی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان و ژمارەیەک لە بەرپرسانی حزبی و حکومی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و سەرۆکی فراکسیۆنی زەرد لە پەرلەمانی کوردستان لەمەراسیمێکدا کۆتایی هێنرا بە خولێکی ڕۆشنبیری کە لیژنە ناوچەی ڕزگاری بۆ ژمارەیەکی زۆر لە کادیرانی سنوورەکەی کردبوویەوە.


لەدەسپێکدا بەرپرسی لقی 16ی هەولێر وێڕای دەستخۆشی گەرمی لە لیژنە ناوچەی ناوبراو بۆ کردنەوەی خولەکە سوپاسی ئەو مامۆستا بەڕێزانەشی کرد کە لەماوەی خولەکەدا هەڵسان بەوتنەوەی وانەکان و پیرۆزبایی خۆیشی ئاراستەی دەرچووانی خولەکە کردو ئاماژەی بە گرنگی خولەکە کرد لەپێناو زیاتر بەرز کردنەوەی ئاستی هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران لە بوارە جیاجیاکاندا، بۆیە ئەرکی سەرشانی کادیرانی دەرچووی خولەکەیە ئەو زانست و زانیارییانەی لەماوەی خولەکەدا وەریان گرتووە لەژیانی ڕۆژانەیاندا پراکتیزەی بکەن و لەڕێگەیانەوە خزمەتی خەڵکی سنوورەکەیان پێبکەن بۆ ئەوەی هەموومان بەیەکەوە بتوانین کۆمەڵگایەکی مۆدێرن و پێشکەوتوو بنیاد بنێین و بەشداربین لەسەر خستنی ئەزموونەکەمان. لەکۆتایی مەراسیمەکەدا لەلایەن بەرپرسانی ئامادەبووەوە بڕوانامەی دەرچوون و خەلاتی ڕێزلێنان بەخشرایە دەرچووانی خولەکە.

بڕیارە ئەمڕۆ ئەنجوومەن پارێزگاری نوێی شاری هەولێر دیاری بکات



کەنعان خەیلانی، سەرۆکی فراکسیۆنی زەرد لە ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: بڕیارە ڕۆژی پێنجشەممە 12-9-2019 کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی پارێزگا بەڕێوە بچێت، کە تایبەتە بەو گۆڕانکارییانەی لەسەر پۆستی پارێزگار دەکرێت، وەکو فراکسیۆنی پارتیش کاندیدی خۆمان پێشکەش کردووە و سیفتیی کاندیدەکەشمان کە د. فرسەت سۆفیە، بە نووسراوی فەرمی پێشکەش بە سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی پارێزگا کردووە و داوامان کردووە لە بەرنامەی کار دابنرێت، بۆیە دەستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەن پێنجشەممەیان بۆ هەڵبژاردنی پارێزگاری نوێی شاری هەولێر دیاری کرد. خەیلانی ڕاشیگەیاند: لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەندا، کاندیدی نێمە د. فرسەت سۆفی ئاماده دەبێت و بەرچاوڕوونیی خۆشمان هەیە کە کاندیدی نێمە بە دەنگێکی باش بۆ پۆستی پارێزگار هەڵدەبژێردرێت.

وەزارەتی خوێندنی باڵا: کورسیی خوێندن لە ژمارەی دەرچووانی 12ی ئامادەیی زیاترە



پرۆسەی وەرگرتنی دەرچووانی پۆلی 12ی ئامادەیی لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان دەستیپێکرد. وەزارەتی خوێندنی باڵا دەڵێت، کورسیی خوێندن لە ژمارەی دەرچووان زیاترە.

لە کاتژمێر 5:00ی ڕۆژی سێشەممە 10-9-2019 زانکۆلاین بۆ ماوەی 10ڕۆژ بۆ دەرچووانی 12ی ئامادەیی دەکەوێتە کار، واتە تاوەکو کاتژمێر 12ی شەوی 20-9-2019.

دەرچووانی 12ی ئامادەیی بە بەکارهێنانی هەمان ناوی بەکارهێنەر و وشەی تێپەڕ یوزەیەرنەیم و پاسوۆرد کە پێشتر لە قوتابخانەکانیان وەریانگرتووەتەوە، دەتوانن فۆرمی وەرگرتن پڕبکەنەوە.

د. خەتاب ئەحمەد، بەڕێوەبەری گشتیی خوێندن و پلاندانان بەوەکالەت ڕایگەیاند، هەر لە ڕۆژی بەکارکەوتنی زانکۆلاین، زانکۆ تایبەتەکانیش دەتوانن فۆرم بەسەر خوازیاران لە خوێندنی تایبەت دابەشبکەن.

پلانی وەرگرتنی ئەمساڵ بەمجۆرەیە: بۆ خوێندنی گشتی 24784کورسی خوێندن تەرخانکراوە. بۆ خوێندنی زانکۆلاین 10514 فۆرم بەسەر خوازیاران لە خوێندنی ئێواران 11577 کورسی خوێندن تەرخانکراوە. بەو شێوەیەش لە زانکۆ حکومییەکان 46875 کورسی خوێندن تەرخانکراون. بۆ خوێندنی تایبەتیش 23714کورسی خوێندن بۆ دەرچووان تەرخانکراوە، بەم شێوەیەش کۆی کورسی خوێندن بە هەردوو جۆری حکومی و تایبەت 70 589 کورسییە.


سەبارەت بەژمارەی دەرچووانی پۆلی 12ی ئامادەیی، وەزارەتی پەروەردە ناوی 933 51بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا ڕەوانەکردووە؛ کە 36350 دەرچوی زانستی و 15583 دەرچوی وێژەیین، بەو شێوەیەش ژمارەی کورسییەکانی خوێندن زیاترە لە ژمارەی دەرچووان.

کارکردنی پزیشکان لە کاتی بەیانیان لە نۆرینگە تایبەتەکانیان قەدەغە کرا

ئەنجوومەنی باڵا سەندیکای پزیشکای کوردستان بڕیاری قەدەغەکردنی کارکردنی پزیشکانی لە نۆرینگە تایبەتەکانیان لە کاتی بەیانیان دا.

ئەنجوومەنەکە ڕۆژی 10ی 9ی 2019نووسراوێکی فەرمی دەکردووە کە وێنەیەکی دەست باسنیوز کەوتووە و تیایدا هاتووە: بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە لە یاسای پەرلەمانی هەرێمی کوردستان – عێراق، ژمارەی6ی ساڵی 2000 ئەنجوومەنی باڵا بڕیاریدا کە نابێت هیچ پزیشکێک لە نۆرینگەی تایبەتی خۆی بەیانیان کار بکات لە هەرێمی کوردستان.

شارەوانیی هەولێر ئاگادارییەک لەبارەی مۆڵەتپێدانی خانوو بلاوەکاتەوە



خەبات- سەید فاتیح بەرزنجی: ئەندازیار سامان محەمەد بلباس سەرۆکی شارەوانیی هەولێر ڕوونیکردەوە: داوا لە هەر شەش شارەوانیەکانی ناو هەولێر دەکەین کە کارئاسانی تەواو بۆ هاوواڵتیان بکەن بۆ ئەوەی ئیش و کارەکان و مامەڵەی هاووڵاتیان بەخێرایی ڕاییبکرێت و دوانەکەوێت. هەرلە درێژەی ڕوونکردنەوەکەیدا ئاماژەی بەوەدا: سەبارەت بە مامەڵەی هاووڵاتیان بۆ دروستکردنی خانووی تازە، نابێت خانو لە قۆناغی پشکنین لەماوەی سێ ڕۆژ زیاتر بێت ئەوەش لەکاتێکدایە لە ئێستادا بارودۆخی ئابووریی کوردستان بەرەو باشبوون دەڕوات، بۆیە پڕۆسەی دروستکردنی خانوو ڕووی لە زیادبوون کردووەو داواش لە هاووڵاتیان دەکەین ئەگەر هەر کێشەو گلەیی و گازاندەیەکیان هەبوو لەکاتی دواکەوتنی مامەڵەی خانووەکانیان، ئەوا دەتوانن پەیوەندیمان پێوە بکەن و ئێمە دەرگامان بەڕووی هاووڵاتیاندا هەمیشە کراوەیەو پێویستە هەر شەش شارەوانیەکان لەخزمەتی هاووڵاتیاندابن و نابێ مامەڵەی کەس دوابخەن.

هەولێر... حەوت کۆگا و مارکێت داخران



لیژنەی پشکنین و چاودێریی بازار، کە لەلایەن قایمقامیەت و پۆلیسی شارەوانی و پۆلیسی ڕێکاریەوە سەرپەرشتی دەکرێ، لە ڕێکەوتی 10-9-2019لە سنووری بەڕێوەبەرایەتیی شارەوانیی شەش، پشکنین و بەدواداچوونیان بۆ هەشتکۆگا و مارکێت ئەنجام دا.

بە هۆی پابەندنەبوون بە مەرج و ڕێنماییەکان، لەوانە دانانی ئاوی خواردنەوە و خواردنەوە گازییەکان لە دەرەوەی شوێنەکانیان و لە ژێر کاریگەریی پلەکانی گەرما، حەوت کۆگا و مارکێت داخران.

هەروەها لیژنەکە ڕایانگەیاند: هەر شوێنێک پابەند نەبێ بە مەرج و ڕێنماییەکان، ڕێکاری یاسایی بەرامبەر خاوەنەکانیان دەگیرێتە بەر، کە بریتییە لە داخستنی شوێنەکانیان و سزای پێبڕاردن کە لە ملیۆنێک دینار دەست پێدەکات تا پێنج ملیۆن، ئەوەش بە پێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی دارایی و ئابووریی کە ئاراستەی قایمقامیەتی هەولێر کراوە.

هەروەها هاووڵاتیان ئاگادار دەکەینەوە، بەدواداچوون بۆ هەموو ئەو سکاڵایانە دەکرێ، کە ڕۆژانە ئاراستەی لیژنەکانی قایمقامیەت دەکرێن.

مۆبایل و ئینتەرنێت پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لاواز دەکەن یان بەهێز؟





ڕاپۆرت: پەریها عومەر

مۆبایل و ئینتەرنێت وەک دوو ئامرازی گرنگی پەیوەندیکردن کارئاسانی زۆری بۆ بەیەکەوەبەستنەوەی جەمسەرە دوور لەیەکەکانی گەردوون کردووە، تەنانەت هۆکارێکشن بۆ گەیشتن بەدەرەوەی هەسارەکەی خۆمان. هاوکات لەووە کۆمەڵایەتییەکەیەوە ئەو دوو ئامرازە هۆکارێکی سەرەکین بۆ ساردکردنەوە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و بوونەتە جێگرەوەی سەردانیکردنی ڕاستەخۆ و یەکتربینین.



عەدنان عومەر:

کاریگەری زۆری لەسەر لاوازبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان هەیە



سەفین کوردۆ:

دەکرێت مۆبایل یەکێک بێت لە هۆکارەکان، بەڵام ناکرێت فۆکسەکە هەمووی بخرێتە سەر مۆبایل و بە هۆکاری سەرەکی بزانرێت



بڕیار زەنگەنە:

نامەی مۆبایلەکان هێندە ساردن، ناتوانن پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، بەهێز بکەن و بە گەرمی بیهێڵنەوە



سانا کۆیی:

پەیوەندیکردن بە مۆبایل هەرگیز جێگای سەردانیکردن ناگرێتەوە ئەگەرچی هۆکارێکی زۆرباشە بۆ نزیکبوونەوەی دوورترین مەودا

هەدنان عومەر توێژەری کۆمەڵایەتی لەوبارەیەوە دەڵێت: کاریگەری زۆری لەسەر لاوازبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان هەیە و بە جۆرێک ئەو پەیوەندییانەی کاڵکردووەتەوە، کە بەڕوونی بەدەرکەوتووە.

بڕیار زەنگەنە ڕۆژنامەنووس لەبارەی ئەم پرسەوە دەڵێت: لەکۆندا بڕینی کیشوەرەکان چەندین مانگ، یاخود ساڵی پێدەچوو، بەڵام ئەمڕۆ بەچەند چرکەیەک لەڕێگەی مۆبایلەوە، دەتوانی بە دوورترین شوێنی ئەم زەمینە بگەین، مۆبایل وەک هەر تۆڕێکی تری کۆمەڵایەتی، هۆکارێکن بۆ کارئاسانی و ئاسان ڕایکردنی کاروباری ڕۆژانە، هەر چەندە کاریگەرییەکی زۆریان هەبووە لەسەر ساردکردنەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، بەڵام هیچ کات مۆبایل نەبووە بە جێگرەوە بۆ هاتوچۆ و سەردانیکردنی یەکتر، چونکە ئەگەر بگەڕێینەوە سەردەمانی پێش مۆبایل، بۆ نارەنی نامەیەک چەند ڕۆژێکی پێدەچوو، تا دەگەیشت بە جێی مەبەست، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، تام و چێژێکی زۆری هەبوو، خۆشەویستی و سۆزێکی زۆری دروست دەکرد، بەڵام لەڕۆژگاری ئەمڕۆ، نامەی مۆبایلەکان هێندە ساردن، ناتوانن پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، بەهێز بکەن و بە گەرمی بیهێڵنەوە.

سەفین کوردۆ وەک ڕۆژنامەنووسێک قسەی لەو بارەیەوە هەیەو دەڵێت: دەکرێت مۆبایل یەکێک بێت لە هۆکارەکان، بەڵام ناکرێت فۆکسەکە هەمووی بخرێتە سەر مۆبایل و بە هۆکاری سەرەکی بزانرێت. لە ئێستا بە شێوەیەکی گشتی، سەردانیکردنی خزم و دۆستان بۆ لای یەکتر کەمبوونەتەوە، ئەمەش بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە، بەڵام تاوەکو ئێستا نەگەیشتوونەتە ئاستێک کە جێگای سەرنج بێت و ببێتە کێشەیەکی گەورە.

سەفین گوتیشی: وەک دیارە ئێمە دەزانین ئەو سۆز و خۆشەویستییەی کە پێشووتر لەنێوان باب و باپیرانمان هەبووە، ئێستا وەک ئەو کات نییە، چونکە ئێستا ئێمە ئاسانتر دەتوانین هەوالّی یەکتر بزانین و کەی ویستمان پەیوەندی بەیەکەوە بکەین، بەڵام من ئۆبالّی کەمبوونەوەی سەردانی خزم و دۆستان ناخەمە ئەستۆی مۆبایل و تەکنەلۆژیا، بەڵکو بەڕای من، ئێمە سوودی زۆرمان لە مۆبایل و بەگشتی تەکنەلۆژیا وەرگرتووە، بە جۆرێک پێشووتر دەکرا تۆ بۆ ماوەی ساڵێک زیاتر هەوالّی خزم و دۆستانت نەزانی، بەڵام ئێستا ڕێک پێچەوانەیە، تۆ دەتوانی لە ماوەی چەند خولەکێکی کەم هەوالّی هەموو جیهان بزانی.

ئێستا من، تۆ و زۆربەی هاوڕێکانیان ئەوەندە کاتمان لەبەردەست نییە، کە بچین لای خزمەکانمان و بۆ ڕۆژێک زیاتر بمێنینەوە، ئەگەر ئەو دەرفەتەش هەبێت، بەهۆی ئەوەی هەر کەسێک بە کاری خۆی سەرقاڵە و ژیانی ئێستا تەواو گۆڕانکاری بەسەر داهاتووە لەگەڵ دوو دەیەی پێش ئێستا، ئەمەش یەکێکە لە هۆکارەکان.

ئەو ڕۆژنامەنووسە ئەوەش ئاشکرا دەکات: من چەند جارێک لەم بارەیەوە پرسیارم کردووە و ڕای هاوڕێکانیام لەسەر ئەم بابەتە وەرگرتووە، ئەوەم بۆ دەرکەوتووە کە ئێستا سەردانیکرد بە بەرانبەرە، چونکە بەشێکی خەڵکی ئامادە نییە دووجار بە دوای یەک سەردانی ماڵی خزمێک یان دۆستێکی بکات، واتا ئەگەر من جارێک سەردانی تۆم کرد، دواتر نۆرەی تۆیە بێی سەردانی من بکەی، ئەگەر نەهاتی واتا پەیوەندیەکەمان بەو شێوەیە نامێنێت کە لە پێشووتر هەبووە.

سەفین کوردۆ گوتیشی: بۆیە لە کۆتایی دەڵێم، ئەگەر تۆڕەکانی ئینتەرنێت و مۆبایل کاریگەری هەبێت، مرۆڤەکانیش خۆیان بێ خەتا نین، چونکە ئەو ئامێرانە لە ژێر کۆنترۆڵی مرۆڤدان و بۆ خزمەتکردنی ئێمە دروووست بوون، نەک مرۆڤ بۆ خزمەتی تەکنەلۆژیا و ئینتەرنێت دروست بوو بێت، بۆیە ئێمە دەتوانین سودێکی گەورە لەم ئامرازانە ببینین، نەک ئەوەی هەمانەش بەهۆی ئەوانە لەدەستی بدەین.

لەم بارەیەوە سانا کۆیی کچە ڕاگەیەندنکار دەڵێت: دەکرێ بڵێین یەکێکە لە هۆکارەکان نەوەکو هەموو، چونکە بێگومان سەردانینەکردنی یەکتر زۆر هۆکاری جیاوازی هەیەو مۆبایلیش بەهۆی ئەوەی بووەتە پێویستییەکی بەردەوامی بەکارهێنەری هەرتاکێک، بەڵام لەڕاستیدا بووەتە هۆی کەمبوونەوەی سەردان بەهۆی ئەوەی لەڕێگای گوێبیست بوون یاخود بینینی ڕاستەوخۆی یەکتر، لەم ڕۆژگارەدا لەڕێگای ئینتەرنێتەوە وایکردووە، کاتێک پەیوەندی بەهەر کەسێکەوە بکەیت وەکو جێگرەوەی سەردانیکردن حیسابی بۆ بکرێ، بەڵام لەڕاستیدا هەرگیز جێگای سەردانیکردن ناگرێتەوە ئەگەرچی هۆکارێکی زۆرباشە بۆ نزیکبوونەوەی دوورترین مەودا و بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەستە و سۆزو خۆشەویستی و نزیکییەی لەکاتی سەردانیکردندا هەستی پێ دەکرێ، مۆبایل هەرگیز جێگرەوە نابێ بۆی، بەڵام زیاتر لەوکەسانەش دەبینرێ کە سیلەی ڕەحمیان لاوازە و بەوە هەوڵی پەردەپۆشکردنی دابڕانی سەردانیکردنی دۆست و ئازیزانیان دەدەن

سانا گوتیشی: ئەگەرچی بەداخەوە زۆرجار نەک هەر سەردانینەکردنی یەکتر بەڵکو لە هەوالپرسی لەڕێگای مۆبایلیشەوە زۆر کەمتەرخەمین.



کێ بەرپرسە و چارەسەر چیی..؟

فۆتۆ: کارزان دزەیی



شۆڕشی 11 ئەیلوول لەژێر سێبەری بارزانیی نەمر شۆڕشی هەموو خەڵکی کوردستان بوو

عومەر عوسمان فەرماندەی فەرماندەیی هێزەکانی خەبات:

رۆڵی ئیدریس بارزانیی نەمر و جەنابی مسعود بارزانی لە شۆڕشی ئەیلوولدا گرنگ بوو هەردووکیان دوو کۆڵەکەی بەهێزی ئەو ڕەشمالە گەورەیەی شۆڕش بوون





زانیار سەردار قرگەیی

شۆڕشی مەزنی ئەیلوول وەک قوتابخانەیەک بۆ پێگەیاندنی هزری شۆڕگێڕی و پەرەپێدانی هەستی نەتەوەیی تاکەکانی گەلی کورد رۆڵی گرنگی خۆی بینی، جگە لە بەرگریکردن و رزگاریخوازی نەتەوەیەکی مەزلووم کە بووە داکۆکیکارێکی سەرسەختی خاکی کوردستان. زۆرێک سەرکردەی سیاسی و سەربازی گۆشکرد بۆ ئەو سەردەمەو بۆ ئێستایش کە رۆڵی جوامێرانەو کارامەی خۆیان گێڕاوە لە خەباتی شۆڕشگێڕیدا. شۆڕشی ئەیلوول سەرەتایەک بوو بۆ دەرکەوتن و ناساندنی کوردو بەدەستهێنانی مافەکانی نەتەوەیی.

رۆڵی بارزانیی نەمر وەکو کاریزما و فکری نەتەوەیی کاریگەری گەورەی هەبوو لەسەر ئەو شۆڕشە بۆ بەدەستهێنانی دەسکەوتەکانی. گرنگترین پەند و عیبرەت بۆ ئەمڕۆی گەلی کورد لەو شۆڕشە و رۆڵی ئەو سەرکردەیە بوو لە یەکخستن و یەکریزی نەتەوەی کورد و سەرجەم کوردستانیەکان بە تەواوی کەمە نەتەوایەتی و ئایینەیەکانی دانیشتوانی باشووری کوردستان. بۆ قسەکردن لەسەر ئەو شۆڕشە و چۆنیەتی هەڵگیرساندنی و ئاکام و دەرئەنجامەکانی و دەستکەوتەکانی، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی بەڕێز "عومەر عوسمان میرگەسووری" کرد کە بەشداربووبەکی هەردوو شۆڕی ئەیلوول و گوڵان بووە و ئێستایش ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و، هاوکات فەرماندەی فەرماندەیی هێزەکانی خەبات.

*** بارزانیی نەمر سەرکردایەتی گەورەترین شۆڕشی کرد لە میژووی نەتەوەیی کوردا، "شۆڕشی مەزنی ئەیلوول" کرد، ئایا سەرهەڵدانی ئەو شۆڕشە چۆن بوو؟ ئەی میژوو ڕۆڵی ئەو سەرکردە میژووییە چۆن هەڵدەسەنگێنێت؟**

ـ دوای شۆڕشی 14 تەمموزی 1958 بارزانیی نەمر لە سۆفیەتی پێشوو گەڕایەوە کە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، 12 ساڵ بوو لەگەڵ 500 لە یاوەرانی لە ئاوارەیی دەژیان. بارزانی کە گەڕایەوە پشتگیری بەهێزی کۆماری عێراقی بە سەرۆکایەتی (عەبدولکەریم قاسم) کرد و داوای لێکرد مافەکانی گەلی کورد جێبەجێ بکەن، ئەوەبوو لە دەستوری کاتی عێراق (کورد و عەرەب) بە دوو نەتەوەی هاوبەشی عێراق لە دەستووردا چەسپاو ڕێگا بە پارتی درا وەک پارتێکی سیاسی کار بکات و، هەموو چالاکییەکانی ڕۆشنبیری کورد بە ئازادی ڕێگایان پێ درا. بەڵام زۆری نەخایەند ورده ورده وەک هەمیشە ڕژێمی عێراق دوبارە کەوتەوە بەهانە و فرت و فێڵ بەهەر بەهانە گرتنێک کێشەیەکی دەنایەوە. ئەوەبوو دوای چەند هەنگاوێکی ڕژێم دژ بە کورد و بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان ناچار بوون شۆڕشی ئەیلوول لە 1961 لە (11) ئەیلوولدا ڕابگەیەنن، ڕژێمی عێراق دەستی کرد بە بۆمباران کردنی ناوچەی بارزان و زۆر شوێنی ترو دەستی کرد بە هێرشی سەربازی. سەراتا لە هەندێک شوێن بەرگری کرا بەڵام زۆری پێ نەچوو ڕژێم زۆرترین شوێنەکانی داگیرکردەوە بەڵام ڕێزیان لێ دانا بەهۆی ڕەفتارە جوانەکان و هەڵسوکەوتە پیاوانە و مرۆڤانەی پێشمەرگە کە زیاتر لە ئامۆژگاریەکانی بارزانییەوە سەریان هەڵدا بوو زۆربەی فەرماندە و سەرکردەکان ئەو کوڕە ئازایانە بوون کە لەگەڵ بارزانی چوونە سۆفیەت، یان کەسانی هەڵکەوتوو پاک و قارەمان بوون. مەبەستیان رزگاری کوردستان و سەرکەوتن بوو نە شتی تر. موکوڕبونی بارزانی خۆڕاگری و سوربوونی لەسەر خەبات و تێکۆشانی ببووە هۆی باوەڕی خەڵکی کوردستان ئەگەر سەیر بکەین و تێڕوانینێکی ورد بدەینە قابیلییەتی بارزانیی نەمر بۆمان دەردەکەوێت چەند کەسێکی قارەمان و گەورە بووە دوای 12 ساڵ دووری لە خێزان و کەس و کارو وڵاتی ئینجا تەنها 3 ساڵ پشوودان دەستی کردەوە بە شۆڕش لە تەمەنی 58 ساڵیدا، ئەگەر سەرنج بدەین کەمن ئەوانەی جورئەتی ئەوە بکەن لە تەمەنی 58 ساڵی 1962 بەرەو دەڤەری بارزان دەرچوو بەرەو بادینان و لە ناوچەی زاخۆوە ورده ورده دەستی کردەوە بە شەڕو پێکدادان و چەندین داستانی نەبەردیان تۆمار کردو زۆربەی سەرۆک جاشەکانیان ڕاوناو خەڵکێکی زۆر گەیشتە شۆڕش لە بادینان، لەو داستانانەدا داستانی (زاویتە) بەناوبانگە بە گیرسانەوە و گەڕانەوەی بارزانی بەرەو ڕۆژهەڵات، ئینجا دەستکرا بە چالاکی سەربازی لە سلێمانی و هەولێرو دهۆک، لە هەندێک شوێن خۆیان گرتەوە. بارزانی خۆی و 500 بارزانی لە



لە ساڵیادی هەڵگیرساندنیدا..

شۆڕشی ئەیلوول چەتری کۆکەرەوەی خەباتی تێکڕای کوردستانیان



وەیسی سەعید وەیسی

هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلوولی مەزن بە رابەرایەتی سەرکردەی نەمر مەلامستەفا بارزانی وێستگەیەکی یەکلاکەرەوەبوو لە میژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی گەلی کوردستاندا. ئامانجەکەی رزگاریی نیشتمانی و سەربەخۆیی کوردستان و بەرپەرچدانەوەی پیلانی دوژمنان و بەرگری لە بوون و مافە رەواکانی گەلەکەمان و بەدیهێنانی ئامانجە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی گەلی کوردستان بوو ، سەلماندنی ئەوەی کە چیدیکە تاکی کورد ناتوانێ لە بەرامبەر داگیرکاری و ناحەقیدا دەستەوەستان بوەستێ و ئیرادە و باوەربەخۆبوونی لای تاکی کوردستانی دروست کرد.

بۆیەش ئەیلوول بووە جێگای ئومێد و ئاواتی خەڵکی کوردستان کە جگە لەوەی لە ڕەوشێکی نالەبار و پڕ لە تەنگەژە هەڵگیرسا ، لە هەمان کاتیشدا جیاواز لە شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی تر توانی ببێتە چەتری کۆکردنەوەی هەموو پێکهاتەکان بەبێ جیاوازی ئایین و نەتەوە و مەزهەب کە ئەمەشیان فاکتەری بەهێزی سەرکەوتنی شۆڕش بوو ، چونکە هەر هەموو پێکهاتەکان لەژێر سەرکردایەتی بارزانیی نەمر بڕیەک مەبەست و ئامانج و لەیەک سەنگەردا ڕێکخرابوون کە سەرئەنجام توانییان ڕژێمی ئەوکاتی عێراق ناچار بکەن تا بیر لە مۆرکردنی ڕێککەوتننامەیەک بکاتەوە، ئەمەش یەکەم جاربوو شۆڕشێکی کوردستانی بتوانێ بەم شێوەیە ڕژێمی عێراق ناچاربکات تا بە فەرمی دان بە مافی ئۆتۆنۆمی و دەسەڵاتێکی خۆجێیی و بە فەرمی کردنی زمانی کوردیدا بنێت، کە ئەم ڕێککەوتنامەیەش بووە بەڵگەیەکی میژوویی کە سەنگ و کاریگەریی خۆی هەیە بۆهەتاهەتایە ، چونکە بەهۆیەوە دۆزی ڕەوای گەلی کوردستان بە هەموو جیهان ناسێندرا، لەهەمانکاتدا ڕێککەوتننامەکە بەڵگەیە لەسەر سەرکەوتنی شۆڕشی ئەیلوول و کاریزمایی بارزانیی نەمر،هەرچەندە دوژمنان هەوڵی لەناوبردنی شۆڕشەکەیان دا، بەڵام نسکۆی سەرنەکەوت کە ئیمڕۆ بەهۆی ئەو ڕەوتە ئازادیخوازەی کە بەرهەمهێنەری شۆڕشی ئەیلوول بوو، ئەوا بەهێزتر لە جاران بەرەو پێش دەچێت و ئەو ڕەوتە ئازادیخوازە ئێستا بە هێزێکی گەورە و کاریگەر دادەنرێت لە ناوچەکەدا.



نەوزاد زادە

میژووی زۆربەی گەلانی جیهان، بەتایبەتیش گەلانی ژێردەست، پڕە لە کاری پڕشکۆداری و شانازی، کە لە ڕێی بەدەستهێنانی ئازادی و سەربەخۆیی و چەسپاندنی ناسنامەکەی و دامەزراندنی قەوارەی سیاسی و بەدیهێنانی ئامانجەکانی گەل تۆمار کردووە، زۆربەی ئەو داستان و ڕووداو مەزنانەش، سەرکردە و پێشەوای لێهەڵکەوتوو پاڵپشتیان بوون کە گیانی خۆیان کردۆتە قوربانی و ژیانی خۆیان لەپێناوی دۆزی گەل و بیروباوەری بەرزی خۆیان تەرخان کردووە و ئامانجی هەرە سەرەکیشیان ڕزگارکردنی گەل و نیشتمانەکەیان بوو ، بەرادەیەک کە ناوی ئەو سەرکردانە هاوبەند بوو لەگەڵ ژیان و بەردەوامبوونی ئەم نەتەوانە، وێڕای هەموو ئاستەنگ و گرفتێک، بارەکەی وا هەڵکەوتووە کە لە ڕوانگەی گەلەوە وەک سەرکردە و ڕابەری ڕزگاریخوازی تێیان بروانن، کە هەمیشە شانازییان پێوە بکەن.

لە میژووی بزاڤی ڕزگاریخوازیی کۆن و نوێی هەر گەلێکدا ڕەنگە دەیان ڕابەر و کەڵە مرۆف هەڵکەوتبن، بەڵام دەگمەنن ئەو سەرکردە و ڕابەرانەی لە دیرۆکی نەتەوەکەیاندا هەر بە نەمری مابنەوە و شوێن پەنجەی دیاریش بەسەر میژووی گەلەکەیانەوە جێ هێشتبن.

میللەتی کوردیش کە یەکێکە لە دێرینترین گەلانی دەڤەرەکە، سەدان سەرکردە و شۆڕەسوار جڵەوی ئەم کاروانەیان بەدەستەوە گرتووە و پێشەنگایەتی بەرخودانی نەتەوەکەیان کردووە، بەڵام هیچ ڕابەر و سەرکردەیەکی کورد بەقەد (بارزانیی نەمر) ڕۆڵ و کاریگەری لەسەر بەرەوپێش بردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد نەبووە، هیچ سەرکردەیەک بەقەد ئەم تێکۆشەرە مەزنە لەپێناوی سەربەخۆیی و ڕزگارکردنی گەل و نیشتمانەکەی تاڵی و سوێری و ئاوارەیی و ئازاری نەبینیوە، مللەتی کوردیش هەر لە سەرەتای سیپەکانی سەددی بیستەمدا (بارزانی) بەتاکە ڕابەر و پێشەوا ڕزگاریخوازەکەی دەستنیشان کردووە.

بارزانی سەرکردەیەکی بێ هاوتای گەلی کورد، چونکە مەزنایەتی ئەو سەرکردەیە نایەتە باس و وەسفکردن و قەڵەمیش لە توانایدا نییە بە تەواوەتی مافی ڕەوای کاروانی خەباتی بێتوچانی ئەو پێشەوایە بدات و کارە گرنگ و بەرزەکانی ماوەی ژیانی پڕ خەبات و تێکۆشانی بێتوچانی بنرخێنێت کە هەمیشە هەر هێرشبەر بووە و هەرگیز پاشەکشە و گەرانەوەی نەزانیوە.

بارزانی نەمر ئەو سەرکردە لێوەشاوە بوو کە لە میژووی بزاڤی ڕزگاریخوازیی هاوچەرخی نەتەوەی کورد کە بۆ ماوەی (50) ساڵی تەواو پێگەی ڕابەرایەتی و سەرکردایەتی گرتە ئەستۆ و ناوەکەشی بووە هاوشانی شۆڕشی کورد تا ڕۆژی کۆچی ناوادەی لە (1)ی ئاداری ساڵی (1979). دواتر بووە سومبولی هەمیشەیی خەباتی ئازادیخوازیی کوردستان.

کۆچی ناوادەی (بارزانیی نەمر) لە ڕۆژانێکی سەختی ئەو کاتەدا کۆستێکی گەورە بوو بۆ میللەتی کورد، بەڵام نەمری و بەردەوامی و گەشەکردنی ڕێبازە پیرۆزەکەی بە ڕابەرایەتی سەرۆکی هێژا جەنابی (مسعود بارزانی) کە نەیهێشت ئەو کۆستە گەورەیە بە گەلی کوردستانەوە دیار بێت و بڕینەکەیان سارێژکرد.

بارزانی سەرکردەیەکی هەڵکەوتووی شۆڕشی ئەیلوولی مەزن بوو، مایەی شانازی و بەدەستهێنانی پشتیوانییەکی جەماوەری و میللی بێوێنە بوو، بروا و متمانەی خەڵک بەو ڕابەرە بلیمەتە کارێکی وای کرد کە دەیان هەزار لە ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد و ڕۆڵەکانی گەلی کوردستانیش بە جیاوازی ڕەگەز و ئایین و تایەفەیان لە ژێر ئاڵای ئەو ڕابەرەدا خەبات بکەن و لە ژێر ئەم ئاڵا پیرۆزەدا بحەوێنەوە.

بارزانی سەرکردە و ڕابەر هەموو ژیانی خۆی لە پێناوی کێشەی ڕەوای گەلی کوردستان تەرخان کرد و بەهۆی سەرکردایەتی کردنی و حیکمەتەکانی و زۆربەی ئەزموونەکانی توانی کێشەی گەلی کورد لە زۆربەی بوارەکاندا بەرەو پێشەوە بەرێت و بوو بە یەکێک لە سەرکردە و ڕابەرە هەرە دیارەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردستان. بارزانی توانی ئەوەش بسەلمێنێ کە کەسێکی دیکەی وەکو خۆی نییە بتوانێ وشەی کورد کۆبکاتەوە، بەهۆی ئەوەی کە توانی داواکارییەکانی گەلی کورد بە جورێکی ئەوتۆ گەلاڵە بکات کە لەوپێش نەکرابوو. تا دوا هەناسەشی داواکارییەکانی هەر ڕەوا و واقعی بوون.

بارزانی لە 21/8/ 1958دا مۆسکۆی بەرەو ڕومانیا بەجێهێشت، میرحاج ئەحمەد و ئەسعەد خۆشەوی لەگەڵ خۆی برد، لەلایەن سەرۆکی ڕۆمانیا پێشوازی لێکرا، لە (بوخارست)ەوە بەهۆی باڵیۆزخانەی کۆماری عەرەبی یەکگرتووی (میسر) بکات لە (پراگ) بۆ ئاسانکاری گەڕانەوەی لە 2/9/1958)، وەزارتی دەرەوەی عێراق بروسکەیەکی بۆ باڵیۆزخانەی کۆماری عەرەبی یەکگرتووی (میسر) لە (پراگ) نارد بۆ ئاسانکاری گەڕانەوەی (بارزانی) و هەڤاڵانی، بارزانی بریاری دا گەشت بکات بۆ (قاهیرە) و لەوێش چاوی کەوت بە (جەمال عەبدولناسر) دواتر لە (10/1958 /6) گەیشتەوە وەڵامی بروسکە و نامەی بارزانیی نەمری دایەوە: "بە شادییەوە بروسکەکەتانمان وەرگرت، ئێمە هەموومان بەخێرهاتنەوەی گەڕانەوەتان دەکەین بۆ عێراقی خۆشەویست، هەموو پێوستییەکمان بەجێ هێناوە بۆ دەرچوونی بەخشینتان و ئاسان کردنی سەفەری خۆت و میرحاج و ئەسعەد خۆشەوی و ئەو هاونیشتمانییانەی لەگەڵتانن، سەر لە بالۆێزخانەی عەرەبی یەکگرتوو بدەن لە پراگ - چیکۆسلۆڤاکیا- بۆ سازکردنی گەرانەوەتان".

دوای نارەدنی بروسکە و نامەی پیرۆزبایی بۆ (عەبدولکەریم قاسم) لەلایەن (بارزانی)یەوە، لەبەرامبەردا قاسم ئەم هەنگاوەی بە ئەرینی و ئیجابی لەقەڵەم دا، بۆیە بریاریدا ئاسانکارییان بۆ بکەن و کار بکات لەمەڕ بەخشینی (بارزانی) و هەڤاڵانی لە هەموو ئەو بریارانەی کە لە دادگاکانی سەردەمی پاشایەتی دەرچووبوون. بۆیە داوای لە بارزانی کرد سەردانی باڵیۆزخانەی کۆماری عەرەبی یەکگرتووی (میسر) بکات لە (پراگ) بۆ ئاسانکاری گەڕانەوەی لە 2/9/1958)، وەزارتی دەرەوەی عێراق بروسکەیەکی بۆ باڵیۆزخانەی کۆماری عەرەبی یەکگرتووی (میسر) لە (پراگ) نارد بۆ ئاسانکاری گەڕانەوەی (بارزانی) و هەڤاڵانی، بارزانی بریاری دا گەشت بکات بۆ (قاهیرە) و لەوێش چاوی کەوت بە (جەمال عەبدولناسر) دواتر لە (10/1958 /6) گەیشتەوە بەغدا و لەڕێگای فڕۆکەخانەی موسەننا پێشوازی گەرمی لێکرا، بەهەزاران هاوواڵتی دڵسۆزی کوردستان و عێراق پێشوازییان لێ کرد. خەڵک کەیف خۆشی و شادیی خۆیان دەبڕی.

ئەو پێشوازییە گەرمەی لە فڕۆکەخانە بۆ بارزانی کرا و بەهەزاران ڕۆڵەی کورد و عەرەب و کەمایەتییەکان بەشداربیان تێدا کرد.

هەرلەسەرەتای شۆڕشی چواردەی تەموزدا، کورد بەگشتی پاڵپشتی شۆڕشەکە بوون. ئەوەی جێگای سەرسوڕمان بوو(عەبدولکەریم قاسم) هەرگیز بیری لە دۆستی خۆی نەکردەوە و بە قسە و فیکی خەڵکانی نادڵسۆزی باوەڕی دەکرد. لەلایەکی تەرەوە هەواڵگری (ئیران، ترکیا و بەریتانیا) دەستیان کرد بە پێوندی لەگەڵ هەندێک هۆز، ئەو هۆزانەی لایەنگری ئینگلیزبوون و دەزگا هەواڵگرییەکانی حکوومەتە ئیقلیمییەکان دژی بزاڤی ڕزگاریخوازیی کورد کاریان دەکرت. لە کۆتایی ساڵی 1959 (قاسم) دەسەڵاتی تەواوای دایە دەست موتەسەریفی لیوای هەولێر و بەڕێوبەری پۆلیسی لیوای موسڵ، هەڵسان بە پرچەککردنی هۆز و خێڵەکانی دراوسێی ناوچەی بارزان. لەبەهاری 1961 هەندێک کەسایەتی هۆزێکی ناوچەکە پەلاماری چەند گوندێکی دەڤەری بارزانیاندا. دوای سەردانی (شێخ ئەحمەدی بارزانی) بۆ بەغدا بۆی دەرکەوت کە (قاسم) کەوتۆتە ژێر گوشاری عەرەبە شۆڤێنییەکان و بەعسییەکان.

لە 30/7/1961دا مەکتەبی سیاسی پارتی نامەیەکی تێروتەسەلی نارد بۆ (قاسم) تێیدا هەموو پێشێلکارییەکانی حکوومەتی خستەڕوو، داوای کرد سنوورێک بۆ ئەم گرژییانە دابنرێت، داوای کرد هەموو کێشەکان بەڕێگای گفتوگۆ چارەسەر بکرێن، بەڵام (قاسم) هەموویانی پشتگوێ خست. لەئەنجامدا کار گەیشتە ئەوەی کە (مستەفا بارزانی) شۆڕشی ئەیلوولی لە 11ی ئەیلوولی 1961 ڕابگەیێنێت.

لە کۆتایی ساڵی 1960دا کار لە کوردستان گەیشتە قۆناغێکی ناسک، پاشگەزبوونەوەی حکوومەت لە کردەوە باشەکانی پاش شۆڕشی 14ی تەموز لەمەڕ جێبەجێ کردنی بەندی سێیەم لە دەستووری کاتی دریژەی کێشا.

ناتەواوی گەورە لە پەیوەندیی نێوان گەلی کورد و حکوومەتی عێراقدا ئەوەبوو کە بەرنامەیەکی ڕوون نەبوو بەندی سێیەمی دەستووری لەسەر بخرێتە کار و مافی نەتەوایەتی گەلی کورد دیاری بکات.

حکوومەت دەستی کرد بە دەرکردنی ئەفسەر و فەرمانبەرانی کورد لە سوپا و دایرەکانی بەتایبەتی لە پارێزگا کوردەکاندا، کارببەدەستە کۆنەپەرست و شۆڤێنییەکان هەڵی ئەم بارەیان قۆستەوە، لەگەڵێک ناوچەدا خوێندنی کوردییان تێکدا و دەرچوونی کێبڕکێی سیاسی و ئەدەبیان لەکوردستاندا قەدەغە کرد و حکوومەت بەتەواوی پێداویستییەکانی گەلی کوردی خستە لاوە. ئەوەی زیاتر هەستی عەبدولکەریمی جوڵاند، سەردانەکەی بارزانیی نەمر بۆ یەکێتی سۆڤییەت لە 11/ 5/ 1960 لەسەر بانگهێشتی حکوومەتی سۆڤییەت بۆ بەشداریکردنی لە ئاهەنگەکانی ئۆکتۆبەر. بارزانی لە مۆسکۆ بە گەرمی پێشوازی لێکرا و خرۆشۆڤیش پێشوازی لێکرد. سۆڤییەتییەکان بەڵێنی پشتگیری بارزانی و گەلی کوردیان دا لە تێکۆشانە ڕەواکەی بۆ مافە ڕەواکانی و پێشکەشکردنی هەموو جۆرە یارمەتییەک ئەگەر گەلی کورد لەلایەن حکوومەتەوە پەلامار درا.

بارزانیی نەمر لە 1/ 13/ 1961دا گەڕایەوە بەغدا و بۆ ڕۆژی دوایی داوای چاوپێکەوتنی عەبدولکەریم قاسمی کرد، بەڵام ئەو بە ئەنقەست چاوپێکەوتنەکەی دواخست. بارزانی هەفتەیەک لە چاوەڕوانیدا بوو تا توانی عەبدولکەریم ببینێ .

بارزانی لە قەسەکانی عەبدولکەریم قاسم بۆی دەرکەوت کە ئەوەندەی گومانی لە دڵدایە، هەروا بەسانایی پاک نابێتەوە، ئەو پێی وابوو کە بارزانی ڕکابەری سەرکردایەتی لەگەڵ دەکا.

بارزانی بەغدای بەجێهێشت و لە سەرەتای ئازاری 1961 بەیەکجاری گەڕایەوە بارزان، عەبدولکەریم فەرمانی دا بە داخستنی ڕۆژنامەی خەبات و گرتنی ژمارەیەک لە کادرانی لیژنەی ناوەندی، ئێدی پارتی کەوتە کارکردنی نهێنی و جەماوەری ڕێکخست بۆ ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوەی هەر پەلامارێک حکوومەت بیکاتە سەر کوردستان. بارزانیش بەرەوپێشی بەین و پاڵپشت و پشتیوانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بین، کە مایەی خۆشحاڵییە سیمای پێکەوەژیان لەهێڵە گشتی و ستراتیژییەکانیدا بەدی دەکرێت، کە گرنگە لەم قۆناغەشدا بایەخی زیاتر بە فەرهەنگی پێکەوەژیان بدەین، بۆ لەناوبردن و بنبڕکردنی هزری توندڕەوی و تیرۆریستی کە هەمیشە دوژمنان کاری لەسەر دەکەن، کە ناکرێت لەم دەرفەتەدا باس لەرۆڵ و قارەمانییەتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان نەکەین کە لەچەند ساڵی ڕابردوودا توانییان بەرەنگاری تیرۆریستانی داعش ببنەوە و پارێزگاری لە بەها ئایینییە جیاوازەکان بکەن و ئەوەی داعش هەوڵی لەناوبردنی دا پێشمەرگەی کوردستان بەرێنمایی سەرۆک بارزانی پاراستی و دووبارە بنیاتی نایەوە، بەدڵنیاییەوە تەنها بەپاراستنی فەرهەنگی پێکەوەژیان دەتوانین وەک برا بژین، چونکە هەموان لەمرۆڤ بوونداً براین و هیچ جیاوازییەکی نەتەوەیی و ئایینی کێشە نییە، بەڵکو هەڵسەنگاندنی مرۆڤەکان لەسەر بنەمای ڕەفتارەکانیەتی نەک بیروباوەڕەکەی، هەرئەمەشە وادەکات هەمیشە کوردستان بەماڵی گەورەی هەموان بمێنێتەوە.

سڵاو و درود بۆگیانی پاکی سەرجەم شەهیدانی کوردستان.

سڵاو و درود بۆگیانی پاکی هەڵگیرسێنەری شۆڕشی ئەیلوول بارزانیی نەمر.

ڕێبەری نەتەوەکەمان بارزانیی نەمر و هەڵگیرساندنی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول

وون بوون

ناسنامەی پەیانگای پۆلی تەکنیکی هەولێر بەشی گەیاندن بەناوی رابەر جەمال عبدالرزاق وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەڕچوونی.

* * *

وون بوون

ناسنامەی پەیانگای تەکنیکی کارگێری هەولێر بەشی کارگێری بازارگیری بەناوی بەختیار جعفر حمد وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەڕچوونی.

* * *

وون بوون

مەنەفێست بەناوی علی محمود علی جۆری ئۆتۆمبێل ساحبە زراعة نیو هولند مۆدێل ٢٠٠٤ ژمارەی ئۆتۆمبێل ١٠٤١٤ کاتی ژمارەی شاسی: ACM٢٢٠٨٢٣ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەڕچوونی.

* * *

وون بوون

مەنەفێست بەناوی شرکة هبە جۆری ئۆتۆمبێل رافعە شوکیة کۆماتسو مۆدێل ٢٠٠٨ ژمارەی ئۆتۆمبێل ٨٩٧٢ کاتی ژمارەی شاسی: M٢٤٨٥٥٠٠٦ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەڕچوونی.

* * *

محكمة المواد الشخصية في الشمال

اعلان

الى المدعو : نويل قاسم عمر

للطلب المقدم من قبل المستدعيه (باكزه احمد محمود) المتضمن نصبها قيمة عليك ولمجهولية محل اقامتك في الوقت الحالي تقررت المحكمة تبليغك اعلانا في صحيفتين محليتين للحضور امام المحكمة ولك الاعتراض على ذلك خلال ثلاثين يوم وعند عدم حضورك سوف تتخذ المحكمة الاجراءات ضدك وفق الاصول

القاضي /سعود حمود الذعار

* * *

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)

ئاگادارى

بەروار: ٢٠١٩/٩/١٠

بەپێ ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (جاسم رسول مصطفى) لە بەرواری ٢٠١٩/٩/٥ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وێستا دانداراوە لە (پ.باشوور) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە، بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە رێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی راگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە رۆژدا، واتە رۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە، وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازیبوون بۆماوەی حەوت رۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار، بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.

دادنووس / شوان فوزی زکی

ئامێرەکان:

١- کابیسەی بلۆك و بۆری کۆنکریت ژمارە/ ٠٠,٠٨٤ دروستکراوی المانی مۆدێل ٢٠٠٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢٥,٥.

٢- خەباتەی تێکەڵکردنی مواد ژمارە/ ٠٠,٠٨٥ دروستکراوی المانی مۆدێل ٢٠٠٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢٠.

٣- ئامێری کەڕاف ژمارە/ ٠٠,٠٨٦ دروستکراوی المانی مۆدێل ٢٠٠٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢,٠.

* * *

بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی هەولێر

لێژنەی فرۆشتن و بەکرێدانی دووەم لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانییەکانی هەولێر

ژمارە ٥٠/١٠٠

ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٩/٥

ئاگادارى

لێژنەی سەرەوە هەڵدەستێ بە بەکرێدانی (٢ شوێن مولکی شارەوانی) بە مزایدەی ئاشکرا بەم شێوەی کە لە خوارەوە دیار کراوە ئەو کەسەی نیازی بەشداربوونی هەیە لە زیادکردنی ئاشکرا با سەر لە سەرۆکایەتی شارەوانی بنەسڵاوە بدات مزایدەکە ئەنجام دەدرێت لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٠/١٠ کاتژمێر (١٢:٣٠) دانزەو نیو لە ڕۆژی دیارکراو کرێگرتەش دەبێ بارمتەی یاسایی بە ڕێژەی (٢٠٪) لە کرێی خەملێندراو لەگەڵ خۆی بهێنی هەروەها کرێی بڵاوکردنەوە و خەرجی تریش دەکەوێتە ئەستۆی خۆی.

١- ژمارە و جۆری زەوی/ شوێنی (روون گۆری ئۆتۆمبێل) لەسەر بەشێك لە پارچە زەوی ژمارە (١/١٠٨٣٤ ك ٨٦ بنەسڵاوە) لەسنوری شارەوانی بنەسڵاوە رووبەری زەوی بەم٢/ ٤٩٤,٨٧م٢ کرێی سالانەی خەملێندراو بۆ ١م٢ ٥٠٠٠ پێنج هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/٥ ساڵ بەزیادکردنی ئاشکرا.

٢- ژمارە و جۆری زەوی/ شوێنی (جوانکاری ئۆتۆمبێل) لەسەر بەشێك لە پارچە زەوی ژمارە (١/١٠٨٣٥ ك ٨٦ بنەسڵاوە) لەسنوری شارەوانی بنەسڵاوە رووبەری زەوی بەم٢/ ٣٥٥,١٣م٢ کرێی سالانەی خەملێندراو بۆ ١م٢ ٢٥٠٠ دوو هەزار و پێنج سەد دینار ماوەی بەکرێدان/٥ ساڵ بەزیادکردنی ئاشکرا.

ئەندازیار/ نەبەز محی الدین نافذ

بەڕێوەبەری گشتی شارەوانیەکانی هەولێر

* * *

دادگای باری کەسێتی کۆیە

ژمارە/٢٣٨/ش/٢٠١٩

بەروار/ ٢٠١٩/٩/١٠

ئاگانامە

بۆ/ داوالێکراو(ئاواز کاکەمم عبدالله) دانیشتووی شاری کۆیە بەلام ئێستا شوێنی نیشتەجێ بوونی نادیارە

لەسەر داخوازی داواکار (کەمال مصطفى معروف) لەداوای ژمارە(٢٣٨/ش/٢٠١٩) لەم دادگایەلەسەرت تۆمار کردووە تیایدا داوای برینی بژێوی کورەکەی (زامو) ئەکات وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونی نادیارە بەگوێرەی ڕوونکردنەوەی ئاگادارکەرەوەی دادی لەم دادگایە وەپشتگیری ئەنجوومەنی شارەوانی کۆیە، وەپشت بەستن بەمادەی(٢١) لە یاسای دادبینی دادگا بڕیاریدا ئاگادارتان بکاتەوە بە ناوەڕۆکی ئەم داوایە لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگانامەیە لە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بۆ ئەوەی دادبینی ریکەوتی (٢٠١٩/١٠/١٣) لەم دادگایە ئامادەبیت خۆت یان بریکاری یاسایت بە پیچەوانەوە دادگا داوایەکە یەکلایی دەکاتەوە بەگوێرەی یاسا.

دادوەر / شوان صابر اسعد

* * *

دادگای باری کەسێتی لە کەلار

ژمارە: ٣٢٣/ش/٢٠١٩

ئاگادارى

بۆ داوالەسەرکراو/ نجدت محمود علی

داواکار (صبیحە ابراهیم محمد) داوای ژمارە (٣٢٣/ش/٢٠١٩) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت وە تیایدا داوای (جیابوونەوە)ی کردووە وە بریار دەرچووە بە پاشملە دەرهەق بە تۆ بە لەیەك جیاکردنەوەتان لەگەڵ داواکار لەبەر ئەوەی ئێستا شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بە پێی اشعاری ئەنجومەنی گەڕەکی (کەلار- بنگرد) بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بە ئاگادارکردنەوەت بە بڕیاری دادگا لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆی بە مەبەستی ئاگاداربوونت بەو بڕیارە پاشملەیە بۆیە مافی تانەگرتن (اعتراض) و پێداچوونەوەت هەیە لە ماوەی یاسایدا بە پێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت.

دادوەر/ پروین علی احمد

* * *

وەزارەتی شارەوانی و گەشتو گوزار

بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان

سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری

کارگێڕی و خۆیەتی

ژمارە : ١٦٨٦

ریکەوت : ٢٠١٩/٨/٢٩

ئاگادارى

سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری ئاگاداری هەموو ئەو هاوڵاتیانە دەکاتەوە کە ساڵانی (١٩٨٧ – ١٩٨٩) زەویان لەناحیەی رزگاری،(صمود) وەرگرتووە کە هاوڵاتی (عبدالرحیم خلیفە حمە امین) خاوەنی زەوی ژمارە هەوائی (٦١٧٦) داوای ڕێگا پێدانی کردوە بەمەبەستی دروستکردنی خانوو ، هەر هاوڵاتیەك گلدانەوەی لەسەر ئەو پارچە زەوییە هەیە لەماوەی (٣٠) ڕۆژدا لەپاش بڵاو کردنەوەی ئەم ئاگاداریە ئاگاداری سەرۆکایەتی شارەوانیان بکاتەوە بە پێچەوانەوە شارەوانیان کاری یاسایی بۆناوبراو دەکات .

ئەندازیار/ ارسلان احمد محمد

سەرۆکی شارەوانی رزگاری

* * *

وەزارەتی شارەوانی و گەشتو گوزار

بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان

سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری

کارگێڕی و خۆیەتی

ژمارە : ١٧٦٨

ریکەوت : ٢٠١٩/٩/٥

ئاگادارى

سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری ئاگاداری هەموو ئەو هاوڵاتیانە دەکاتەوە کە ساڵانی (١٩٨٧ – ١٩٨٩) زەویان لەناحیەی رزگاری،(صمود) وەرگرتووە کە هاوڵاتی (فائق نامق محمد علی) خاوەنی زەوی ژمارە هەوائی (٤٠٤٨) داوای ڕێگا پێدانی کردوە بەمەبەستی دروستکردنی خانوو ، هەر هاوڵاتیەك گلدانەوەی لەسەر ئەو پارچە زەوییە هەیە لەماوەی (٣٠) ڕۆژدا لەپاش بڵاو کردنەوەی ئەم ئاگاداریە ئاگاداری سەرۆکایەتی شارەوانیان بکاتەوە بە پێچەوانەوە شارەوانیان کاری یاسایی بۆناوبراو دەکات .

ئەندازیار/ ارسلان احمد محمد

سەرۆکی شارەوانی رزگاری

* * *

بڕیاری لای خۆی دەرکرد لە بەرواری (٢٠١٩/٨/٢٠) بە پەسەندکردنی تەڵاقی دەرەوەی دادگا و لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت دادگا بڕیاری دا ئاگادارتان بکاتەوە بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانەوە ئەگەر لەماوەی یاساییدا هەڵنەستیت بەتانە لێدانی بڕیارەکە بە (اعتراض و تمییز) ئەوا بڕیارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بەپێ ی یاسا.

دادوەر/ قادر بارام فتاح

* * *

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/هەولێر

ژمارەی دۆسیە/٢٠١٨/٣٧٥٧

ڕێکەوت/٢٠١٩/٩/١٠

جارِدان

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر مولکی ژمارە ٣٤ کە کەوتوەتە دبی ستی دەفرۆشێت، خاوەنەکەی قەرزار کۆمپانیای ڕۆژهەلات کە گلدانەوەی خراوەتەوە سەر لەجیاتی قەرزی محمد صالح سعدالله بەبڕی/ ١,٣٨٧,٢٨٦,٥٠٠ ملیار دینار هەرکەسێ ئارەزوومەند ٣٠ سی ڕۆژ لە ڕۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەڵ بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی وڵاتنامەی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کڕیارە.

جێبەجێکاری داد / ئاری فیصل دەباغ

١ – شوێن و ژمارەی/ ڤیلای ژمارە ٣٣ دبی ستی

٢ – ڕەگەزو جۆری/ مولکی تەواو

٣ – سنوورو ئاگاداری/ هەر وەك لەنەخشەکەدا هاتووە

٤ – پێکهاتەکەی/ خانویەکی دوو نهۆمی – یەکەم لە هۆل + استقبال + مطبخ + ١ نوم +کۆگا + ٢ حمام و ٢ مرافق.

٥ – ڕووبەرەکەی/١٠٦٠م٢

٦ - پلەی ئاوەدانکاری/

٧- نیشتەجێکەی/ هەیکەل کەسی تێدا نەبوو.

٨ – نرخی قرساو/ ٣٨٤,٠٠٠,٠٠٠ سێ سەدو هەشتا و چوار ملیۆن دینار

* * *

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/هەولێر

ژمارەی دۆسیە/٢٠١٨/٣٧٥٧

ڕێکەوت/٢٠١٩/٩/١٠

جارِدان

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر مولکی ژمارە ٣٤ کە کەوتوەتە دبی ستی دەفرۆشێت، خاوەنەکەی قەرزار کۆمپانیای ڕۆژهەلات کە گلدانەوەی خراوەتەوە سەر لەجیاتی قەرزی محمد صالح سعدالله بەبڕی/ ١,٣٨٧,٢٨٦,٥٠٠ ملیار دینار هەرکەسێ ئارەزوومەند ٣٠ سی ڕۆژ لە ڕۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەڵ بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی وڵاتنامەی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کڕیارە.

جێبەجێکاری داد / ئاری فیصل دەباغ

١ – شوێن و ژمارەی/ ڤیلای ژمارە ٣٣ دبی ستی

٢ – ڕەگەزو جۆری/ مولکی تەواو

٣ – سنوورو ئاگاداری/ هەر وەك لەنەخشەکەدا هاتووە

٤ – پێکهاتەکەی/ خانویەکی دوو نهۆمی – یەکەم لە هۆل + استقبال + مطبخ + ١ نوم +کۆگا + ٢ حمام و ٢ مرافق.

٥ – ڕووبەرەکەی/١١١٢م٢

٦ - پلەی ئاوەدانکاری/

٧- نیشتەجێکەی/ هەیکەل کەسی تێدا نەبوو.

٨ – نرخی قرساو/ ٤٢٠,٠٠٠,٠٠٠ چوار سەدو بیست ملیۆن دینار

* * *

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/هەولێر

ژمارەی دۆسیە/٢٠١٨/٣٧٥٧

ڕێکەوت/٢٠١٩/٩/١٠

جارِدان

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر مولکی ژمارە ٤٠ کە کەوتوەتە دبی ستی دەفرۆشێت، خاوەنەکەی قەرزار کۆمپانیای ڕۆژهەلات کە گلدانەوەی خراوەتەوە سەر لەجیاتی قەرزی محمد صالح سعدالله بەبڕی/ ١,٣٨٧,٢٨٦,٥٠٠ ملیار دینار هەرکەسێ ئارەزوومەند ٣٠ سی ڕۆژ لە ڕۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەڵ بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی وڵاتنامەی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کڕیارە.

جێبەجێکاری داد / ئاری فیصل دەباغ

١ – شوێن و ژمارەی/ ڤیلای ژمارە ٤٠ دبی ستی

٢ – ڕەگەزو جۆری/ مولکی تەواو

٣ – سنوورو ئاگاداری/ هەر وەك لەنەخشەکەدا هاتووە

٤ – پێکهاتەکەی/ خانویەکی دوو نهۆمی – یەکەم لە هۆل + استقبال + مطبخ + ١ نوم +کۆگا + ٢ حمام و ٢ مرافق.

٥ – ڕووبەرەکەی/ ١١٨٠م٢

٦ - پلەی ئاوەدانکاری/

٧- نیشتەجێکەی/ هەیکەل لەژێر دروستکردنی دیوار/ کەسی تێدانەبوو

٨ – نرخی قرساو/ ٣٦٠,٠٠٠,٠٠٠ سێ سەدو شەست ملیۆن دینار

* * *

UNHCR
United Nations High Commissioner for Refugees
Haut Commissariat des Nations Unies pour les réfugiés

Invitation to Bid (ITB)

EXTENSION OF DEADLINE, REVISION OF THE REQUIREMENT

Establishment of a contract for the supply of registration equipment

1. Requirement:

The Office of the United Nations High Commissioner for Refugees (UNHCR) in Iraq informs qualified suppliers that the deadline for provision of bids for the following tender has been extended:

Tender Reference Number	Tender Item Description	Tender Documents AND REVISION available at the UNGM Link below
HCR/IRQ/BGD/2019/SUP/ITB/369	Establishment of a contract for the supply of registration equipment	https://www.ungm.org/Public/Notice/96068 The ITB Documents can also be requested by sending an email to irqbasup@unhcr.org. Please insert HCR/IRQ/BGD/2019/SUP/ITB/369 in the subject heading

2. IMPORTANT DATES FOR THIS ITB:

DATE AND TIME (Baghdad Time, Iraq)	ACTION REQUIRED
28 Aug 2019 (initial)	Issuance of the tender notice
17 Sep 2019 23:59 hrs., Baghdad Time, Iraq	Closing date for clarifications
02 Oct 2019, 23:59 hrs., Baghdad Time, Iraq	Deadline to submit your complete offer for this ITB

Note: UNHCR tenders are free of charge, no fees are charged to download the tender documents from the UNGM

UNHCR
United Nations High Commissioner for Refugees
Haut Commissariat des Nations Unies pour les réfugiés

دعوة عطاء

تمديد موعد استلام عطاءات اتفاقية تجهيز اجهزة تسجيل وثائق

1- المتطلبات: تود مفوضية الأمم المتحدة السامية لشؤون اللاجئين في العراق – بغداد بابلاغ الشركات ذات الكفاءة والمسجلة أصولياً لدى الحكومة العراقية بانه تم تمديد الموعد النهائي لاستلام العطاءات الخاصة باتفاقية تجهيزة اجهزة تسجيل وثائق و كما مبين ادناه.

رقم العطاء	تفاصيل المادة	يمكن الحصول على أوراق العطاء من خلال الرابط التالي:
HCR/IRQ/BGD/2019/SUP/ITB/369	اتفاقية تجهيز اجهزة تسجيل وثائق	https://www.ungm.org/Public/Notice/96068 كذلك يمكنك طلب أوراق العطاء من خلال إرسال إيميل الى IRQBASUP@UNHCR.ORG والرجاء كتابة رقم العطاء أدناه في إيميل الطلب HCR/IRQ/BGD/2019/SUP/ITB/369

2- توقيتات مهمة:

الإجراءات	التاريخ والوقت – بتوقيت العراق
اخر موعد لإستلام الأسئلة / الإستفسارات للعطاء	17 ايلول 2019 الساعة 23:59 توقيت العراق
اخر موعد لإستلام العطاءات / تاريخ غلق العطاء	2 تشرين الاول 2019 الساعة 23:59 توقيت العراق

ملاحظة : عطاءات مفوضية الأمم المتحدة السامية لشؤون اللاجئين هي مجانية وليس هناك أي مبالغ تدفع مقابل الحصول على هذه العطاءات .
يمكنكم الحصول على أوراق العطاء من خلال موقع الأمم المتحدة للسوق العالمية ***UNGM*** أو من خلال إرسال طلب عن طريق الأيميل
IRQBASUP@UNHCR.ORG

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/هەولێر
ژمارەی دۆسیە/٢٠١٨/٣٧٥٧
ڕێکەوت/٢٠١٩/٩/١٠
جاڕدان
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر مولکی ژمارە پێشانگا ١٤ کە کەوتوتە دبی ستی دەفرۆشێت، خاوەنەکەی قەرزار کۆمپانیای رۆژهەلات کە گلدانەوەی خراوەتەوە سەر لەجیاتی قەرزی محمد صالح سعدالله بەڕێ/ ١,٣٨٧,٢٨٦,٥٠٠ ملیار دینار هەرکەسێ ئارەزوومەند ٣٠ سی رۆژ لە رۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەل بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی وڵاتنامەی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کڕیارە.
جێبەجێکاری داد / ئاری فیصل دەباغ
١ – شوێن و ژمارەی/ پێشانگا ژمارە ١٤ دبی ستی
٢ – ڕەگەزو جۆری/ هەر وەک لەنەخشەکەدا هاتووە
٣ – سنوورو ئاگاداری/ مولکی تەواو
٤ – پێکهاتەکەی/ لە کۆگایەکی گەورە
٥ – ڕووبەرەکەی/
٦ - پلەی ئاوەدانکاری/
٧- نیشتەجێکەی/ کرێچی تێدابوو داوای مانەوەی کرد.
٨ – نرخی قرساو/ ٤٨٠,٠٠٠,٠٠٠ چوار سەدو هەشتا ملیۆن دینار
* * *
زانکۆی هەولێر پزیشکی
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی
ئاگاداری زیادکردنی ناشکرا
ژمارە (١)
سەرۆکایەتی زانکۆی هەولێر پزیشکی بانگهێشتی گشت بەڵێندەران دەکات بۆ بەشداری کردن لە زیادکردنی ناشکرا بۆ مەبەستی بەکرێدانی کۆشکی سەرۆکایەتی زانکۆکەمان نرخی کرینی تەندەر (٥٠٠٠٠) پەنجا هەزار دیناری عێراقیە کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی و کرێ بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
* فرۆشتنی تەندەر لە رۆژی بڵاوکردنەوەی ئەو ئاگادارییە دەست پێدەکات.
* دواکات بۆ گەراندنەوەی تەنەدرەکان ماوەی (١٥) رۆژ دوای بڵاوکردنەوەی ئەو ئاگادارییە دەبێت تا کاتژمێر (١٠) بەیانی.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێشکەش کردنی بەڵگەنامەی مۆڵەتی کارکردن.
٢- پێشکەش کردنی پاکانەی بەڕێوەبەرایەتی باجی دەرامەت.
٣- ئەوەی بەشداری دەکات نابێت فەرمانبەربێت لە دام و دەزگاکانی حکومی.
٤- بەڵگەنامەی کاری هاوشێوە پێشکەش بکات.
٥- دانانی بارمتەی سەرەتایی بەبری ٢٠٪ لە ڕێژەی کرێی خەملاندن.
٦- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت و صندوقی تەندەر دادەخرێت.
٧- گەراندنەوەی تەندەر لە بەڕێوەبەرایەتی یاسایی دەبێت و لەناو زەرفێکی داخراو کە ناو و واژووی کۆمپانیای لەسەر بێت.
بەڕێوەبەرایەتی کاروباریی یاسایی
* * *
کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی
هۆبەی سەرچاوە مرۆییەکان
ژمارە: ٣٤١٩/٢/٢
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٩/١٠
بۆ/ بەڕێز (سنور موفق شکری) فەرمانبەر
بەناونیشانی (تۆژەری پێشکەوتوو)
ئاگادارکردنەوە (اخطار)
لەبەر دەستبەکار نەبوونەوەت دوای تەواوبوونی مۆڵەتی هاوڕێیەتی هاوسەر لە ٢٠١٩/٧/٢٦ داوات لێ دەکەین بگڕێیەوە سەرکار لەماوەی ٧ ڕۆژ ئەگەر لە ناوەوەی هەرێمی ماوەی ٣٠ ڕۆژ ئەگەر لە دەرەوەی هەرێمی لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئاگادارییان لە یەکێک لە ڕۆژنامە فەرمیەکان بەپێچەوانەوە دەستبەردار دەبیت لەکارەکەت بەپێی برگەی (٤) مادەی (٣٧) لە یاسای خزمەتی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ی هەموار کراو.
پ.ی.د. سیروان عارب صادق
راگری کۆلێژ
* * *
بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارگەی خانووبەرە تێبینەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دەشتی هەولێر
بڕیاری چەسپاندنی خاوەنداریەتی خانووبەرە پشت بە کۆنووسی چەسپاندنی خاوەنداریەتی تایبەت بە خانووبەرەی زنجیرە ٢٢/٤ لە گەرەکی ٨٤ ملا عمر شوک لەڕێکەوتی: ٢٠١٩/٩/١ وە دەرنجامی ئەو لێکۆڵینەوەی لێی کراوە بەپێی دەسەڵاتەی مادەی (٤٨) ی یاسای تۆمارکردنی خانووبەرە ژمارە (٤٣)ی ساڵی/١٩٧١ی هەموارکراو بێی داوم بڕیارم دا خاوەنداریەتی تەواوی خانووبەرەی دیاری کراو بەناوی وزارة المالیة بچەسپێ و ئەم بڕیارەش بەپێی مادەی (٤٩)ی یاسای ناوبراو بۆ ماوەی (٣٠) سی ڕۆژبڵاوبکرێتەوە.
سەرۆکی لێژنەی چەسپاندنی خاوەنداریەتی
داودەری بەرایی/ نیگار احمد محمد
* * *
بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارگەی خانووبەرە تێبینەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دەشتی هەولێر
بڕیاری چەسپاندنی خاوەنداریەتی خانووبەرە پشت بە کۆنووسی چەسپاندنی خاوەنداریەتی تایبەت بە خانووبەرەی زنجیرە ٢٢/٤ لە گەرەکی ٨٤ ملا عمر شوک لەڕێکەوتی: ٢٠١٩/٩/١ وە دەرنجامی ئەو لێکۆڵینەوەی لێی کراوە بەپێی دەسەڵاتەی مادەی (٤٨) ی یاسای تۆمارکردنی خانووبەرە ژمارە (٤٣)ی ساڵی/١٩٧١ی هەموارکراو بێی داوم بڕیارم دا خاوەنداریەتی تەواوی خانووبەرەی دیاری کراو بەناوی وزارة المالیة بچەسپێ و ئەم بڕیارەش بەپێی مادەی (٤٩)ی یاسای ناوبراو بۆ ماوەی (٣٠) سی ڕۆژبڵاوبکرێتەوە.
سەرۆکی لێژنەی چەسپاندنی خاوەنداریەتی
داودەری بەرایی/ نیگار احمد محمد
* * *
دادگای باری کەسی هەولێر/٣
ژمارە:٣٨٣٧/ش/٢٠١٩/٣
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٩/١٠
جاڕدان
بۆ داوالێکراو (مرشد فیصل ویسی)، شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (ڕێباز احمد فوزی) لەم دادگایە داوایەکی لەسەرت داوالێکراو بە ژمارە ٣٨٣٧/ش/٢٠١٩/٣ تیایدا داوای (جیابوونەوە) دەکات، وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بە پێی نووسراوی ئیشعاری مختاری (هەولێر- کۆمەڵگەی سەری بڵند) بۆیە دادگا بڕیاری دا بە پێراگەیاندنت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە، بە ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ ڕۆژی دادبینی (٢٠١٩/١٠/١٣) کاتژمێر (٩) ی بەیانی.
دادوەر/ صباح قادر کاملا
* * *
دادگەها کەتن سێمێل
ژمارە/ ٥٥٧/کەتن/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٩/٣
ئاگەهداری
بو کەسێ دادگەهکری (علاءتین الالتونکارا ALAETTIN ELALTUNKARA) تو یێ هاتیە دادگەهکرن بێی ئامادەبوون بزیندانکرنا سڤك بو ماوێ ١ ئێك سال و (٦) شەش هەیڤا لدیڤ بەندێ ١/١/٤٥٦أ ژیاسا سزایێ، و ژبەر نەنیاسینا جهێ ئاکنجیبوونا تە بریار هاتەدان تۆ بهێتە ئاگەهدارکرن ب بریارا دادگەهێ بڕیکا دوو ڕۆژنامێت نیشتەجێ و تە مافێ هەی نەرازیبوونا خۆ دەربری لسەر بریارا دادگەهێ ل دەمێ هاتیە دیارکرن دیاساییدا بو دەمێ (٣) سێ هەیڤا و بەرۆڤاژی ڤێ چەندێ بریارا دادگەهێ دێ هێتە پەسندکرن و دێ هێتە بجهێنان.
دادوەر/ بیان ادیب رشید
دادوەرا دادگەها کەتن سێمێل
* * *
دادگای کەتنی دهوك
ژمارە: ١٣١٦/ج/٢٠١٩/٢
ڕێکەفتی: ٢٠١٩/٨/٢٦
ئاگەهداری
بو/ دادگەهکریێ پاشملە (عبدی صالح عبدالقادر)
ڤێ دادگەهێ بڕیاردا ب حوکمکرنا تە بەندکرنا سزایێ (٦) شەش هەیڤا ل سەر مادەی (٤٤٦/ یاسا سزای) دوسەیا ژمارە (١٣١٦/ج/٢٠١٩/٢) ئەوا هاتیە تومارکرن ل نڤیسینگەها نەهێلانا گونەهباریا دهوك ب ژمارە ٢٠١٩/٢٠ تو بهێیە ئاگەهدارکرن ب ڕێکا بەلاڤکرنێ دوو ڕۆژنامێن ناڤخۆیی و تە مافێ نەرازیبوونێ هەیە سەر بڕیارا ناڤهاتی ماوێ سێ هەیڤان ژ مێژوویا ئاگەهدارکرنا تە و بەرۆڤاژی بڕیارا پاشملە دێ جهێ بڕیارا ئامادەبوونێ گرێت.
دادوەر/ عصمت کولیك اسماعیل
* * *
دادگای باریێ کەسایەتی ل دهوك
ژمارە/ ١٠٢١/ش/٢٠١٩
ڕێکەفت/ ٢٠١٩/٩/٥
ئاگەهدارکرن ب بریارا پاشملە
ب/ ئاگەهداری
بۆ داوالێکری (ژانەمان عبدالسلام جمیل) ڤێ دادگەهێ ل ڕێکەفتی ٢٠١٩/٩/٤ ێ دکێشا ل سەری دیارکری دا ئەوا هاتیە ڤەکرن ژ لایێ داواکار (پیشەنك احمد حجی) بریاردا ب (تصدیق طلاق خارجی) دناڤبەرا تە وهەڤژینا تە یا داواکار وتە مافی نەرازیبوونێ یێ هەی دماوێ دە ڕوژان ژ ڕوژا ئاگەهدارکرنا تە ل ڕوژنامێ وبەروڤاژی وێ دێ فەرمانا ل سەری دیارکری ل سەر تە هێتە بجهێنان
دادوەر / مروان عادل اسماعیل
* * *
دادگای باری کەسایەتی لە دهوك
ژمارە/ ١١٢٨ /ش/٢٠١٩
ڕێکەفت/ ١٠ /٢٠١٩/٩
ڕاگەهاندن
بو/داوالێکری (ولید خالد محمد) ل دویڤ داخازیا داواکار (بیان حسین صالح) وکێشا ژمارا وێ ل سەری دیار کری تێدا داخازیا دانا بژێوی ژ تە کریە وژبەر نەدیار بوونا جهێ ناکنجی بوونا تە بو دادگەهێ ل دویڤ نڤیسارا بەربژارێ ب ڕێکا بەلاڤکرنێ دوو ڕۆژنامێن ناڤخۆیی و تە مافێ نەرازیبوونێ هەیە سەر بڕیارا ناڤهاتی ماوێ سێ هەیڤان ژ مێژوویا ئاگەهدارکرنا تە و بەرۆڤاژی بڕیارا پاشملە دێ جهێ بڕیارا ئامادەبوونێ گرێت.
دادوەر/ عصمت کولیك اسماعیل
* * *
دادگەها کەتن سێمێل
ژمارە/ ٥٢٧/کەتن/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٨/٢٧
ئاگەهداری
بو کەسێ دادگەهکری (ازاد احمد سعدون) تو یێ هاتیە دادگەهکرن بێی ئامادەبوون بزیندانکرنا سڤك بو ماوێ (٦) شەش هەیڤا لدیڤ بەندێ ٢٤٠ و دگەل بەندێن هەفپشك ٤٧ و ٤٨ و ٤٩) ژیاسا سزایێ، و ژبەر نەنیاسینا جهێ ئاکنجیبوونا تە بریار هاتەدان تۆ بهێتە ئاگەهدارکرن ب بریارا دادگەهێ بڕیکا دوو ڕۆژنامێت نیشتەجێ و تە مافێ هەی نەرازیبوونا خۆ دەربری لسەر بریارا دادگەهێ ل دەمێ هاتیە دیارکرن دیاساییدا بو دەمێ (٣) سێ هەیڤا و بەرۆڤاژی ڤێ چەندێ بریارا دادگەهێ دێ هێتە پەسندکرن و دێ هێتە بجهێنان.
دادوەر/ بیان ادیب رشید
دادوەرا دادگەها کەتن سێمێل
* * *
دادگەها کەتن سێمێل
ژمارە/ ٥٢٦/کەتن/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٨/٢٦
ئاگەهداری
بو کەسێ دادگەهکری (محمد خلیل سعدالله) تو یێ هاتیە دادگەهکرن بێی ئامادەبوون بزیندانکرنا سڤك بو ماوێ (١) ئێك سال لدیڤ بەندێ ٤٥٣ ژ یاسا سزایێ، و ژبەر نەنیاسینا جهێ ئاکنجیبوونا تە بریار هاتەدان تۆ بهێتە ئاگەهدارکرن ب بریارا دادگەهێ بڕیکا دوو ڕۆژنامێت نیشتەجێ و تە مافێ هەی نەرازیبوونا خۆ دەربری لسەر بریارا دادگەهێ ل دەمێ هاتیە دیارکرن دیاساییدا بو دەمێ (٣) سێ هەیڤا و بەرۆڤاژی ڤێ چەندێ بریارا دادگەهێ دێ هێتە پەسندکرن و دێ هێتە بجهێنان.
دادوەر/ بیان ادیب رشید
دادوەرا دادگەها کەتن سێمێل
* * *
دادگای کەتنی دهوك
ژمارە: ١٤٢١/ج/٢٠١٩/٢
ڕێکەفتی: ٢٠١٩/٩/٣
ئاگەهداری
بو/ دادگەهکریێ پاشملە (دیار عبدالعزیز رشو)
ڤێ دادگەهێ بڕیاردا ب حوکمکرنا تە بەندکرنا سزایێ (٦) شەش هەیڤا ل سەر مادەی (٢/ یاسا ژمارە ٦ سالا ٢٠٠٨) دوسەیا ژمارە (١٤٢١/ج/٢٠١٩/٢) ئەوا هاتیە تومارکرن ل بنگەهێ پولیسێن سرهلدان ب ژمارە ٢٠١٩/٧٨ تو بهێیە ئاگەهدارکرن ب ڕێکا بەلاڤکرنێ دوو ڕۆژنامێن ناڤخۆیی و تە مافێ نەرازیبوونێ هەیە سەر بڕیارا ناڤهاتی ماوێ سێ هەیڤان ژ مێژوویا ئاگەهدارکرنا تە و بەرۆڤاژی بڕیارا پاشملە دێ جهێ بڕیارا ئامادەبوونێ گرێت.
دادوەر/ عصمت کولیك اسماعیل
* * *
دادگای باریێ کەسایەتی ل دهوك
ژمارە/ ١٠٢١/ش/٢٠١٩
ڕێکەفت/ ٢٠١٩/٩/٥
ئاگەهدارکرن ب بریارا پاشملە
ب/ ئاگەهداری
بۆ داوالێکری دوو ڕۆژنامێن ناڤخۆیی و تە مافێ نەرازیبوونێ هەیە سەر بڕیارا ناڤهاتی ماوێ سێ هەیڤان ژ مێژوویا ئاگەهدارکرنا تە و بەرۆڤاژی بڕیارا پاشملە دێ جهێ بڕیارا ئامادەبوونێ گرێت.
دادوەر/ عصمت کولیك اسماعیل
* * *
دادگای کەتنی دهوك
ژمارە: ١٤٢١/ج/٢٠١٩/٢
ڕێکەفتی: ٢٠١٩/٩/٣
ئاگەهداری
بو/ دادگەهکریێ پاشملە (دیار عبدالعزیز رشو)
ڤێ دادگەهێ بڕیاردا ب حوکمکرنا تە بەندکرنا سزایێ (٦) شەش هەیڤا ل سەر مادەی (٢/ یاسا ژمارە ٦ سالا ٢٠٠٨) دوسەیا ژمارە (١٤٢١/ج/٢٠١٩/٢) ئەوا هاتیە تومارکرن ل بنگەهێ پولیسێن سرهلدان ب ژمارە ٢٠١٩/٧٨ تو بهێیە ئاگەهدارکرن ب ڕێکا بەلاڤکرنێ دوو ڕۆژنامێن ناڤخۆیی نیشتەجێ و تە مافێ هەی نەرازیبوونا خۆ دەربری لسەر بریارا دادگەهێ ل دەمێ هاتیە دیارکرن دیاساییدا بو دەمێ (٣) سێ هەیڤا و بەرۆڤاژی ڤێ چەندێ بریارا دادگەهێ دێ هێتە پەسندکرن و دێ هێتە بجهێنان.
دادوەر/ بیان ادیب رشید
دادوەرا دادگەها کەتن سێمێل
* * *
دادگای کەتنی دهوك
ژمارە: ١٣١٦/ج/٢٠١٩/٢
ڕێکەفتی: ٢٠١٩/٨/٢٦
ئاگەهداری
بو/ دادگەهکریێ پاشملە (عبدی صالح عبدالقادر)
ڤێ دادگەهێ بڕیاردا ب حوکمکرنا تە بەندکرنا سزایێ (٦) شەش هەیڤا ل سەر مادەی (٤٤٦/ یاسا سزای) دوسەیا ژمارە (١٣١٦/ج/٢٠١٩/٢) ئەوا هاتیە تومارکرن ل نڤیسینگەها نەهێلانا گونەهباریا دهوك ب ژمارە ٢٠١٩/٢٠ تو بهێیە ئاگەهدارکرن
تاخێ دیاری ل ڕێکەفتی ٢٠١٩/٨/٢٦ ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕۆژنامێت ڕوژانە دا نامادە بی ل ڕوژا ٢٠١٩/٩/٢٣ یان بریکارەکێ پێش خوڤە نامادە بکە وبەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملی هێتە کرن
دادوەر/ شکر سلطان عدو
* * *
دادگای بەرایی ئاکرێ
ژمارە/ ٦٨٣ /ب/٢٠١٩
ڕێکەوت/ ١١ /٢٠١٩/٩
بۆ/داوالێکراو (مجاهد محمد سعید)
ب/ ئاگاداری
داواکار (سرور غریب عمر) داوای ژمارەی سەرەوێان دەرهەق بە تۆ تومارکردووە لە بەردەم دادگاکەمان کە تیایدا داوا دەکات بری (١٣١١٠٠٠) یەك ملیون وسێ سەت ویازدە هزار دیناری بۆ بگەڕێنیەوە لە بری کەل وپەلی خۆراك ولەبەر دیارنەبونی شوێنی نیشتەجێبوونت دادگا بریاری دا بە ئاگادارکردنەوەت لە ڕێگای دوو ڕوژنامەی ناوخۆیی تاکو ئامادەبیت لە بەردەم دادگاکەمان لە ڕوژی(٢٠١٩/١٠/١٤)کە دیاریکراوە بۆ دادبینی بەپێی مادەی ١/٢١ لە یاسای دادبینی شارستانی وبەپێچەوانەوە دادگا هەلدەستیت بە دادبینی پاش ملە دەرهەق بە تۆ وەدەرکردنی بریاری پێویست بەپێ یاسا
دادوەر / خالد عثمان یوسف
* * *
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك
ژمارە / ٢٠١٩/١٠٧
ڕێکەوت/ ١٠/ ٢٠١٩/٩
ڕاگەهاندن
بریار هاتە دان ب فروتنا ترومبێلا ژمارە (٢٥٩٤٧ / اربیل - کرێ) جورێ (نیسان کوستر) مودێل (٢٠٠٧) ڕەنگ (سپی) ئەوا تۆمارکری بناڤێ قەردار (هوار حکیم حبیب) وهاتیە دەستەسەرکرن لدیڤ داخازا قەردەر (بدل حکیم حبیب) بکوژمێ (٢٠٤٠٠٠٠٠) بیست ملیون وچار سەد هزار دینار هەر کەسێ بڤێت بکریت سەرەدانا ریڤەبەریا مە بکەت ل دەمژمێر (١٢) دوازدەی نیڤرو ل ڕوژا (٣/ سێ) پشتی ڕاگەهاندنێ وتەئمیناتێن یاسایی دگەل خودا بینیت بریژا (١٠ ٪) ژ کوژمێ خەملاندی کو دبیتە (١٨٠٠٠٠٠٠) هەژدە ملیون دینار دگەل ڕەگەزنامە عیراقی بو زانین رە سمێ تومارکرنێ وەدەلالیەت لسەر بکری یە هاریڤان ایوب عبدالله / جێ بەجێ کاری داد
* * *

Crescent Petroleum

Working and Other Reporting Relationships	
HSE Manager	Frequent/daily
Senior HSE Officer	Frequent

Supervisory Responsibility
-

Minimum Educational, Technical Qualifications/Certifications Required
- Bachelor's degree in environmental/ Health or any other related discipline - NEBOSH, IOSH certification or equivalent is desirable

Minimum Professional Experience Required
Minimum 4 to 5 years' experience as an Environmental Officer. Experience within an HSE Team in the Oil and Gas Industry is desirable. Having experience to review and participate in development of HSE management system.

Special Requirements and Conditions
English and Kurdish fluently, Arabic is added advantage to have Must be physically fit, able to work under severe weather conditions.

Competencies/Knowledge, Skills and Abilities		
Core Competencies	**Behavioral Competencies**	**Functional Competencies**
• Critical Thinking — using logic and reasoning to identify the strengths and weaknesses of alternative solutions, conclusions or approaches to problems • Organizing, Planning, and Prioritizing Work — developing specific goals and plans to prioritize, organize, and accomplish your work • Good communication skills in English and Kurdish • Commitment to continuous learning	• Dependability — job requires being reliable, responsible, and dependable, and fulfilling obligations • Attention to Detail — job requires being careful about detail and thorough in completing work tasks • Stress tolerance — job requires accepting criticism and dealing calmly and effectively with high stress situations • Innovation — Job requires creativity and alternative thinking to develop new ideas for and answers to work-related problems • Very good team player • Ability to demonstrate honesty and confidentiality • Decision Making - be able to take swift and sound decisions in case of emergencies in order to assure that the safety of personnel is not jeopardized	• Reading knowledge – good understanding of HSE polices and procedures after reading. • Experience in troubleshooting & determining causes of errors and deciding what to do about it • Good knowledge of the industry. • Good knowledge on environmental hazardous

Crescent Petroleum

Job Announcement	
Position Title	**Environmental HSE Officer**
Direct Supervisor	HSE Manager
Department	HSSE
Job Location	Khormor – Qader Karam
Job Reference: EHO/HSSE/Sept /19	

Job Summary and Scope of Responsibilities

MAJOR FUNCTIONS
Provides the support necessary to contribute towards efficient health, safety and environmental management in order to create secure, safe and healthy working conditions throughout the site, while protecting the environment during maintenance and operations activities. Reports to the HSE Manager

Primary Duties and Responsibilities

ESSENCIAL FUNCTIONS

1. Have ability to analyse environmental matters and write reports.
2. Provide environmental related training courses to the workforce
3. Investigating environmental complaints
4. Liaising with other organisations such as waste handling companies
5. Introduce and Advise the company on environmental best practices
6. Keeping the company environmental procedures up to date
7. Audit and inspections on environmental best practice with company and contractors
8. Ensuring contractors reuse, recycle and dispose in the most environmentally friendly way possible
9. Ensures compliance with material safety data sheets
10. Ensures the company complies with safe handling and disposal of materials.
11. Maintains high standards of environmental and safety leadership at all times.

Reporting and Communication
12. Reports to HSE Manager on work responsibilities within the field.
13. Exhibits and maintains excellent working relationships with all Company staff.

Continuous Improvement of Position
14. Develops own professional expertise through optimising on-the-job and additional training and experiential opportunities.

Decision–making Authority

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك
ژمارە / ١٥٠٩ / ٢٠١٩/ئانابە
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٩/٨
پێراگەیاندنی فرۆشتنی بنبر
بۆ / قەرزار (مسعود صالح سعید/کومپانیا مسعود صالح سعید - گورینی دراو/تاك)
لەبەر نەزانین ونەدیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت بویە بەپێی ماددە (٦٩) دووەم لە یاسای جێ بەجێ کردن بریاردرا لە ڕێی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆوە پێت ڕابگەیەنین کە کومپانیای ئێوە بە بنبری فرۆشرا بە بری (٥٥٠٠٠٠٠٠) پەنجا وپێنج ملیون دینار لە جیاتی بری پارەی خاوەن قەرز بریاردرا فرۆشتنەکەتان پێرابگەیەنین تا وەکو لە ماوەی (٣/سێ) ڕۆژ لە ڕۆژی دوای ڕۆژی پێراگەیاندن قەرزەکە بدەنەوە کە بری (٣٦٠٠٠٠٠٠٠) سێ سەد وشێست ملیون دینار بە پێچەوانەوە کومپانیاکە بە پێ ی یاسا بەناوی کریار تۆمار دەکرێت
هاریڤان ایوب عبدالله / (جێ بەجێ کاری داد)
***
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە / ٨٣٣ /ت/٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٩/١١
ئاگەهداری
ڕێڤەبەریا مە رادگەهینیت بفروتنا ئوتومبێلا ژمارە (٥٨٧٦٩ / دهوك تایبەت) ژ جۆرێ (کیا سبورتاج ستیشن) مودێل (٢٠١٥) ڕەنگ (سپی) یا قەردار (بهاء تحسین احمد) ئەفجا هەر کەسێ بڤێت بکریت دڤێت پیداچونا ڕێڤەبەریا مە بکەت دماوێ (٣/سێ) ڕۆژانداکو دەسپێدکەت ژ ڕۆژا پاشتر ژ بەلافکرنێ ودڤێت تەئمیناتێن یاسایی دگەل خودا بینیت بڕێژا (١٠ ٪) ژ بهایێ هاتیە دان بو زانین بهایی هاتیە دان دبیتە (١٨٠٠٠٠٠٠) هژدە ملیون دینار عراقی بو زانین ڕە سمێ لێ سەندنێ ودەلالیێ لسەر بکری نە
جێ بەجێ کاری داد / ریبر سلمان خالد
***
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە / ١٠١٤ /ت/٢٠١٨
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٨/٢٥
پێراگەیاندنی فرۆشتنی بنبر
ناوی قەرزار : مرقوز یوسف فرنسیس
پشکەکەت (حق التصرف) لە مولکی ژمارە (١ کەرتی ٧٢/شیزی) ی ئیوە بە بنبری فرۆشرا بە بری (٢٥٤٥١٠٠٠) بیست وپینج ملیون وجوار سەد وپینچی وئیك هزار دیناری عیراقی لە جیاتی پارەی خاون قەرز (توما کورکیس حنا) بە پێ ماددە (٩٧/سییەم) لە یاسای جێ بەجێ کردن بریاردرا فرۆشتنەکانتان پێرابگەیەنین تا وەکو لە ماوەی (١٠) دەە ڕۆژ لە دوای ڕۆژی پێراگەیاندن قەرزەکە بدەنەوە کە بری (٢٧٧٢٠٠٠٠) بیست وحەفت ملیون وحەفت سەد وبیست هزار دیناری عیراقی یە بە پێچەوانەوە پشکەکەت لە مولکی لە سەرەوە دیار بە پێ یاسا بە ناوی کریار تومار دەکرێت
جێ بە جێ کاری داد / ریبر سلمان خالد
***
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە / ١١٥٣ /ت/٢٠١٨
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٨/٢٥
پێراگەیاندنی فرۆشتنی بنبر
ناوی قەرزار : وردیە یاقو مروکی
پشکەکەت (حق التصرف) لە مولکی ژمارە (١ کەرتی ٧٢/شیزی) ی ئیوە بە بنبری فرۆشرا بە بری (٣٨١٧٦٠٠٠) سیە وهەشت ملیون وسەد وحەفتی وشەش هزار دیناری عیراقی لە جیاتی پارەی خاون قەرز (توما کورکیس حنا) بە پێ ماددە (٩٧/سییەم) لە یاسای جێ بەجێ کردن بریاردرا فروشتنەکانتان پێرابگەیەنین تا وەکو لە ماوەی (١٠) دەە ڕۆژ لە دوای ڕۆژی پێراگەیاندن قەرزەکە بدەنەوە کە بری (٣٦٠٨٠٠٠٠) سیە وشەش ملیون وهەشتی هزار دیناری عیراقی یە بە پێچەوانەوە پشکەکەت لە مولکی لە سەرەوە دیار بە پێ یاسا بە ناوی کریار تومار دەکرێت
جێ بە جێ کاری داد / ریبر سلمان خالد
***
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە / ١٠٢٨٤ /ت/٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٨/٢٥
پێراگەیاندنی فرۆشتنی بنبر
ناوی قەرزار : سرە یوسف فرنسیس
پشکەکەت (حق التصرف) لە مولکی ژمارە (١ کەرتی ٧٢/شیزی) ی ئیوە بە بنبری فرۆشرا بە بری (٢٥٤٥١٠٠٠) بیست وپینج ملیون وجوار سەد وپینچی وئیك هزار دیناری عیراقی لە جیاتی پارەی خاون قەرز (فبرونیە جبو حنو) بە پێ ماددە (٩٧/سییەم) لە یاسای جێ بەجێ کردن بریاردرا فروشتنەکانتان پێرابگەیەنین تا وەکو لە ماوەی (١٠) دەە ڕۆژ لە دوای ڕۆژی پێراگەیاندن قەرزەکە بدەنەوە کە بری (٢٧٧٢٠٠٠٠) بیست وحەفت ملیون وحەفت سەد وبیست هزار دیناری عیراقی یە بە پێچەوانەوە پشکەکەت لە مولکی لە سەرەوە دیار بە پێ یاسا بە ناوی کریار تومار دەکرێت
جێ بە جێ کاری داد / ریبر سلمان خالد
***
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە / ١١٥٤ /ت/٢٠١٨
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٨/٢٥
پێراگەیاندنی فرۆشتنی بنبر
ناوی قەرزار : توما یوسف فرنسیس
پشکەکەت (حق التصرف) لە مولکی ژمارە (١ کەرتی ٧٢/شیزی) ی ئیوە بە بنبری فرۆشرا بە بری (٢٥٤٥١٠٠٠) بیست وپینج ملیون وجوار سەد وپینچی وئیك هزار دیناری عیراقی لە جیاتی پارەی خاون قەرز (فبرونیە جبو حنو) بە پێ ماددە (٩٧/سییەم) لە یاسای جێ بەجێ کردن بریاردرا فروشتنەکانتان پێرابگەیەنین تا وەکو لە ماوەی (١٠) دەە ڕۆژ لە دوای ڕۆژی پێراگەیاندن قەرزەکە بدەنەوە کە بری (٢٧٧٢٠٠٠٠) بیست وحەفت ملیون وحەفت سەد وبیست هزار دیناری عیراقی یە بە پێچەوانەوە پشکەکەت لە مولکی لە سەرەوە دیار بە پێ یاسا بە ناوی کریار تومار دەکرێت
جێ بە جێ کاری داد / ریبر سلمان خالد
***
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە / ١٠١٥ /ت/٢٠١٨
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٨/٢٥
پێراگەیاندنی فرۆشتنی بنبر
ناوی قەرزار : بیی حنا توما
پشکەکەت (حق التصرف) لە مولکی ژمارە (١ کەرتی ٧٢/شیزی) ی ئیوە بە بنبری فروشرا بە بری (٢٨٦٣٣٠٠٠) بیست وهەشت ملیون وشەش سەد وسیە وسی هزار دیناری عیراقی لە جیاتی پارەی خاون قەرز (توما کورکیس حنا) بە پێ ماددە (٩٧/سییەم) لە یاسای جێ بەجێ کردن بریاردرا فروشتنەکانتان پێرابگەیەنین تا وەکو لە ماوەی (١٠) دەە ڕۆژ لە دوای ڕۆژی پێراگەیاندن قەرزەکە بدەنەوە کە بری (٣٠٣١٠٠٠٠) سیە ملیون وسی سەد ودەە هزار دیناری عیراقی یە بە پێچەوانەوە پشکەکەت لە مولکی لە سەرەوە دیار بە پێ یاسا بە ناوی کریار تومار دەکرێت
جێ بە جێ کاری داد / ریبر سلمان خالد
***
دادگەها باری کەسایەتی ل سێمێلێ
ژمارە/ ٥٦٩ /ش/٢٠١٩
ڕێکەفت/ ٢٠١٩/٩/١١
ئاگەهداری
بۆ داوالیکراو (هژار نوری اسلام) جهی ئاکنجی بوونێ نەدیارە داواکار (نرکز محمد سلیم عبدالله) رابویە ب داوا شەرعی ئەوا ژمارا وێ ل سەری دیارکری ل بەرامبەر ڤێ دادگەهێ تێدا داخازا چیك جودابوون (تفریق) ژتە دکەت وژبەر کو جهێ ئاکنجی بوونا تە نەدیارە لدویف ئاگادارییا هەلبژیر ودەستەکا هەلبژارتنا پارێزگەها دوهوکێ لەورا بریار هاتە دان ئاگەهدارکرنا تە بێتە کرن ل دوو ڕۆژنامەییین ڕۆژا نەییێ نافخویێ کو ئامادەبێ ل بەرامبەر ڤی دادگەهی ل دەمژمیر (١٠) سپیدەهیا ڕۆژا ٢٠١٩/٩/٢٢ ول بەروڤاژی ڤی جەندی دادبینی ل دەرهەقێ تەدا ب نەئامادەیی وئاشکرایێ هیتە کرن.
دادوەر / زیرك محمد صدیق عبدالکریم
***
بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە
بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوەی هەولێر
خۆیەتی
ژمارە: خ/١٠١٦
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٩/١٠
بۆ/ خانوو/ لانە جعفر قادر فەرمانبەر بە ناونیشان (تێبینەر)
ئاگادارکردنەوە (اخطار)
لەبەر ئەوەی لە ڕۆژی ٢٠١٩/٩/٢ لە دەوام دابڕاوی دوای کۆتایی هاتنی مۆڵەتی دایکایەتی تاکو نێستا دەست بەکارنەبووی ئاگادارت دەکەینەوە دەست بەکاربیت بۆ ماوەی یەك هەفتە ئەگەر لەناوەوەی هەرێم بیت وە ماوەی یەك مانگ ئەگەر لەدەرەوەی هەرێم بیت بەپێچەوانەوە بەپێی یاسای خزمەتی شارستانی کۆتایی بەڕاژەکەت دێت.
سیروان عثمان حسن
بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوەی هەولێر
***
دادگای بەرایی هەولێر/٤
ژمارە: ١٣٨٩/ب/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٩/١١
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (احمد جلاالدین مصطفی
داواکار (عمار حیدر صالح) داوای ژمارە (١٣٨٩/ب/٢٠١٩)ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان بە پابەندکردنت بەنەدانی کرێی تەموز + اب + ایلول + تشرین الاول + تشرین الثانی + کانون الاول ساڵی ٢٠١٧ و ساڵی ٢٠١٨ و ٢٠١٩ کە کۆی گشتی بری ٢٥,٣٠٠ دۆلاری امریکی وە بەچۆلکردنی خانووەکە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری (هەولێر/ایتالی ٢) لە ٢٠١٩/٧/١٠ بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا بەپێراگەیاندنت لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی وە ئێوە مافی تانەی (اعتراض) و تێهەلچوونەوە وە پێداچوونەوە تان هەیە لەبریاری نەهاتووی پاشملەی دادگا لە ماوەی یاسای.
دادوەر/ محمد بهاءالدین عبدالله
***
بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ١٥٢١٢
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٨/٢٥
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (CLIMB MAX) بۆ (وەبەرهێنانی خانووبەرە/ سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (CLIMB MAX) بۆ (وەبەرهێنانی خانووبەرە/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٨/١٨) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (محمد ازاد شهاب) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بڕیارە نووسراوە لەبەروای ٢٠١٩/٨/٢٥
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ١٥٨٩٧
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٩/٣
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (Sky way) بۆ (گەشت و گوزار/ سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (Sky way) بۆ (گەشت و گوزار/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٩/١) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (احمد زکریا الله ویردی) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بڕیارە نووسراوە لەبەروای ٢٠١٩/٩/٣
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

Crescent Petroleum

Please submit your CV to our office addresses as below, no later than 21 September 2019:

1- Erbil, Gulan Park Tower, Floor 5th.
2- Sulaymaniyah, Qaiwan Tower, Floor 16th.

OR
e-mail it to us at: jobs_cpdg@crescent.ae (Kindly mention in the Subject of your e-mail the Job title and the Job reference which is Environmental HSE Officer, Ref: EHO/HSSE/Sept /19)

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (Sky way) بۆ (گەشت و گوزار/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (CLIMB MAX) بۆ (وەبەرهێنانی خانووبەرە/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

www.xebat.net
پێنج شەممە 2019/9/12 ژمارە (5826)
خەبات

فەرهەنگی سادق.. پشوودرێژی لە ئامادەکردن و بەرهەمێکی سادقانە



دڵشاد مستەفا وەسانی

یەکێک لەو کتێبانەی وەک دیارییەکی بە نرخ، لەم ساڵەدا بە دەستم گەیشتوون، کتێبی (فەرهەنگی سادق)ـە،لە دانانی سادق رواندزی، کە بە کتێبێکی بە هەیبەت و شان و شکۆم هاتە بەرچاوان، هەر واش دەرچوو، ئەو رۆژەی فەرهەنگەکەم بەدەست گەیشت، تا دەرنگانی شەو، کاتم لە خزمەتیدا دانا، کە پێم وایە نوێترین فەرهەنگی عەرەبی ژ کوردییە، ئەگەرچی دەگمەنن ئەوانەی شان دەدەنە بەر ئەرکی قورسی دانانی فەرهەنگ، چونکە رێگەیەکی پڕ هەوراز و نشێو و گەوەیە، راستەڕێ نییە و سەختەڕێیە، لێ دوای ئەوەی سالانێک پێپەوە هیلاک دەبن، ئیدی دەبێتە مۆلکی گەل و خوێنەران لە باوەشی دەگرن، منیش بابایەکی ئەو خوێنەرانە، پێشوازییەکی گەرمم لەم فەرهەنگە کرد و تۆند دەباوەشێم گرت، هەر لەو روانگەیەیشەوە، رێگەم بە خۆم دا چەند سەرە قەڵەمێک لەبارەی (فەرهەنگی سادق) بنووسم.

زانستی قاموس و فەرهەنگسازی (علم المعاجم) lexicologyئەو بەشەی زانستی زمانە، کە گرنگی بە لێکۆڵینەوەی سروشت و مانای وشە و رەگەزەکانی وشە و پەیوەندیی نێوان وشە (پەیوەندی واتە و مەبەست) و گروپ و کۆمەڵەی وشە دەدات، هەروەها گرنگی بە لێکۆڵینەوەی هەموو فەرهەنگی زمانێک لە زمانەکان دەدات، زانستی قاموس و فەرهەنگسازیش پەیوەندیی بە زانستێکی دیکەوە هەیە، ئەویش زانستی پیشەسازیی قاموس و فەرهەنگە.(۱) بەداخەوە ئەم زانستە زۆر درەنگ و بە هەوڵی تاکەکەسی، لە ناو گەلی ئێمەدا سەریهەڵداوە، ئەمەش هەر هەمووی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کوردستان خاوەنی دامودەزگای خۆی نەبووە، هەرچەندە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، هەر بە هەوڵی تاکەکەسی کار لەو بواڕە گرنگەدا کراوە.

گرنگیی فەرهەنگی عەرەبی کوردی، لەوەدا دەبینم کە یارمەتی پاراستنی زمانی کوردی دەدات، چونکە زمانی کوردیش، یەکێک لەو زمانانەیە، کە کەوتۆتە بەر شاڵاوی بڵاوبوونەوەی زمانی عەرەبی، بە وڵاتاندا، لە رێگەی داگیرکارییەوە. هەندێ تۆژەری موسڵمان، دانیان بەوەدا ناوە، کە بەهۆی بڵاوبوونەوەی زمانی عەرەبی بەو وڵاتانەی، بە قەوڵی خۆیان (فەتح) کران، زۆر زمان تێکچوون و نەماون، کە بەشێکیان زمانی ئایینی بوون و کتێبی پیرۆزی وەک عیبری و سریانیان تێدا بووە، بۆیە زانایانی ئەو زمانانە، لە ترسان قاموسیان داناوە، کە زمانی عەرەبی و زمانی خۆیان تیایاندا کۆکردۆتەوە، بۆ ئەوەی زمانیان بپارێزن و ئەوانەیش کە زمانی عەرەبییان بەسەر زماندا زاڵ بووە لێی تێبگەن.(۲)

راستە تەکنەلۆژیا بەسەر کۆی کایەکانی ژیاندا هەژموونی هەیە، ئەمە بۆ دیتنەوەی مانای وشە و گەڕان بەدوای هاووتایشیان لە ئینتەرنێتدا راستییە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، لە گرنگیی فەرهەنگ کەم ببێتەوە، فەرهەنگی سادق وەک بەرهەمێکی بەپێزی بواری فەرهەنگسازی، مەڵێبەکە دەخرێتە سەر خەرمانی فەرهەنگەکانی دیکە، بەڵام ئەوەی لەم فەرهەنگەدا هەستم پێکردووە، ئەوەیە کە بە پشوودرێژییەکی زۆرەوە ئامادەکراوە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا ئەو پەیامەمان پێ دەدات، کە فەرهەنکێکە بە مەبەستی فرۆشتن و بازرگانی کاری بۆ نەکراوە، هەرچەندە نەک هەر زۆر ئاساییە، بەڵکو مافێکی سروشتی و شەرعیی دانەرانی قاموس و هەر کتێبێکە کە بەرهەمەکەی بچنێتەوە، بەڵام مەبەستی من لە پشوودرێژی ئەوەیە، کە پەلەی لێ نەکراوە، ئاخر فەرهەنگێک خاوەنەکەی ماوەی 30ساڵ کاری تێدا کردبێت، ناکرێ بە کارێکی سەرپێیی و پەلەپەرۆژێ بچوێندرێت.

نەوەی چارەگی کۆتایی سەدەی بیستەم و پێشتریش، وێرای ئەوەی کەمتر قاموسی دەکەوتە بەردەست، بەڵام زۆر شەیدای بەکارهێنانی فەرهەنگ بوو، بەکارهێنانی فەرهەنگیش بەندە بەو دۆخەی ئێستا کە خوێندنەوە لە چاو جاران لە کەمیی داوە، هەرچەندە ئەوە هەر گرفتی کورد نییە، بەڵکو عەرەبیش وێرای ئەوەی زۆر کاری گەورەی فەرهەنگسازییان هەیە و لەو رووە زۆر لە پێش کوردن، کەچی هەمان کێشەیان هەیە، نووسەرێکی عەرەب ئامادە بەوە دەکات کە لە جیهانی عەرەبیدا پیشەسازیی فەرهەنگ پاشەکشەی کردووە و بێ بازاڕی رووی تێکردووە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگێڕێتەوە، کە خوێنەر و نووسەر و تۆژەری عەرەب وازیان لەو زەخیرەیەی زمان هێناوە، ئەمەش بۆ نزمبوونەوەی ئاستی پەروەردە و خوێندن و وازهێنان لە کلتووری بەکارهێنانی قاموس دەگێڕێتەوە.(۳)

ئەوەی زیاتر ئەم قاموسەی دەوڵەمەند کردووە و بووەتە جێگەی متمانە، وێرای سی ساڵ کاری دانەرەکەی سادق رواندزی، پێداچوونەوەیەتی لە لایەن مامۆستا جەلال زنگابادی کە زمانەوانێکی تۆژەر و ئەوانەی ئارەزووی فێربوونی هەردوو زمانی کوردی و عەرەبییان هەیە یارمەتیدەر و پشتیوانێکە، ئەوەی ئەم فەرهەنگە لە زۆربەی فەرهەنگەکانی پێشتر جیادەکاتەوە وەک زنگابادی دەڵێ، ئەوەیە کە:

1- ریزبەندیی ئەلفبێیی پێتە عەرەبییەکان بە ڕەچاوکردنی ریزبەندیی ئەبجەدی کراوە.

2- وشەی عەرەبی لە حاڵەتی دەگمەن نەبێ، بێ (ال) دانەراوە.

3- بۆ سوودی زیاتر، تاک و کۆ بۆ زۆربەی ئەو وشە عەرەبیانەی لەم فەرهەنگەدا هاتوون دانەراوە.

4- لە کاتی پێویستدا فعل و دەربڕین و رستە دانەراوە.

5- گرنگی بە جۆلاندن (تحریک)ی وشە عەرەبییەکان دراوە، بۆ ئەوەی بە ئاسانی بگوترێن و ماناکانیان کۆنترۆڵ بکرێن.

6- کۆنترۆڵکردنی مانا، لە دانانی وشە و هاوواتای کوردی بەرامبەر وشەی عەرەبی، خۆ دوورگرتن لە لێکدانەوەی وشە، مەگەر لە حاڵەتی زۆر پێویست نەبێت، چونکە لێکدانەوەی وشە جێگرەوەیەکی سەرکەوتووی ئەو وشە و هاوواتایە کوردییانە نییە کە مەبەستن.

7- دانەنانی وشەی مردووی عەرەبی، کە قەبارەی قاموسەکە گەورە دەکەن و بێ هیچ هۆیەکی پێویست قورسی دەکەن.

8- زۆر بەکارهێنانی وشەی زیندوو کە لە رووی ئەدەبی و راگەیاندنەوە بەکاردێن و لە ژیانی رۆژانەشدا بەکاردەهێندرێن.

9- دانانی وشە لە شێوەزاری دیکەی کوردی، بەتایبەتیش (شێوەزاری کرمانجیی باکوور) و تەنیا لە (شێوەزاری ناوەڕاست- سۆرانی) کورت نەکراوەتەوە.

10- بە ئاسانی بەکاردێت، چونکە وشەکانی بەپێی ریزبەندیی ئەلفبێ دانراون، بۆ نموونە مانای کوردیی وشەی (اباه) لە چوارچێوەی پێتی ال (ا) دا دەبینینەوە، هەروەها مانای کوردیی وشەی (مبید) لە چوارچێوەی پێتی ال(م) دا دەدۆزینەوە، کەچی لەو قاموسانەی بەگوێرەی ڕەگی وشە و چاوگەکانیان ڕێکخراون، گەڕان بەدوای وشەکان زەحمەتە.

چاپی یەکەمی فەرهەنگی سادق کە 2019چاپ کراوە 854 لاپەڕەیە، لەسەرەتادا سادق رواندزی دانەر فەرهەنگەکەی پێشکەش کردووە بە:(بە گیانی فەرهەنگسازان و ئەدیبانی کورد و هەموو ئەوانەی هەوڵیان داوە زمانی دێرین و شیرینی کوردیمان بە درێژایی میژوو لە ئێستا و ئایندەدا لە ژینۆساید بپارێزن، بۆ ئەو ئەدیبانەی لە پێناو چەسپاندنی برایەتی لەگەڵ گەلی کورد تێدەکۆشن)، ئینجا پێشەکییەکی نووسیوە، دواتر جەلال زەنگابادی بە زمانی عەرەبی پێشەکییەکی نووسیوە، هەروەها ڕێبەرێک بۆ کورتکراوەکان ئامادەکراوە، جگە لە پێرست کە ئاسانکاری بۆ گەڕان بەدوای پێتەکان دەکات، ئامارە بە سەرچاوەکان دراوە.

بەو پێیەی خوێندن لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بە کوردی و عەرەبی و ئینگلیزییە، جێی خۆیەتی فەرهەنگی سادق لە ناوەندەکانی خوێندن و دامودەزگای پەیوەندیدار گرنگیی پێ بدرێت، پێویستە جارێکی دی، بەتایبەتی لەسەردەمی ئێستا کە چاپخانە زۆرن، گرنگی بە کلتووری بەکارهێنانی فەرهەنگ بدرێتەوە.

پەراوێز و سەرچاوەکان:

1 - مفتش مقدوم، وظائف المعجم، تاریخ النشر 27/1/ 2012mufatismadum .wordpress.com

2 - هەمان سەرچاوە.

3- الحسن بشوش، اهمیه المعاجم فی حفظ اللغه و تطویرها، منظمه المجتمع العلمی العربی، تاریخ النشر 6یونیو 2017. ar- sco.org/article-detail-400-8-0

4 - سادق رواندزی، فەرهەنگی سادق عەرەبی- کوردی، پێداچوونەوەی جەلال زەنگابادی، چاپی یەکەم،دار روائع الکتب للطباعه و النشر و التوزیع، 2019.



سادق رواندزی

- ناوی تەواوی (سادق حاجی جەوهەر) بە سادق رواندزی ناسراوە.
- ساڵی 1964 لە رواندز لەدایک بووە.
- هەر لەوێش خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی تەواوکردووە.
- دەرچووی کۆلێژی ئاداب زانکۆی بەغدایە ساڵی 1990.
- ساڵی 2014 بڕوانامەی ماستەری لە (کارگێڕی کار) لە زانکۆی لوبنانی- فەرەنسی وەرگرتووە.
- ماستەرنامەکەی لەبارەی بەندیخانەکانی هەرێمی کوردستان و چۆنیەتی بەڕێوەبردینان بووە، کە ساڵی 2015 بەزمانی عەرەبی و بەناوی (هکذا تکلم سجن المحطه) چاپکراوە.
- کۆمەڵە شیعرێکی بە زمانی کوردی بەناوی (دڵ و خاک) لە 2012 دەرکردووە.
- کۆمەڵی شیعرێکی بە زمانی عەرەبی بۆ چاپ ئامادەیە.
- ساڵی 1983 چووەتە ریزی خەباتی نهێنیی کوردایەتی، دواتر بووەتە یەکێک لە سەرکردەکانی خۆپیشاندانی قوتابیان لە 1983 دژی رژێمی بەعسی شۆڤێنی و 3 جار گیراوە و بە تۆندی ئەشکەنجە دراوە.



جەلال زەنگابادی

- ناوی تەواوی (جەلال حوسێن محەمەد پالانی)یە.
- لە 1ی دیسەمبەری 1951لە دایک بووە.
شاعیر و وەرگێڕ و توێژەرە بە هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی، لە فارسی و ئینگلیزی و ئیسپانی و تورکییەوە وەردەگێڕێتە سەر هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی.
- لە 1967وە لە رۆژنامە و گۆڤارەکاندا بابەت بڵاودەکاتەوە.
- بە زمانی کوردی نیمچە یەکگرتوو دەنووسێت، چونکە لەو ئەدیبە کەمانەیە کە هەر پێنج شێوەزاری کوردی دەزانن.
- دوای تیرۆرکردنی باوکی لە کۆتایی 1960بەهۆی چالاکیی نیشتمانی، خۆی خۆی پێگەیاندووە و زۆر ئیشوکاری کردووە وەک کرێکاری خانوبەرە و لەناوبردنی مێش و مەگەز و کۆڵەبەری و فرۆشتنی کتێب.
- ڕاگوێزراوە و دوورخراوەتەوە و دوو خانووی لە سەردەمی بەعس دەستی بەسەردا گیراوە و تەقێندراوەتەوە.
- ساڵی 1969خانەی مامۆستایانی لە کەرکووک تەواو کردووە و لە 1971-1991مامۆستای سەرەتایی بووە.
- لە رۆژنامە و گۆڤارەکاندا نووسەر و سەرپەرشتیاری رۆشنبیری و زمانەوانی بووە، هەروەها لە هەرێمی کوردستانی عێراق، سکرتێر و بەڕێوەبەر و سەرنووسەری چەند گۆڤارێک بووە.
- بە سەدان دەقی ئەدەبی و توێژینەوە و کتێبی داندراو و وەرگێڕدراوی ئەدیبان و توێژەرانی کورد و عێراقی لەوانەش مامۆستایانی زانکۆدا چووەتەوە و پاکنووسی کردوون.
- بەشداریی دەستەی دامەزراندنی (کۆمەڵەی وەرگێڕانی کوردستان) ?(1992بزووتنەوەی میللی کوردستان (1996) مەڵبەندی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی کەرکووک (1998)هەردوو گۆڤاری نەوشەفەق و مندالانی بابا گرگر 2003لەکەرکووک) کردووە.
- تا ئێستا 21 کتێبی خۆی و چوار کتێب بەهاوبەشی لەگەڵ کەسانی دی و زیاتر لە 10 کتێبی داندراو و وەرگێڕان لە سەر لاپەڕەی گۆڤارەکان وەک کتێبی ژمارە و پێگەکانی ئینترنێت بڵاوکردۆتەوە.
- زیاتر لە 10کتێبی بۆ چاپ ئامادەیە.
- سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و فیستیڤاڵی گەلاوێژ لە 2005 رۆژنامەی بارزان لە 2011 یەکێتی نووسەرانی کورد-سوریا لە 2014 فیستڤاڵای دووەمی چیرۆکی کوردی- قامشلۆ لە 2015 وەزارەتی رۆشنبیری هەرێمی کوردستان لە 2017خەڵاتیان کردووە.



جەنگیز ئیتماتۆف لە جەمیلەوە تاکو کاتێک چیاکان دادەڕمێن



بۆتان جەلال

ساڵێک بەر لە مردنی ڕۆماننووسی گەورەی قیرغستانی (جەنگیز ئیتماتۆف) سەردانی مۆسکۆی کرد، بۆ ئەوەی لە ئاهەنگی چاپ و بڵاو کردنەوەی ڕۆمانەکەی (کاتێک چیاکان دادەڕمێن) کەوا لە قەڵەم دەدرێت دواین ڕۆمانی بووبێت لە ژیانیدا، بەشداری بکات، مەبەستی سەرەکی لەو سەردانەیدا سەرنجڕاکێشانی ڕەخنەگر و خوێنەر و ڕۆشنبیرانی ڕووسیا بوو سەبارەت بە ڕۆمانە تازەکەی، چونکی سالانێک ئیتماتۆف لە ڕووسیا ئەو بایەخەی جارانی نەمابوو، لە ئاهەنگەکەدا وتارێکی خوێندەوە، پەیوەندیی خۆی بە گەلانی یەکێتی سۆڤییەتی جاران دووپاتکردەوە و ڕۆڵی گرنگی کلتووری ڕووسی لە جیهاندا بەرز نرخاند و خۆیشی بە قوتابییەکی کلتوور و فەرهەنگی ڕووسیا هەژمار کرد و گوتی: تا ئەمڕۆش ئەو فەرهەنگە دەوڵەمەندە بەسەر هزر و وێژدانی هەموو نووسەر و شاعیرێکی وڵاتە پارچە پارچەکانی یەکێتی سۆڤییەت بە قیرغستانەوەش زاڵە، ئیتاتۆف هەستی بەوە دەکرد گەر بێت و ڕەخنە گرە ڕووسییەکان و خوێنەرە پان و بەرینەکەی جارانی لە پشت نەمێنێ.

ناتوانێت وەک کەڵە نووسەرێک ئەو جێگا شیاوەی خۆی بپارێزێت، بۆیە هەوڵی ڕاکێشانی سۆزی ڕووسییەکانی دەدا، ئەم هەست کردن بە فەرامۆشکردنەی کاتێک بۆ ڕوون بۆوە کە ڕۆمانی (کاسندرا)ی چاپکرد و وایدەزانی لە لایەن ڕەخنەگر و خوێنەرانی هەموو وڵاتە دراوسێیەکانیەوە دەخوێندرێتەوە و زۆری لەسەر دەنووسرێت، کەچی بە پێچەوانەوە، کەم خوێنرایەوە و زۆر کەمیشی لەسەر نووسرا، هۆکاری بنچینەیی فەرامۆشکردنەکە زیاتر بۆ ئەو خاڵە دەگەڕێتەوە کە جەنگیز ئیتماتۆف پاش سەرهەڵدانی پیریسترۆیکا و پارچە پارچە بوونی یەکێتی سۆڤییەت بەسەر چەند وڵاتێکی سەربەخۆ، خۆی لە هزر و فەلسەفەی ڕۆژئاوا (ئەوروپا) نزیک دەکردەوە، لە قاوغی ڕەسەنایەتی سۆڤییەتی دەرچوو بوو کە ئەدەب و کەسایەتی ڕووسییەکانی پێناسراوە، ئەوەش وایکرد دووچاری قەیرانی فەرامۆشکردن و پەراوێز خراوەیی ببێت.

ئیتماتۆف لەسەرەتای هاتنە ناو دنیای ئەدەب، وەک نووسەرێکی سەر بە ڕێبازی واقیعی ئیشتراکی سۆڤییەت بەسەر پاشان بەرەو واقیعی سیحری هەنگاوەکانی چوست کرد، خوێنەرانی بەرهەمەکانی، ئەم ڕاستیە باش دەزانن، چونکی گوتارەکانی جەنگیز ئیتماتۆف لە بەرهەمەکانیدا ڕەنگدانەوەی واقیعێکی ڕاستەوخۆی ناو کۆمەڵگاکەی بوو، هەمیشە دژی هێڵی سیاسەتی سیاسەتمەدارانی وڵاتەکەی کاری دەکرد، بەرگری لە ئازادی تاکە کەسی و پشتگیری لە مەزڵوم و مافخوراوان دەکرد، بەرامبەر دیکتاتۆر و دەسەڵاتدارە زاڵمەکان کۆششی دەکرد و بە نووسینەکانی خەڵکی لێ هاندەدان.

گرنگترین ڕۆمانەکانی ئەم ڕۆمانووسە بریتین لە (جەمیلە) و (شاخی سەگە بەڵەک) و (یەکەم مامۆستا) و (کەشتیە سپییەکە) و (کاسندرا) و هتد...

ئەم نووسەرە لە دواین ڕۆمانیدا (کاتێک چیاکان دادەڕمێن) بەرجەستەی کاریگەری جیهانگەرایی و ڕۆحی سەردەمی نوێ و تەکنەلۆژیا بەسەر ڕۆح و وێژدانی مرۆڤەکانی ئەمڕۆ دەکات، کە چۆن ئەمڕۆ هەموو شتێک بۆ فرۆشتنە، هەتا بە ڕۆح و وێژدانەکانیشەوە، کاراکتەری ئەم ڕۆمانەی (ئارسین ساماتش)ی ناوە، حەز لە کچە گۆزانییێژێکی ئۆپیرا دەکات، خۆشەویستییەکی پاکیزەیی و بێگەرد کۆیان دەکاتەوە، بەڵام لە هێکڕا کچەکە پەیوەندی لەگەڵ بەڕێوبەری شانۆ دەبەستێت، چونکی ئەو پیاوێکی دەوڵەمەند و خاوەن مولک و کەسایەتییەکی بەرچاوە، ئەو لێکدابڕانە بۆ ئارسین دەبێتە کارەسات، بۆ تۆڵە کردنەوەی خۆی دەچێتە ڕێزی گروپێکی تیرۆریستی و بەرامبەر بە (20) ملیۆن دۆلار دەست دەکات بە کوشتن وڕوفاندنی پیاوە سەرمایەدارە عەرەبەکانی کەنداو، بەم جۆرە ئارسینی پیاو چاکەکە دەبێتە مرۆڤێکی دڕندە.

شایانی باسە جەنگیز ئیتماتۆف لە ڕۆژی 12ی دیسەمبەری ساڵی (1928) لە ناوچەی (کیشلاتکی شیکیر) لە کۆماری قیرغستانی ئیشتراکی هاتۆتە باوەشی دنیا، ساڵی 1948 پەیمانگای تەکنیکی تەواو دەکات، ساڵی 1952دەست دەکات بە بڵاوکردنەوەی کورتە چیرۆکەکانی بە زمانی قیرغستانی تاکو ساڵی1956 ئینجا نووسینەکانی بە زمانی ڕووسی چاپ دەکرد.

ساڵی 1956دەچێتە پەیمانگای گۆرکی بۆ ئەدەب و لە ساڵی 1958لە گۆڤاری (ئۆکتۆبەر) کە گۆڤارێکی ئەدەبییە، کاردەکات، لە نێوان ساڵانی 1960-1980 دەبێتە ئەندامی ئەنجومەنی بڵاوی یەکێتی سۆڤیەت، پاشان دەبێتە بالۆێزی وڵاتەکەی لە بەلژیکا و هۆڵەندا و لکسنبۆرگ، لە ساڵی1962 خەڵاتی لینین بەدەستدێنێ، بەرهەمەکانی بۆ زیاتر لە (50) زمان وەرگێڕدراون، لە ڕۆژی 22ی یۆلیۆی ساڵی 2007لە تەمەنی 79ساڵی کۆچی دوایی دەکات.

یانەی خانزاد ئامادەیە پێشوازی لەو هەنگاوە بکات

یەکێک لەدیارترین شارەزای فێربوونی شەترەنجی قوتابخانەکانی جیهان ئامادەیی نیشاندەاوە سەردانی هەولێر بکات

لویز بلازکۆ: خۆشحاڵ دەبم ئەگەر چەندین کۆڕ و سیمینار بۆ شەترەنجزانانتان رێک بخەم



لویز بلازکز دیلاکروز



لویز بلازکز لە کۆنگرەی شەترەنجی لەندەن



د.دلزار حەمەسالح

راپۆرت: هاوار موردکەیی

شارەزا و ئەکادیمیاییەکی نیودەوڵەتی شەترەنجی ئیسپانی ئامادەیی نیشاندەاوە سەردانی هەولێر بکات و چەندین کۆڕ و سیمیناری تایبەت بە شەترەنج و فێربوونی ئەو یارییە لە شاری هەولێر پێشکەش بکات و لەهەمان کاتیش هیواخوازە هەرچی زانیاری تایبەت بەم بوارەی هەیە بیگەیەنێتە لایەنە پەیوەندارەکانی شەترەنجی کوردستان، ئەمە جیا لەوەش ئامادەیی نیشاندا کە بۆ فیستیڤاڵی شەترەنجی نێودەوڵەتی کوردستان سەردانی هەولێر بکات کە بڕیارە مانگی 12ی داهاتوو لە پایتەخت بەڕێوەبچێت.

کەسێکی چالاک و بەناوبانگ

لویز بلازکۆ دیلاکروز ناوبژیوانی نێودەوڵەتی IAو شارەزای فێربوونی وانەی شەترەنجە لە FIDEو ڕێکخەری نێودەوڵەتی و لەهەمان کاتیش محازری ئەوروپییە، بەردەوام سیمینار و کۆڕو کۆبوونەوەی یەکێتی شەترەنجی نێودەوڵەتی لە وڵاتە جیاجیاکانی جیهانی پێدەسپێردرێت، کەسێکی چالاک و بەناوبانگە نەوەک هەر لە ئیسپانیا و ئەوروپا ، بەڵکو لەجیهانیش ڕێزیکی تایبەتی لێدەگرن، بەرپرسی ئەکادیمیای شەترەنجی مەدریدیشە ، لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ لاپەڕەی وەرزشی ڕۆژنامەی خەبات ڕایگەیاند و گوتی: بەوپێیەی شارەزاییەکی تەواوم هەیە لە بواری ناوبژیوانی و ڕێکخستنی پاڵەوانێتییەکان، بەردەوام لێرەو لەوێ ئەو زانیارییانە لەڕێگای کۆڕ و سیمینارەوە پێشکەشی لایەنە پەیوەندارەکان دەکەم.

هاوکاری فستیڤاڵی کوردستان

ئەو ناوبژیوانە نیودەوڵەتییە LUIS دوای پێدانی زانیاری لەبارەی دەستپێکردنی خویندنی وانەی شەترەنج لە قوتابخانە و زانکۆکانی هەرێمی کوردستان گوتی: ئەمە هەواڵێکی خۆشە و دلم پێی خۆش دەبێت، زۆر حەزەکەم بێم لەهەولێر سیمینار و کۆڕی تایبەت بە فێربوونی شەترەنجی و ڕێکخستنی پاڵەوانێتییەکان ئەنجام بدەم و هەرکاتێک داوایەکی لەمشێوەیەم بۆ بێت، ئامادەم بەدەنگییەوە بچم، هەروەها ئامادەم بۆ فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی شەترەنجی کوردستان هاوکاریتان بکەم و ئامادەی ئەو فیستیڤاڵەش بم و لەئێستاوە خۆمی بۆ ئامادە دەکەم.

پێشوازی لەم هەوڵە

دوای ئەوەی لایەنە پەیوەندارەکانی شەترەنجی کوردستانم لەم هەوڵەی ئەو کەسایەتییە ئەکادیمییەی شەترنجی جیهانی ئاگادار کردەوە، د. دلزار حەمەسالح سەرۆکی یانەی شەترەنجی خانزاد ئامادەیی نیشاندا بۆ ئەم هەنگاوە گرنگە و گوتی: ئێمە پێشوازی لەهەر هەنگاوێک دەکەین کە بەیتە هۆی پێشخستنی ئاستی شەترەنج لە کوردستان، دیارە ئەو پێشنیارەی ئەو ئەکادیمییە و ڕێکخەرەی نیودەوڵەتی شەترەنجیش بەوەی ئامادەیی نیشانداوە سەردانی کوردستان بکات و کۆڕ و سیمینار ڕێک بخات، ئەمە بۆ ئێمە زۆر گرنگە، بەتایبەتیش کە ئێمە لەسەرەتای ئەو هەوڵەداین بۆ ئەوەی وانەی شەترەنج بەفەرمی لە قوتابخانە و پەیمانگاکانی کوردستان بخوێندرێت، لەم قوناغەشدا ئێم پێویستمان بەکەسانی لەمشیوەیە هەیە بۆ ئەوەی هاوکارمان بن لەسەر خستنی ئەم هەنگاوە گرنگە ، دیارە ئەو بەڕێزەش بەهۆی پێگە و کەسایەتی لەنێو شەترەنجی جیهانیدا کە ئامادەیی نیشانداوە هاوکاریمان بکات ئەمە خۆی لەخۆیدا هەنگاوێکی باش دەبێت و ئێمە ئامادەین پێشوازی لەم هەنگاوەدا بکەین.

کاری ئێستای

جێی باسە حاڵی حازر لویز بلازکۆ دیلاکروز لە کۆنگرەی شەترەنجی لەندەن پڕۆژەیەک بەناوی ADHA پێشکەش دەکات، کە لەساڵی 2015 خەڵاتی باشترین پڕۆژەی پێبەخشرا، ناوەڕۆکی ئەم پڕۆژەیە بریتییە لە ڕاپۆرتێک باس لەوە دەکات کە شەترەنج بەشێکە لە چارەسەری بۆ ئەوانەی تووشی نەخۆشی کەمجولەیی و کەمیی ئاگایی و سەرنجیان هەیە ، لەو پڕۆژەیەدا سەلێندراوە کە شەترەنج وەک چارەسەرێک دەتوانرێت سوودی لیوەرگیرێت.



کچانی ریال مەدرید لێدانێکی کوشندەیان بەرکەوت

تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت دۆڕانەکەی کچانی یانەی ریال مەدرید بەرامبەر کچانی یانەی بەرشلۆنە دەنگۆ و هەرایەکی زۆری ناوەتەوە و بە ڕووداوێکی گرنگی ناودەبەن، کاتێک لەدەستپێکی لالیگای کچانی ئیسپانیا ، یانەی بەرشلۆنە بە ئەنجامی 9-1گۆڵ لە یانەی ریال مەردیدی بردەوە.

ئەگەرچی یانەی ریال مەدرید لە وەرزی ئەمساڵدا 4یاریزانی بردۆتە ریزەکانی کچانی تیپەکەی، بەڵام لەدەستپێکدا دووچاری دۆڕانێکی گەورە بوون، دۆڕانێک کە بەئاسایی نانابردرێت، چونکە ڕکابەرە سەرسەختەکەی بەجیاوازییەکی زۆری گۆڵ لێی بردنەوە.



ڕاهێنەری باسکەی پۆڵەندا شانازی بە ئاستی یاریزانەکانی دەکات

مایک تایلۆری ڕاهێنەری هەڵبژاردەی باسکەی پۆلەندا ئاشکرای کرد کە ئەو شانازی بە ئاستی هەڵبژاردەکەیەوە دەکات کە بەرامبەر هەڵبژاردەی ئیسپانیا ئەنجامیاندا و دواجار 90-78خاڵ دۆڕا، کە لەمیانی یارییەکانی پێش کۆتایی پاڵەوانێتی باسکەی جیهانی بەیەک گەیشتن.

تایلۆر دەڵێت: شانازی بەو ئاستە دەکەم کە لە پاڵەوانێتی جیهانی پێشکەشمان کرد، هەڵبژاردەی وڵاتەکەم زۆر خۆش دەوێت، بۆ ئەوە بەشداریمان کرد کە خەونەکەمان بەدی بهێنین، زۆر بەجدییەوە یاریکان کرد، و باشترین ئاستمان پێشکەش کرد، بەڵام بەخت یاوەرمان نەبوو و هیوادارین لە ئایندەدا بەخەونەکانمان بگەین.



www.xebat.net
خەبات پێنج شەممە 2019/9/12 ژمارە (5826)
بۆ پەیوەندیکردن بە لاپەڕەی وەرزش: 07504475407 – Email: hawarmurtkaee@yahoo.com



لەخولی نایابی تازەپێگەیشتووانی کوردستاندا:

هەولێر بەئەنجامێکی گەورە لە ئاراراتی بردەوە و زاخۆش رکابەری پلەکانی پێشەوە دەکات

ئا:سەرهەنگ نەجمەدین

رۆژی 9/9لەیەکەمین یارییدا یانەی ئارارات میوانداری لەیانەی هەولێر کرد، یارییەکە لەپەرژەوەندی تیپی میوان کۆتایی هات، دوای ئەوەی قەلای زەرد توانی بەئەنجامی 6-1گۆڵ لەئارارات بباتەوە و پێشەنگی خولەکەی بۆ ئەم هەفتەیەش قایمترکرد، لەبەرانبەردا ئارارات ئەم وەرزە لەخراپترین ئاستدا دەبیندرێت، ئارارات بەکۆکردنەوەی 11خاڵ لەپلەی دواهەمینداید ، هەولێریش بەکۆکردنەوەی 26خاڵ بەشایستەیی پلەی یەکەمی ڕێزبەندی خولەکەی گرتووە.

لەلایەکی دیکەوە لەیاریگای زانکۆی جیهان، هەردوو تیپی زانکۆی جیهان و برایەتی ڕووبەڕووی یەکتربوونەوە، برایەتی توانی لەم یارییەکە بەئەنجامی 3-1گۆڵ لەزانکۆی جیهان بباتەوە و 3خاڵی گرینگی یارییەکەی مسۆگەر کرد، بەم ئەنجامە یانەی برایەتی بەکۆکردنەوەی 17خاڵ لە پلەی شەشەمدا جێگیر بووە، هەروەها لەشاری سلێمانی هەردوو تیپی پێشمەرگەی سلێمانی و ئاشتی بەیەکگەیشتن، پێشمەرگەی سلێمانی بەئاست و بەئەنجام توانی لەئاشتی بباتەوە، دوای ئەوەی بەئەنجامی 2-1گۆڵ سەرکەوتنی بەسەر ئەو یانە تۆمار کرد و 3 خاڵی گرینگی لەسەر دەستی ئەو یانە مسۆگەر کرد.

ئەنجامی یارییەکانی دیکە بەمشێوە بوو:

ڕزگاری *2پێشمەرگەی هەولێر 1

سیروانی نوێ *4جیهان 1

زاخۆ *3دهۆک 0

ڕێزبەندی گەڕی دوازدەمینی خولەکە لەپلەی یەکەم تا پلەی سییەم بەمشێوەیە دەبێت:

1-هەولێر 26خاڵ

2- زاخۆ 24خاڵ

3- پ. سلێمانی 24خاڵ.

لویز: ئارسینالّ دەتوانێت نازناوەکان ببات‌ەوە



داڤید لویز، بەرگریکاری بەرازیلی یانەی ئارسینالّی ئینگلیزی، کە ئەم هاوینە لە چێلّسییەوە ڕووی کردووەتە ریزی تۆپهاوێژەکان، پێی وایە، تیپە تازەکەی دەتوانێت بدرەوشێتەوە، دەشیەوێت یارمەتی یانە تازەکەی بدات، لەسەر بەدەستهێنانی نازناوەکان بجەنگێت. لویزی تەمەن 32 سالان، کە پێشتر لەگەلّ چێلّسی، خولی ئینگلیزی و یانە پاڵەوانەکانی بەدەستهێناوە، پێی وایە، ئارسینالّ ئەم وەرزە دەتوانێت رکابەری لەسەر هەموو نازناوەکان بکات. لویز لێدوانی بۆ تۆڕی سکای سپۆرت دا و وتی:"ئەو یانەیە توانای هەیە وەکو پێشان بدرەوشێتەوە، لەبەر ئەوەی چەندین یاریزانی بەهرەمەند و لێهاتوومان هەیە".

وتیشی:"هاتوومەتە ئێرە و ئاواتم ئەوەیە، لەسەر بەدەستهێنانی نازناوی پرێمیەرلیگ و هەموو نازناوەکانی دیکە بجەنگین. هەروەها وتی: هەوڵ دەدەم، هەموو تواناکانم بخەمە گەڕ، بۆ ئەوەی یارمەتی هەمووان بدەم، چونکە پێم وایە، یانەکە دەتوانێت زۆر شت بەدەست بێنێت، لەبەر ئەو توانایانەی کە هەیەتی. ڕوونیشی کردەوە:"بەردەوام کۆتاییەکان هەموو شتێکی پەیوەست بە تۆپی پێ پوخت دەکەنەوە، نەوەکو سەرەتاکان، بۆیە ناچارین تاکو کۆتایی بجەنگین".

ڕەمزی میرەکانی

لەجێگیربوونی تەندروستی شوماخەر دڵنیایان دەکاتەوە

هاوسەری شوماخەری فۆرمۆلا یەک، هەوادار و دۆستانی ئەم پاڵەوانە لە جێگیربوونی تەندروستیی ئاگاداریان دەکاتەزە.

ڕۆژنامەی لۆپاریزیانی فەرەنسی ڕوونی کردەوە کە مایکل شوماخەر پاڵەوانی پێشبرکێی جیهانی فۆرمۆلا- ?1گەیەندرایە نەخۆشخانەیەکی پاریسی پایتەختی فەرەنسا و لەوێ بەشێوەیەکی نهێنی چارەسەری بۆ ئەنجام دەدرێت. ڕۆژنامەکە زیاتر ئاماژە بۆ ئەم ڕووداوە دەکات و دەڵێت: شوماخەر بە ئەمبۆلانسێکی هەڵگری ژمارە سوبسری گواستراوەتە نەخۆشخانەی حۆرح بزمبیدۆ و لەوێش لە بەشی چاودێری چڕی دڵ بەشێوەیەکی نهێنی و ناهێلن هیچ کەسێکیش سەردانی بکات و پاسەوانییەکی تایبەتی نەخۆشخانەکە دەکرێت.

گرانترین چوارەم یاریزان جیهان مقۆ مقۆیەک لە شەقامی وەرزشی دروست دەکات


ئایا فلیکس دەبێتە شوێنگرەوەی ڕۆنالدۆ؟

خواو فلیکسی پورتوگالی کە چوارەم بەنرختترین یاریزانە لە جیهانی تۆپ پێ، و گرانترین بۆندی ئەتلەتیکۆ مەدریدە لەمێژوودا، کە بە 142ملیۆن دۆلار گرێبەستی لەگەڵ ئەنجامداوە، ئەم یاریزانە بۆتە جێی مقۆ مقۆی شەفامی وەرزشی و میدیاکان و چەندین پرسیاری لە دەوری خۆیدا کۆکردۆتەوە، لەوانە ئایا ئەو یاریزانە تەمەن 19ساڵە ئەو پارەیە دەهێنیت کە ئەتلەتیکۆ پێیداوە؟ ئایا ئەو دەبێتە شوێنگرەوەی ڕۆنالدۆ لە داهاتوویەکی نزیکدا، ئەمە لەکاتێکدا فلیکس وەک ڕۆنالدۆ خێرا نییە لەناو یاریگادا؟ بۆچی یانە گەورەکانی ئەوروپا صاویان بریوەتی؟

خواو فلیکس یاریزانێکی ناوەڕاستی هێرشبەرە، هەروەها وەک هێرشبەریش لەلای ڕاستەی یاریگادا دەتوانێت یاری بکات، ئەو ئەلقەیەکە لەنێوان هێلی بەرگری و هێلی هێرشبردندا، زۆر زیرەکە لە دروستکردنی دەرفەتی گۆڵ، هەروەها توانایەکی باشیشی هەیە لە کۆنترۆڵکردنی توێی لەناو یاریگا و پاشان گواستنەوەی بەسەرکەوتوویی، ئەمە جگە لەوەی شارەزاییەکی بێ هاوتاشی هەیە لە لێدانی دوور بۆ سەر گۆڵ، لە وەرزی ڕابردوودا لەریزی یانەی بەنفیکادا توانی 23 گۆڵ تۆمار بکات و 11دەرفەتی گۆڵیش بەرخس ێنێت، بەم دواییەش بووە بچوکترین یاریزانی ئەوروپی کە هاتریک لە تۆڕی ئینتراخت فرانکفۆرت تۆمار بکات.

ئەو یاریزانە لەڕێگای ئەکادیمیای پۆرتۆوە هاتە نیو جیهانی تۆپی پێوە، کاتێک تەمەنی تەنها 7ساڵان بوو، ڕۆژانە 241کیلۆمەتر بەپێ دەڕۆیشت، لەتەمەنی 13ساڵیشدا ویستی ئەو ئەکادیمیایە جێبهێڵێت، بەڵام دواجار لە بریارەکەی پەشیمان بۆوە، تا ئەوکاتەی چووە یانەی بەنفیکا، ئێستاش ئەو یاریزانە لاوە کە لەریزی ئەتلەتیکۆیە و ئەو بایەخەی پێدراوە، چاوەڕوانی داهاتوویەکی گەشی لێدەکرێت و بەدوور نازانرێت ببێتە شوینگرەوەی ڕۆنالدۆی پورتوگالی و هەمان ناوبانگی دروست بکات.

با هەوادارانی وەرزشی بە پۆلیسی شارستانی ئاشت بکەینەوە



ژیلا تەیفور

هەوادارانی وەرزشی بۆ گۆڕینی کەشێک ، ئاسودەیی دەرونی یان چێژ وەرگرتن بە شێوازی تیم و گروپ ، یاخود کۆمەڵێک هاوڕێ دەچنە یاریگابەسەر بردنی کاتێکی خۆش ڕوو لە یاریگاکان دەکەن، بەڵام نەبوونی پۆلیسی شارستانی وەرزشی لە یاریگاکان هۆکارێکە بۆ دڕووست بوونی گرفت و نائارامی لە یاریگاکان.

لەوڵاتان پۆلیسی شارستانی لەهەموو یاریگاکان بۆ ڕیگەگرتن لە ئاژاوەگێڕی بوونی هەیە بە (پۆلیسی شارستانی یاریگاکان ناودەبرێن) ، کە پۆلیسی یاریگاکان بە لەبەر کردنی ئێلەگی زەردو پانتۆڵی ڕەش لە زۆربەی وڵاتان لە هانداران جیادەکرێنەوە.

پێویستە ئەمانە شارەزایی تەواوییان دەربارەی یارییەکە و یاساو شێواز و ڕێنماییەکانی یارییەکە هەبێت، تاکو لەکاتی هەڵچوون و ئاژاوە و گرفت بەپێی زانیاری و توانای خۆی بە ئارامی بۆ هەواداراەکەی شیبکاتەوەو هێوری بکاتەوە تا دێتەوە دۆخی ئاسایی خۆی.

پۆلیسی شارستانی یاریگاکان لەکاتی چاودێریکردنی هەوادارانی یارییە وەرزشییەکان لە یارییەکاندا نابێت وەستا بێت و سەیری یارییە بکات، بەڵکو پێویستە ڕووی لە هەواداراەکان بێت تاوەکو بە چاوی خۆی ڕووداوە نەخوازراوەکانی ناو هەواداراەکان ببینێت و بیان پارێزێت لە بلاوە پێکردنی شەڕو ئاژاوە.

لەوڵاتان پۆلیسی شارستانی لەهەموو یاریگاکان بۆ ریگەگرتن لە ئاژاوەگێری، گێچەڵ کردن، دەمەمەقاڵێ و قسە، بینینی ڕووداوی نامۆ و جێی گومان، بێزارکرردن و تورەکردنی هەواداان ، ئازاردانی هەستی یا جەستە ...هتد چەندان جۆر گرفتی هەواداارانی ناو یاریگاکان لەڕێگەی (پۆلیسی شارستانی یاریگاکان) دەپارێزرێن.

پۆلیسی شارستانی یاریگاکان پێویستە ئارام و لەسەر خۆبێت و لە کاتی ڕوونکردنەوەی ڕێنماییەکان و شیکردنەوەی زانییارییەکان، یاخود لەکاتی هێورد کردنەوەی دۆخی ئاژاوەگێری، نابێ هەڵچوونی پێوەدیاربێت، پێویستە هێمن بێت و بەسەرخۆیدا زاڵ بێت، لەوانەیە زۆر جار لێدانی بەربکەوێت یا شتێک هەر بۆیە پۆلیس نابێت لە یاریگاکان کاردانەوەیان بەرامبەر جەماوەر هەبێت.

لە یاریگاکانی کوردستان چەندین شەڕو ئاژاوە ڕوێداوە، بەڵام بەهۆکاری نەبوونی پۆلیسی شارستانی لە یارییە وەرزشییەکان، زۆر جار بریندار سەخت بوونی هەبوو و هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کەوا هەوادارانی وەرزشی وەکو پێویست لە یاریگاکان ئامادەنەبن بەهۆی مامەڵە و دۆخی خراپی یاریگاکانی کوردستان ، کچانی هەواداریش پشکی شێری قوربانییان بەرکەوتوە بەهۆکاری بەرکەوتنی توانج و قسەی نەشیاو و وێنەگرتنیان، داوا کردنی ژمارە و ناونیشان لەلایەن بەشێک لە هاندەرە کوڕەکانەوە، بەتایبەت لەم سالانە یاریگاکان تەنیا بۆ وەرزش و یاری کردن بەکار ناهێنرێن بەڵکو چەندان بۆنەو ڤیستڤاڵی جیاوازی وەرزشی ، کلتوری ، هونەری ، ئاهەنگی دەرچونی کۆلیژ، لە یاریگا وەرزشییەکان بەڕێوەدەچن کە تێدا هەزاران بەشدار بوو تێدا ئامادە دەبن کە پێویستی بە چەند چاودێرێک هەیە تاکو کۆنترۆڵی یاریگا بکات و هاوسەنگی بپارێزێت ئەمەش تەنها لەڕێگەی پۆلیسی شارستانی وەرزشی بەدەست دێت، با دەسپێکی خزمەت و دابین کردن پێداویستیە وەرزشییەکان بە ئارامکردنەوەی یاریگا بەخشینەوەی خۆشەویستی بێت وەکو دانانی پۆلیسی شارستانی وەرزشی لە یاریگاکانی کوردستان.

بەرشلۆنە لە دوو هەفتەی گرنگدا

دوو هەفتەی گرنگ چاوەڕوانی عاشقانی یانەی بەرشلۆنە دەکات، دوو هەفتەی جیاواز لە هەفتەکانی تر، لەو ماوەدا 5یاری گرنگ و ڕووداوێک بەرشلۆنە لە پێشبرکێیەکانی کیشەوری و ناوەخۆوە سەرقال دەکات، گرنگترینیان ئەگەری وەرگرتنی خەڵاتی باشترین یاریزان بۆ مێسی، خشتەی ئەو دوو هەفتەیەش بەمشیوەیە گرنگە بۆ بەرشلۆنە:

14- 9بەرشلۆنە- ڤالانسا

17- 9بروسیا دۆرتمۆند- بەرشلۆنە

21- 9غەرناتە- بەرشلۆنە

23- 9مێسی رکابەری خەڵاتی باشترین دەکات

28- 9خیتافی- بەرشلۆنە

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Thu, 12. Sep. 2019 No: (5826)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر





بەرگی ڕۆمانەکەی ڕۆماننووس مستەفا فەتحی


لە هەموو بۆنەیەکی نیشتمانی بەرهەمێکی نوێ دەخاتە سەر خەرمانەی بەرهەمەکانی دیکەی خۆی

کامەران عەبدوڵڕەحمان سروودی (دڵنیابە بارزانی) بۆ شۆڕشی ئەیلوول بڵاودەکاتەوە



بەرهەم شێخ عزەدین

کامەران عەبدوڵڕەحمان، وەک سروود بێژێک بەوە ناسراوە کە لە هەموو بۆنەیەکی نیشتیمانی و حیزبیدا بەرهەمێکی نوێ دەخاتە سەر خەرمانەی بەرهەمەکانی دیکەی خۆی، ئەمجارەش سروودی (دڵنیابە بارزانی) بە دەنگێکی پڕ لە جۆش و خرۆش دەچڕی و هەوادارانی خۆی شاد دەکاتەوە. شایەنی ئاماژە بۆ کردنە سروودی (دڵنیابە بارزانی) لە هۆنراوەو ئاوازو گوتنی. کامەران عە بدوڵڕەحمان خۆیەتی و ئامادەو دابەشکردنی مۆسیقا. ئەحمەد چاوشینە و لە ستۆدیۆی دەنگ تۆمار کراوە و لە مۆنتاژی (پەریا ئە خلاقی)ە.



ئازا حەسیب قەرەداخی

لە سلێمانی شیعر دەخوێنێتەوە

خەبات: حەمە ئەحمەدجاف

کاتژمێر 4ی سەر ئێوارەی پێنجشەممە 2019/9/12 لقی سلێمانی یەکێتیی نووسەرنی کورد ئێوارە کۆڕێکی شیعر خوێندنەوە بە ناونیشانی (پاییز دەستی کۆچم دەگرێ) بۆ (ئازا حەسیب قەرەداخی) لە هۆڵی نووسەرانی شار سازدەکات.



لاوێک کێشەی گەنجانی کورد بەزمانی ئینگلیزی بەکۆمەڵگەی بیانی دەناسێنێت

ڕۆماننووس مستەفا فەتحی: هەوڵی جیدی دەدەم تاوەکو خەڵاتێکی ئەدەبی جیهانی وەربگرم



دیمانە: سابیر حوسێن

(The Blue Diamond A Novella) ئەمە ناونیشانی ئەو ڕۆمانەیە، کە کوردێک بە زمانی ئینگلیزی بڵاوی کردۆتەوە، ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە باس لە دیاردە کۆمەڵایەتیە کوردییەکان دەکات و نووسەر هەوڵی داوە هارمۆنیایەکی کۆمەڵگەی کوردی و کۆمەڵگەی ڕۆژئاوایی وەک فانتازیا بخاتە ڕوو، تێدا باس لەبەسەرهاتی گەنجێکی کورد دەکات، کە لە دەروبەری هەولێر ژیان دەگوزەرێنێت و دایک و باوکی نەماوەو ژیانێکی پڕ لە زەحمەت و چەرمەسەری بەڕێ دەکات. بۆ ئەم مەبەستە ڕۆژنامەی خەبات لەگەل نووسەری ڕۆمانەکە ئەم گفتوگۆیەی ئالوگۆڕکرد.

سەرەتا مستەفا فەتحی محەمەد عەلی ناسراو بە(مستەفا المدرس) کە نووسەری ڕۆمانەکەیە دەربارەی سی قی خۆی گوتی: لەبنەماڵەیەکی کوردپەروەر چاوم بە دنیا هەڵهێناوەو باوکم ڕاوێژکارە لە حکومەت و باپیرم (مەلا عەلی) هاوڵی بارزانی نەمر بووە و دامەزرێنەرو یەکەم سەرۆکی یەکێتی زانایانی کوردستان بووە. دەربارەی خوێندنی دەڵێ: خوێندنی سەرەتایم لە هەندەران تەواو کردوە و ئیستا هەڵگری بڕوانامەی ماستەرم لە ئەدەبیاتی ئینگلیزی.

دەربارەی هۆکاری نوسینی ئەم ڕۆمانە بە زمانی ئینگلیزی دووپاتیکردەوە کەوا لەو ڕوانگەیەوە زمانی ئینگلیزی هەڵبژاردوە، تاکو هەوڵی بە نیودەوڵەتی و ناساندنی گەلی کورد بدات لە جیهانی ئەدەبیات،ڕۆمانەکەش لە کتێبخانەکانی کوردستان و ماڵپەڕی ئامازۆن بەردەستە.

دەربارەی پێشوازی خوێنەرانیش مستەفا دەڵێ: لە دوو پێشانگای پێشووی کتێب، ڕۆمانەکەم یەکێک بووە لە پڕ فرۆشترین ڕۆمانەکان، تەنها لە دوای بڵاوکردنەوەی ڕۆمانەکە ٥٠٠ دانەی لێ فرۆشرا. لەناو تۆڕی گەنجانیش پێشوازیەکی گەرمی لێکراو وێنەی زۆری لەبارەوە بڵاو کرایەوە لە تۆڕە کۆمەڵەلاتیەکان.

دەربارەی ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە، کە باس لەکێشەی لاوێکی کورد دەکات، نووسەر دەڵێت: ئەو کێشانەی لەناوەڕۆکی ڕۆمانەکە باس کراون سوودی بۆ لاوانی خۆمان دەبێت، جەخت لەسەر نیشاندانی هەڵەی هەڵبژاردنی هاوڕێ خراپ کراوەتەوە، ئەو هاوڕێیانەی لە ڕێگەی پارەو خۆشەویستیەوە ڕووبەڕوومان دەبنەوە، ئەوەش دووپاتکراوەتەوە، کە هاوڕێ مادی تاکۆتایی نامێنێت، بەڵکو هاوڕێیەتی بەبەرژەوەندی سەر ناگرێ، بەڵام هاوڕێیەتیەک لەسەر بنەمای خۆشەویستی بێت، تاسەر دەمێنێتەوە .

دەربارەی کەمی خوێنەران لەناو تۆڕی گەنجان، نووسەر دەڵێت: بەرای خۆم گلەیی هەیە لەبارەی کەمی خوێنەرەوە، بەڵام ئەوەی من بینیم و پێشبینی بۆ دەکەم ئەوەیە، کە خوێنەر تۆزاون و دەکرێ بە بەرهەمی باش بگەڕێنەوەو ئاشت بکرێنەوە. لە کوردستانیش خەریکە خوێنەری زمانی ئینگلیزی زوو لە زیادبوون دەکات، بەڵام ئەوە ئینکار ناکرێ کە لەچاو خوێنەرانی گەنجی ئەوروپی زۆر کەمن. مستەفا فەتحی محەمەد زیاتر گوتی: بۆ ئایندە بیرم لەوە کردۆتەوە، کە بەرهەمی زیاتر بە زمانی ئینگلیزی بنووسم و ئێستاکە خەریکی ڕۆمانی دووەمم، کە بەهەناسەیەکی جیاوازتر و باشتر دەینوسمەوە، هەوڵی جیدیش دەدەم تاوەکو خەلاتێکی ئەدەبی جیهانی وەربگرم.

کەژاڵ ئەحمەد بەزمانی بالّندەش شیعر دەڵێ



خەبات: حەمە ئەحمەد جاف

لەچوارچێوەی کارو چالاکییە ڕۆشنبیریی و ئەدەبییەکانیدا , سەنتەری ڕۆشنبیری ئالا ,کاتژمێر ٥:٣٠ ئێوارەی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٩/١٤ ئێوارە کۆڕێکی شیعریی بەناونیشانی (زمانی بالّندەم دەزانی) بۆ خاتونی شاعیر (کەژاڵ ئەحمەد) لە شاری هەولێری پایتەخت ساز دەکات ..خاتوکەژاڵ ئەحمەد لە وتەیەکدا بۆ ڕۆژنامەی {خەبات} گوتی :وێڕای سوپاسم بۆ ئێوە و سەنتەری ئالا، لەو کۆڕە شیعریەمدا چەند دەقێکی شیعری نوێ دەخوێنمەوەو تازەترین بەرهەمی شیعریشم بەناونیشانی { زمانی بالّندەم دەزانی } بە واژۆی خۆم دەیکەمە دیاری بۆئامادەبوانی ئازیزی کۆڕەکەم، شایانی باسە هەردوو برای هونەرمەند کاکە ڕێباز بە ئامێری کلارنێت و کاکە زەکەریا بە ئامێری عود بەشداریان لەگەڵدا دەکەن..

*** شوێن : سەنتەری ئالا- شەقامی ٣٠ ی مەتری تەنیشت سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر.**



ئامێری مۆزیکی (Bagpipes)

ڕێبوار هەورامی: ئەم ئامێرە لە پێستی ئاژەڵ دروست کراوەو شێوەیەکی سندوقی هەیە ، چەند قامیشێکی درێژی یەکسان لە شێوەی بزمار وەک شمشاڵ لە سندوقەکە دراون.. لە بنەڕەتدا ئوسکۆتلەندییە، مێژوونوسان دەڵێن ئەم ئامێرە زیاتر لە 3هەزار ساڵ بەرلە ئێستا دروست بووە.. بە شێوەیەکی فراوان لە ولاتانی ئەوروپا و باکووری ئەفریقیا و ئاسیادا بڵاو بووەتەوە.. لەم دواییشانەشدا گەیشتۆتەوە ولاتانی کەندای و تورکیا و قەوقاز و بەلکان ، لە هەردوو هەرێمی خوزستان و لورستانی ئێران ئەم ئامێرە زۆر بەکار دەهێنرێن پێی دەڵێن (نی انبان) .. ولاتانی کەندای عارەبیش پێی دەڵێن (هبان)، بەگشتی ئاوازە حەزین و سونەتیەکان بەم ئامێرە دەژەندرێن و سۆزێکی تایبەتی هەیە ..